# كوردیزم

# کوردیزم

بێهزاد خۆشحالی

وەرگێڕان:
ئەفراسیاب گرامی

بەرایی

نەتەوەیەك كە پەیڤێكی بۆ وتن هەیە یان دەیهەوێ خاوەنی رۆڵێك لە كۆمەڵگای جیهانیدا بێ، دەبێ بتوانێ توانایی مرۆیی خۆی بەرزكاتەوە. لەوەی ڕا كە پێشكەوتن لە بەراورد لەگەڵ نەتەوەكانی دیكەدا كردەیەكی "فەرمانی(جەبری)یە"، یان دەبێ بەدەستی بهێنێت یان دەبێ لە مەیدان بچیتە دەرەوە.

نەتەوەی كورد ئەگەر ئەمجارەش لە كرۆكی هزرو پێكهاتە كۆنو كۆنكەوتەكانی خۆیدا نوقم بێ، نەتەنیا بە زوویی لە دەفتەریی رۆژگاردا دوور دەكرێتەوە، بەڵكوو لە دنیایی داهاتووشدا تەنیا كۆخنشینییەكی بێبەهای پێ دەبڕدرێت.

بۆ نەتەوەیەك كە رەوشە درێژخایەنە سیاسیو نیزامییەكانی، بەربەستی گەیشتن بە شوناسی ناسراوی نەتەوایەتی بووەو ساڵانێك بەرگری لە بەرانبەر هێزە فەشەڵهێنەرەكاندا، بێ دەسكەوت لە قەڵەم دراوە، وەڵانانی گوشار لە رێگە لۆژیكییەكانەوە، دووربینی گۆڕانی جیهانو ئێستراتێژی داهاتووی لە بەرانبەردا تەیارتر لە هەمیشە كردووە. ئەورۆكە چییەتی(ماهیت) ململانێی لە مێژینەی نەتەوەكان لەسەر بنەمای تەیاركردنی هێزە جیهانییەكان بە قبوڵكردنی نەتەوەكان بە واتای راستەقینەی نەتەوە، رێكخراوەو ئێستا جێگایە كە لە رۆڵی باسكەكان

کـەم بۆتـەوەو رۆڵـی مێشـکەکان پتـر بـووە. بـەم هۆیـەوە لـە دەیـەکانی رابـردوودا شـایەتی گۆڕانگاریگـەلێکی بـەرین لـە سـنوورەکاندا بـوین. روانگـەی گۆڕانکارییـەکانی داهـاتووی جیهـان، راوێـژ، هـزر، توێژینـەوە، هـەوڵو تەقـەلا، راهێنـانو نەتـەوەخوازی ئیـدی نـە شـۆڤێنیزمە کـە بـاوەڕی بـە چییـەتی نەتەوەکان لە سەر بنەمای لۆژیکیو نە زۆرەملێ.

باسـمان لـە راوێـژ، هـزر، توێژینـەوە، راهێنـان، هـەوڵو تەقـەلا کـرد، گۆڕەپانێکـە کـە رمێنگـە(جولانگاه)ی هزرڤانـانو زۆر بـاڵی بـەهێزی فـڕین لـە گۆڕەپـانی هزردایـە. لێرەدایـە کـە ژێرخـانی مرۆڤایـەتی لەسـەر بنـەمای "ژێرخـانی هزرڤەندی(زیرسـاخت اندیشـەورزی)"، هانـە(انگیزە)ی تینویەتییـە سـاڕێژ نـەبووەکانی بـاڵای نەتەوەیەکـە کـە بـە نادادپەروەریی لێکدابڕاوە، دادەمرکێنێ.

"نادادپـەروەری کـۆن" چـۆن دەتـوانێ بـە "مـافی خاوەنـدارێتی" بگـۆڕدرێ؟ لەوانەیـە تـەنیا رێگەیـەك مـابێ، یـان دەبـێ نـوقم بـینو یـان بـە رۆچـوون بـۆ هـەناوی ئـاوە نامۆکـان، خـەریکی گـەڕان بـەدوای داهاتوویيـەکی روون بین، رێگەیەکی سێهەم بوونی نیە.

"ژێرخـانی هزرڤەندی(زیرسـاخت اندیشـەورزی)"، شـامۆرەی پێناسـەکردنی شـوناس، مـافی خاوەنـدارێتیو لەبـەرگرتنـی رێگـەی داهاتوویيـەکی رووناکـە. ژێرخانێـك کـە بـە راوێـژ، هـزر، توێژینـەوە، راهێنـان، هـەوڵو تەقـەلا، بنەڕەتی هەنووکە دادەڕێژێ تا داهاتووی بنیات بنێ.

***

لەبـەرایی مەسـەلەی دابەشـبوونی نیشـتمانی کوردسـتان لـە سـاڵی 1639دا کـە بـووە هـۆی دوپارچـەبوونی ئـەم نیشـتمانە

لەگــەڵ چەمكگــەلێكی نەناســراوو نــامۆی وەك "كوردســتانی عوسـمانی"و "كوردسـتانی سـەفەوی"دا تـا سـاڵەكانی 1921و 1922 كـــە ئـــەمجارە لەگـــەڵ دەســـتەواژەگەلێك وەك "كوردســتانی ئێــران"، "كوردســتانی توركیــە"، كوردســتانی عێـراق"و "كوردسـتانی سـوریە"دا، شوناسـێكی پتـری بەسـەر ئـەم نەتەوەیـەدا سـەپاند. "جیهـانبینی كـوردی بـە تێڕامـانێكی بـانسـنووری(فرامرزی)" نەتـەنیا پـێش نەكـەوتووە بـەڵكوو بـەرەو هـیچ سـووچو قـوژبنێكیش هـەنگاوی هـەڵنـەگرتووە. جۆرێـك تێڕامــانی بازنــەیی هــەمووكات ئێمــەی هێناوەتــەوە ســەرەتای دەســتپێكردنەوە، نــەبوونی رێكــارە روونــەكان، سـوورنەبوون لــە پێناســەكردنی روونــی چەمكــەكان لــە روی پێكهاتەییـــــەوە، نێوەڕۆك(موچـــــوون)و رەوگە(مســــیر)، ناكارامــەیی لـــە دیــاریكرنی چارەنووســـی دامــەزراوەكان، دڕدۆنگ(تردیــدی)و لەرزۆكییــەكان، گرینگـــینــەدان بـــە پێوەنــدیی هــۆو بــەرهۆكان(علتو معلــول)و بــەریان(گرایش) بـــەرەو هـــزرە دراماتیكییـــەكان، نـــەبوونی پێوانـــەی بایەخدانەرییــەكان، بزاوتــە بەرینــەكانی بازنــەییو ... لـــە گرینگتــرین تایبەتمەندییــەكانی ئــەم دەورانــە مەترســیدارە بـووە. گرینگتـرین ئاكامـەكانی ئـەم دۆخـە، نـەبوونی خـاڵی چڕبەسـتنی(تمركز) تـەوەری بـووە كـە لـەودا، نەتەوەیـەك بـە تـەواوی فاكتـەرەكانی نەتـەوەیی بـوون، هـیچكـات نـەیتوانیووە بـە قـورسو قـایمی وەڵامـدەری پرسـیارەكانی بـەردەمی بـێ، لـە دەرفەتــە دیاریكراوەكانــدا بڕیارێــك دیــاری بكــا، رێگــە بـــە خـۆی بـدا كـە بـۆ خـۆی بڕیـاردەر بـێ. لیرەدایـە ئەگـەرچی لـە هەنــــدێك بــــوارەوە شــــایەتی "كــــردە" بــــوین، ئــــەم "كردە(عمل)"یـــە وەك "هەســـتان(اقدام)"، هـــیچ كـــات بـــە شـێوەیەكی جیـددی وەدوای نەكـەوتووەو تـەواو نـەكراوەو لــە

درێــژەدا لەگــەڵ كردەیــەكی دیكــەدا گرێــی خــواردوە كــە بــە جێگــــــەی كردەكـــــار(كنش)و دژكردەوە(واكنش)گـــــەلێكی لـــۆژیكی، یـــان چەقبەســـتوو یـــان تـــەموومژ كـــەوتووە. موكڕنـــەبوون لـــە كـــردەوەدا، تەنانـــەت كەســـایەتییەكانی ناكارامــە كــردووە، ناكارامــەبوون كــە بــە هــۆی درێژخایــەنی لـــە تایبەتمەندییـــە دەروونییـــەكان، جێكـــەوتووەو كەوتۆتـــە رەوشــێكەوە كــە لــەو بارودۆخــە رۆحــی ـ دەروونییــەدا، تــەنیا ســەرهەڵدانی دژكردەوەیــە نــە كــردەوە. لــە ئاكامــدا دەرفــەتی هەســتان لــە نێوچــووە، لــە حاڵێكــدا كــە كــردەوە بــە واتــای هەســـتان، كەســـایەتی پێناســـە دەكـــاو دەروون، هـــۆگریو هانــەكان دەردەخــا. لەوانەیــە لــە باشــترین شــێوەدا، جموجــوڵی ئێمــە وەك هەســتان، نموونــەی ئــەو ماســییەی پەنــدی پێشــینانی چینی بوبێ :

"ئێمــە وەك ماســی گــەورە وایــن كــە لــە ئــاو دەریــان هێنــابێ (یــان فڕدرابینــە دەرەوە). ئــەم ماســییە بــە هــەموو هێزێكــەوە بــاڵ لێــدەدا تــا بگەڕێتــەوە بــۆ نێــو ئاوەكــە، لــە وەهــا رەوشــێكدا هــیچكــات لــە خــۆی ناپرســێ كــەوتنو هەســتانەوەی دواتــری بــەكوێ دەگەیــەنێ. هەســتی هەنووكــەی ئەوەیــە كــە نــاتوانێ خۆڕاگربێو لە هەوڵی كردەوەیەكی دیكەدا بێ ".

بــەم هۆیــەوە مەســەلەی كــورد لــە چوارچێــوەی مەســەلەیەكی نەتــەوەیی تێپــەڕیوەو بۆتــە سیاســەتێكی هــەنگاوێك بــەرەوپێش، هــەنگاوێ بــەرەو چــەپو راســتو هــەنگاوێك بــەرەو دوا. هەنگاوگــەلێك كــە گرینگــینــەدان بــە نەتەوایــەتی بــوون، هــەنگاوێ لەشــوێنپێــی بیــرە چــەپو راســتەكانی نــاوەو تەمــەنێكی لەگــەڵ بــە فیــڕۆ داوەو یــان تــرس لــە وشــەكانی نەتــەوە، لــەوەی كــە نــاوی "كــورد"ەو وشــەی "ئــەتنیك(قوم)"ی پێــوە لكێنــدراوە تــا دوركەوتنــەوە لــە پشــتئەســتوربوون بــە

تیۆرییـە لۆژیکییـەکان لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دی پـەلکێش دەکـرێ. بـە پشـت ئەسـتوربوونـی بـە چەمکـە لۆژیکییـەکان بـۆ هۆکـارە ئەبسـتراکتە(انتزاع)ەکان، بەئەنقەسـت یـان بەهەڵـە نەتەوەیـەك کـە لـە چییـەتی راسـتییەکانی دورخراوەتـەوەو بـەدرۆخولقێنی یـان بـە رووکەشـی وشـەگەلێکی خـۆش پـەیڤین لەگـەڵ "دەروونبـاوەڕی"دا، بـە "داروینیزمـی کۆمەڵایـەتی" پێناسەکراوە، ملکەچی خۆیان بکەن .

راسـتیگـەلێك هەیـە کـە لـە هـیچ بیرۆکەیەکـدا پـێش‌بینـی نـەکراوەو راسـتیگەلێکیش هەیـە کـە لەگـەڵ بیرۆکەکانـدا ناتەبایـە. هەقیقـەتی نەتـەوەی کـورد، لەوانەیـە یـەکێك لـەم راسـتییانە بـێ کـە پێویسـتی بـە "جیهـانبینی بـوونی" خـۆی هەیـە. کوردبـوونیش شوناسـێکی دەروونییـە، لـەم رویـەوە نـاتوانین بـە "فەلسـەفەیەکی زێـدەخواز(مچاف)" بلکێنـدرێو لـە تەنیشـت مژارەکـانی دیکـەدا دابنـرێ تـا لـە ئـامرازە فەلسـەفییەکانی بـۆ دیـاریکردنی بـەرایی، کۆتـایی، دەسـتپێكو بـەرەنجامی ئـەو مـژارە کـەڵك وەربگیـرێو تێڕوانینـە تایبەتـەکانی بەسـەردا بسـەپێنرێ. شوناسـی کـوردیش جیـا لـەم بازنەیـە نیـە چوونکـە پاراسـتنی وەك مەسـەلی بـوونو نەبوونـەو بـوونو نـەبوونیش بـە واتـای ژیـان یـان مـەرگ دەبێ.

پرسـیاری بنـەڕەتی ئەمەیـە کـە ئایـا ئێمـە مـافی ژیانمـان هەیـە؟ و ئایـا مافمـان هەیـە ئـازادی هاوواتـای پاراسـتنی شـوناس بـزانین؟ بێگومـان خـاوەنی وەهـا مـافێکین چوونکـە بەرسـڤی سـەردێڕی

## مـاف هـەبوون یـان نـەبوون لـە هزرمانـدا، "بـوون" یان "نەبوون"، مانەوە یان نەمان دەبێ .

ئەگـەر باسـەکانی سـەرەوە قبـوڵ بکـەین روو لـە نەتـەوەی کـورد بنووسـین، نەتـەوەی کـورد بکەینـە گـوێبیسـت، کـورد پێناسـە بکـەین‌و رێگـە نـەدەین کـە کـوردو شوناسـی کـوردی وەك مـرۆڤ و مرۆڤایـەتی بکەوێتـە ژێردەسـتەوە. بـەم هۆیـەوە دەبـێ بچینـە نـاخی واتاکانـەوەو پێناسـە ـ نـەك لێکچووانـدن ـ بکـەین کـە کـێ خـاوەنی چ شـتێکە؟ بیربکەینـەوەو ببینـین کـە چیمـان دەوێ نـە دابنیشـیین‌و بـڕوانین‌و ببینـین کـە چیـان دەوێ‌و...

دەبـێ بـە خولْقانـدنی واتـا نوێیـەکان، بـوونی کـورد دووبـارە پێـی بناسـێنینەوە، دەبـێ تراژێـدی وشـیاری بکەینـە لـۆژیکی شـعوورو لـە بـەرگری لـە بەرامبـەر بـاری قورسـی رابـردووداو دڵـەڕاوکێی ئێسـتاو دۆزینـەوەی بنچینەیـەکی قـوڵ‌و پێویسـت بـۆ دامـەزرانی شوناسـێکی هـەرمان، مێـژوو جێگـری ئوسـتورەو تیـۆریی جێگـری لاسـایی کردنـەوە بکـەین‌و ... ئەگـەرچی دەزانـین وەلانـانی راسـتییە کۆنـەکان بـۆ وەڵامدانـەوە بـە راسـتییە نوێیـەکانی دژوارە، دەبـێ قبـوڵ بکەین کە دەبێ‌و دەبێ قبوڵ بکەین کە دەتوانین...

هەنووکـە لـە جیهانێـك‌دا کـە ناونـدێکی دیـاریکراوی نیـە بیـر لـە لوتکـەکانی دەسـەڵات دەکەینـەوە؟ لـە سـەردەمێکدا کـە نەتـەوەخوازی لـە حـاڵی دانووسـتان بـە جێگـای جیهانبینییـە زاڵەکانـەو قۆنـاخی گەشـانەوەی نەتـەوە ژێردەسـتەکان هاتووەتـە ئـاراوە، ئایـا بیرمـان لـە رەوشـی نـوێ کردۆتـەوە؟ ئایـا لـە دەورانێکـدا شـێوەی بیرکردنـەوەو بریاڕدانـەکان، روو

لــە گەشــەو گۆڕانکارییــە، تێپــەڕین لــەم قۆناغــە هاوســەنگی ناســەقامگیرو چوونەســەرەوە لــە پــەیژەی رەوتــی گەشەســەندن کردۆتــە "داهــاتووبینی"؟ ئێســتاکە خەریتــەی سیاســیی جیهــان لــە بەرامبــەر چاومانــدا دەگــۆڕدرێ، چ بکــەین؟ ئایــا لــە رەوشــێکدا کــە چوارچێــوەو بنــەماکانی کایــەکردن لــە ژێــر گوشــاری گۆڕانکــاری زۆرەملــێیانــە ئامــادە بــە رێکخســتنو بــەڕێوەبردنی گۆڕانکارییــەو بیرمــان لــە ئــامرازخولقێنی کردۆتــەوە؟ ئایــا بــە جێگــەی نــوقمبــوون لــە چاڵێــك کــە هێمــاو نیشــانەکانی ناســەقامگیرە، بیرمــان بــە گرێخــواردن لەگــەڵ شوناســی خــۆوە کردۆتــەوە؟ تــەوژمی هێــزە روخێنــەرەکان دەبــێ چــۆن بســڕێتەوەو لــە نێــو بــەری؟ چــۆن دەبــێ پێگــەی باوەڕبــــەخۆبوون(خودباوری)ی، دەســـــەڵات بخـــــولقێنی؟ لەبەرانبــەر مۆتەکــە روخێنەرییــەکانی رەوشــتی دەبــێ چ بکرێ؟و...

راســـتییەکان ئەوەیـــە کـــە هەقیقەتـــە کۆمەڵایـــەتیو سیاســییەکان چڕوپڕتــرن لــەوەی کــە بتــوانی لەگــەڵ هــزرە ئەبســتراکتەکان شــرۆڤەی بکــرێ. گرینگتــرین راســتی ئەوەیــە کــە هێــزە مرۆییــەکان لەســەر بنــەمای مێشــك، هێشــتا پــارێزەرو دیاریکــەری پێوانەیەکــە کــە هــەموو خاڵــە هاوبەشــەکان لــە روانگە جۆراوجۆرەکانەوە دەتوانێ پێی هەڵسەنگێندرێ .

لەوانەیــە لــە کــورتترین پەیڤــدا، رەســاڵەتی "مــرۆڤ لــە ســەر بنــەمای مێشــکی کــورد" گــەل، جیهــانبینییەکــە کــە هــەموو هێزەکــان بــەرەو ئاراســتەیەك دەبــا. روانــین، شــێوازو بنــەما تیۆرییــەکانی ئــەم جیهــانبینییــە دەبــێ بەشــێوەیەك رێــكبخــرێ کــە دەســکەوتەکانی کــردەوەیو بەرەنجامــە کردەوەییــەکانی تەنیا لە پێناو ئامانجێك بن: "شوناسی هاوبەش ."

نـــابێ لـــه بیـــر بكـــەین كـــه: نەتەوەیـــەك لـــه قۆنـــاخی بەرگریـــدا یـــاری بكـــا، هـــیچكـــات ســـەركەوتوو نـــابێ چوونكـــه بـــۆ كـــوێ دەڕواو چـــی بەســـەردێ گرینـــگ نیـــه، چوونكـــه لەبنـــەڕەتدا لـــه هەڵایســـــانی كردەكـــــار لاواز بـــــووه. كــــەوابوو دەبـــــێ بـــــه خوڵقانـــــدنی تیۆرییـــــەكی نـــــوێ، چوارچێوەیـــــەكی نـــــوێ، رێكخســـــتن‌و لەســـــەر بنـــــەمای ئـــــەو، ئێســـــتراتێژییەكی نـــــوێ بخـــوڵقێنی. تیۆرییـــەك كـــه لـــه هـــزرو ئـــازادی خـــەڵك، ئاســـۆیەكی نـــوێ ئـــاوەڵا بكـــاو بێتـــه هۆكـــاری بزاوتـــی "تـــان‌و پـــۆی زانســـــــــــت(تاروپود دانـــــــــــش)"(knowledge)، "بیروباوەڕ(ایـــده)"(idea)و "نـــاخ(ژهن) ."(mind)بـــەم شـــــێوەیه تـــــەواوی رەهەنـــــدەكانی بـــــوونی وەك سروشـــــت‌و دەروون، موراڵـــــەكان‌و كەســـــایەتی، رزگـــــاریی‌و تـــــەكوزی، مـــرۆڤ و یاســـا، گـــەنجی‌و پیـــری، دەبـــێ‌و نابێكـــان، شـــەڕو ئاشـــتی، پێشـــكەوتن‌و دواكـــەوتن، وانـــەكانی مێـــژوو و مانـــای ژیـــان‌و مـــەرگ لەبـــەر دەگـــرێ‌و دەبێتـــه هزرێكـــی "لـــه نـــاڤی خـــۆی ژ بـــۆ خـــۆ (در خـــود بـــرای خـــود) (in and for himself)دەگۆڕدرێ .

بیـــری خۆهزری(خودانـــدیش) (self thinking idea) هزرێكـــه بـــۆ "خۆڕەهـــایی (خودرهـــایی) "self liberation" و تیـــۆری بزاوتـــی كـــورد بـــەرەو پێگەیشـــتن‌و ئازادییـــه كـــه لـــه تەواویـــەتی "خـــۆ" زەق دەبێتـــەوەو نەتـــەوەی كـــورد بـــەرەو چوارچێـــوەی راســـتەقینەی ئـــازادی تەواوعـــەیار پـــاڵ پێـــوه دەنێ :

"كاتێـــك تاكـــەكانی نەتـــەوه لـــه واتـــای ئـــازادی تـــەواو عـــەیار تێبگـــەن، هـــیچ شـــتێك وەك ئـــەوه، وەهـــا هێزێكـــی لـــەبڕان نـــەهاتووی نـــابێ‌و تـــەنیا بـــەم هۆیەوەیـــه كـــه ئـــەم واتایـــه لـــه هەناوی ناخ‌و كردەوەیدایه".(هێگێل 1831 - 1770).

بنـــەمای تیـۆری مـــە، راڤـــەی رەوشـــی ئێســـتای جیهـــان لەســـەر بنـــەمای رێژیمێکـــی بەڵگەمەنـــدو رەوتێکـــە کـــە بـــە داهـــاتوو دەگـــا، پرۆســـەیەك کـــە دەســـتی پـــێکـــردووەو هێـــدی هێـــدی دەبێتـــە هـــۆی بـــارودۆخێکی نـــوێ بـــۆ ژیـــان لـــە جیهانـــدا. شـــێوازی نووســـینی ئـــەم کتێبـــە بەشـــێوەی هێڵبەنـــدی (گـــزارە بنـــدی)و بێوەســـفکردن نیـــە، بـــە شـــێوەیەك کـــە بتـــوانێ لـــە خولّقانـــدنی بیرێکـــی پـــاکژ لـــە خوێنـــــەردا، روانگـــــەی گۆڕانکارییـــــە سیاســـــییەکانی جیهـــــان شـــیاوی راڤـــەکردن بـــێ. نـــابێ لـــەبیر بکـــرێ کـــە تێپـــەڕین لـــە ســـــــەردەمی ئێســـــــتادا، تـــــەنیا لەگـــــەڵ دۆزینـــــــەوەی ئێستراتێژیگەلێکی لۆژیکیو واقێعبینانە جێدەکەوێ.

دەربڕینی مەسەلە :

دەستپێکی زاڵبوونێك لەگەڵ نادادپەرەوەرییەك :

1- پەیماننامەی زەهاب 1639: دابەشکردنی کوردستان

ئاکام:

پێکهاتنی دو شوناسی دەستکرد(مصنوعی) :

الف: کوردستانی عوسمانی

ب: کوردستانی سەفەوی

2- لوزان 1922: دابەشکردنی دووهەمی کوردستان :

ئاکام: لێکدابڕانی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی:

- کوردستانی (تورکیە)
- کوردستانی (ئێران)
- کوردستانی (عێراق)
- کوردستانی (سوریە)

راڤە:

بەڵگـــەی 10ی ئـــوتی 1920 "ســـێڤەر" کـــە لـــە بڕگـــەکانی 62و 63و 64ی دا لەســـەر دەســـەڵاتی کوردەکـــان لـــە نیشـــتمانی خۆیانـــدا وەك "شوناســـێکی ســـەربەخۆ" دەستنیشـــان کردبـــوو،

لــه 25 نــوامبری 1922 لــه شــاری "لــۆزان"ی ســوئیس، سەربەخۆیی نەتەوەی کورد بە با درا .

بەنــدی 64ی پەیماننامــەی "ســێڤەر": ڕێزگــرتن لــە "مــافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد"

ڕێکخســتن‌و کــاری پەیماننامــەی لــۆزان: ئاوێتەیــەك لــە زۆرەملێ‌و دەبێ.

ئامانج:

ـ ناچــارکردنی نەتــەوەیی کــورد بــە ڕۆڵێــك کــە خوازیــاری نیە. (ژێردەستەیی).

ناچـــارکردنی نەتـــەوەی کـــورد بـــە قبـــوڵکردنـــی ڕێکەوتننامەیــەك کــە بــە پێچەوانــەی ویســتی دەروونــی خــۆی بەستراوە .

ـ ناچــارکردنی نەتــەوەی کــورد بــە چاوپۆشــی کــردن لــە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی .

ـ پێشگرتن لە دامەزرانی حکومەتێکی سەربەخۆی کورد

بەرەنجام :

پێکهـــاتنی "نادادپـــەروەری پێکهاتـــەیی" لەگـــەڵ بەســـتنی ســـنوورگەلێك کـــە هـــیچ کـــات لەســـەر بنـــەمای واقیعییەتـــە جوغرافییاییەکانی نەتەوەیی نەبووە .

ـ پێوەنــددانی زۆرەملێــی بەشــە جیاوازەکــانی کوردســتان بــە شوناسگەلێکی فرەچەشن

ـ هەوڵ بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد

قەیران:

ـ لاوازبوونی سنوورە دەستکردەکان بۆ گۆڕانی شوناس

ـ لاوازی سیاسەتی سڕینەوەی نەتەوەی کورد

شوێندانەری :

دەستپێكی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی نەتەوەی كورد

هۆكاری بەردەوامی چەندپارچەیی‌و نەزۆكمانەوەی جوڵانەوەكان :

- تێگەیشتنی لاواز لە رەوشی نوێی جیهانی.
- دەست پێكردنی شەڕی سارد
- هێژموونی جیهانبینیگەلێكی سەرتاپاگیر لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانیدا.

پێداگری لەسەر مانەوەی رەوشی هەنووكەیی سنووری نێونەتەوەیی وڵاتەكان .

- پێویستی راگرتنی هاوسەنگی گشتیی نێونەتەوەی.

)بەردەوامبوونی ئەم رەوشە تا دەیەی 90ی زایینی لە سەدەی بیستەم‌و كۆتایی شەڕی سارددا)

شوێندانەری:

هەوڵی نەتەوەكان بۆ رزگاربوون لە سنوورە زۆرەملێییەكان "زۆرەكی"و "دەبێ(بايد)"

فۆرماسیۆنی نوێ: دەستپێكی دەورانی هاوسەنگی ناسەقامگیر (دوران توازن ناپايدار):

گرینگترین هۆكاری پێكهاتنی دەورانی هاوسەنگی ناسەقامگیر :

- هەڵوەشانەوەی جیهانبینی‌یە ئیدئۆلۆژیكی‌یەكان .
- دارمانی رێژیمە كۆمەڵایەتییە كۆنەكان.
- پێكهەڵپرژانی ئیدئۆلۆژیك‌و تێكنۆلۆژیك
- پێكهێنانی میكانیزمی بەرگری لەبەرانبەر گۆڕاندا
- تێكهەڵچوونی نێوان بنەما یەكسانیخوازەكان‌و راستیییە نایەكسانیخوازەكان

تایبەتمەندییــــــە گشــــــتییەکانی دەورانـــــــی هاوســــــەنگی ناسەقامگیر :
ـ نەناسینی هەڕەشەو دەرفەتەکان
ـ نــەبوونی پێگەیــەکی پتــەوو نــەگۆڕ بــۆ پاڵپشــتی ئــەهرۆمی سیاسی
ـ گۆڕانی بەردەوامو خێرا
ـ نەبوونی دەسەڵاتی رێبەری نێونەتەوەییو جیهانی
ـ کەموکوڕی دەروونی رێبەرە جیهانییەکان
ـ بەریان(تمایل) بۆ کڕینی هاریکاری
ـ پاشەکشـــەی هـــەنگاو بـــە هـــەنگاو لـــە بەڕێوبەرییـــە نێونەتەوەییەکاندا
ـ ناسەقامگیری لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا
ـ نەبوونی هاوسەنگی(تعادل) لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا
تایبەتمەندییـــــە ژیۆپۆلۆتیکییــــەکانی دەورانـــــی هاوســــەنگی ناسەقامگیر :
ـ گۆڕانکاری لە هێڵە سنوورییە سیاسییەکان
ـ هـــــەوڵی وڵاتـــــەکان بـــــۆ پێکهێنـــــانی یەکیەتییـــــە ناوچەییەکان(اتحادیەهای منگقەای)
بەرەنجام:
هەنووکــــــە سیســــــتمی جیهـــــانی لــــــە بەربــــــەیانی "گۆڕانکاری"دایە .
شوێندانەری:
پێکهاتنی رەوشی نوێ :
ـ یارییە نوێیەکان
ـ چوارچێوە نوێیەکان
ـ سەرهەڵدانی کارێکتەرە نوێیەکان
ـ دامەزراوە نوێیەکان

ـ شێوە کردەوە نوێیەکان
ـ ڕاستییە نوێیەکان
ـ بایەخە نوێیەکان
ـ بێبایەخبوونی ئێستراتێژییە کۆنەکان
چوارچێوە نوێیەکان :
ـ یاریگەلێکی تەواو جیاواز
ـ ناسەقامگیری پێوانە کۆنەکان
ـ ونبوونی بەردەوامی بەرگریکردن
ـ دروستکردنی کەرەستەگەلێك کە پێشتر دەرەتانی پێکهێنانیان نەبووە .
پرسیارەکانی بەردەم:
ـ لە چ کۆمەڵگایەکدا دەژین؟
ـ لە چ کۆمەڵگایەك دەمانهەوێ بژین؟
ـ ئامانجی دواڕۆژ کامەیە؟
ـ مەنزڵی کۆتایی لە کوێیە؟
ـ چ هەڵبژاردن یان هەڵبژاردنگەلێك لە بەردەم دایە؟
ـ چۆن هەنگاو هەڵگرین؟
ـ لە چ ڕەهەندێکەوە چالاکی بکەین؟
ـ چۆن چالاکی خۆمان ڕێکبخەین؟
ـ پێداویستییە بنەڕەتییەکان چۆن پێناسە بکەین؟
چۆن ڕاوێژ، هزر، توێژینەوەو کار بکەین؟
ڕێکارە "گشتییەکان (کلان):"
ـ باشترین مژار بۆ ئاوەڵاکردنی ڕێگا هەڵبژێرین.
ـ پێداویستییەکان لەگەڵ زەمەندا بەراورد بکەین .
ـ پێداویستییەکانو زەمەن لەهەمبەر چۆنایەتی هەڵسەنگێنین .

ـ توانـایی وێنـاكردنی رۆشـنبیرانه(فرهیختە) (educated imagination)گەشە پێبدەین.
ـ توانایی راگرتنی پێوەندییە شێواوەكانمان هەبێ .
ـ شیاویی راگرتنی ئاڵۆزیمان هەبێ .
تێكنیكی ئێستانداردی دەورانی هاوسەنگی ناسەقامگیر :
ـ تیۆری "هەر نەتەوەیەك ـ دەوڵەتێك "
ـ سـنووره مێژوویی‌ەكانو مەسەلە نەتەوەییەكان (وەك هۆكاری قەیران)
ـ وڵاتگەلی فره نەتەوەیی (وەك رێكار)
ـ پێكهێنانی یەكیەتییە ناوچەیی‌یەكان (وەك هۆكاری سەقامگیری)
بەسەرنجدان بە رەوشی نوێ، مەیلی نەتەوه ژێردەستەكان، دەستپێكی یارییەكی نوێ لەسەر بنەمای "دادپەروەری"یە. دادپەروەرییەك كە لەسەر بنەمایی :
ـ بڵاوكردنەوەی دادپەروەرانەی "مافی خاوەندارێتی" بێ.
ـ بڵاوكردنەوەی دادپەروەرانەی "دەسەڵات" بێ .
ـ واتای كلیلی (كلیدی) 1: "دادپەروەریی (عدالت):"
رێزگرتن لە مافە سروشتیی‌و رێكەوتنەكان كە بۆ تەواوی تاكەكان بە فەرمی ناسراوه .
واتای بنچینەیی 2: "ماف:"
كردەوەیەك كە دەرەتانی نكوڵی كردنی بۆ نیە.
بەرەنجام:
مافی دیاریكردنی چارەنووس بە وێنەی دادپەروەری‌و هەقیقەتە .
راڤە:

له هەر شوێنێك لەم جیهانە، یەك یان چەند ناوچە بۆ تیپەڕبوون لە دەورانی هاوسەنگی ناسەقامگیر هەیە. لە کوردستان، هۆکارەکان :

1- تایبەتمەندیگەلێکی دەگمەنی ژیۆپۆلۆتیکی وەك:

- جوغرافیایەکی وشکاڕۆیی(قارەای)
- زاڵبوون بەسەر دو بیاقی ئاوی مەزنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست
- دەروی (دەروازە) چوونە نێو رۆژهەڵات

2- تایبەتمەندیگەلێکی دەگمەنی ژیۆ ئێکۆنۆمیك - ژیۆئێستراتێژیك:

- کانگای مەزنی نەوتو گاز
- سەرچاوەی لێوڕێژی ئاو
- ناوەندی لەباری ئامانجی ئابووری بۆ بەرخۆر(مصرف)ی ئەمریکا، ئابووری رەنێوهانینی(تولید) ژاپۆنو ئابووری رەنێوهانین - بەرخۆری ئورووپا.

3- تایبەتمەندیگەلێکی دەگمەنی سیاسی:

- دابەشبوونی سیاسی لە چەند قۆناغ دا
- بزاڤگەلی رزگاریخوزانەی نەتەوەیی
- ئەزمونی سەرکوتە بەردەوامەکان (متوالی)
- دینامیك(پویایی)و پۆتانسیەلی وزەی بزاوتی دەروونی(نیروی حرکت درونی)
- هەوڵدان بۆ یەکیەتییەکی سیاسی سەرلەنوێ(مجدد)
- هەوڵ بۆ ئووتارشی (autarchy): رەوشێك کە هەرکەس خۆی خاوەنی خۆی بێ .

قەیرانەکانی بەردەم:

"ئــەوی دی" لێکدانــەوەی نیــە کــە جیهــان گۆڕانکــاری بەسەرداهاتووەو ئەویش ڕێگەی گۆڕانی نیە. (نەگۆڕە).

- "ئــــەوی دی" نـــاتوانێ دیـــاریکردنی چارەنووســـی نەتەوەیەك قبوڵ بکا کە ساڵانێکە ژێردەستەی ئەو بووە .

- "ئـەوی دی" نـاتوانێ لـە راسـتییە سیاسـی ـ ئابوورییـەکانی جێهانی سەردەم تێبگا .

- "ئەوی دی" ناتوانێ خۆی لەگەڵ راستییەکاندا رێكبخا .

- "ئـــەوی دی" نـــازانی کـــە دەورانـــی هاوســـەنگی ناسەقامگیر، دەورانی بزاوتی زۆرە ملێیانەیە .

بەرەنجام:

جیـایی‌خـوازیی نەتــەوەیی، تایبەتمەنـدی تایبــەتی دەورانــی هاوســەنگی ناسـەقامگیرو دەورانــی هاوسـەنگی ناسـەقامگیر، دەورانـــی گـــۆڕانی ســـنوورە نەتەوەییەکانـــەو ئـــەم واتایـــە تێپـەڕین لـە "پۆلێنبەندییـە سـنوورییەکان" بـەرەو "وڵاتگــەلی فرەنەتـــەوەیی"ە. ئـــەم قۆناغـــە بـــەرایی رەوتگـــەلێکی نـــوێی جوغرافیـایی نەتـــەوەیی‌یـــە، دەورانێـــك کـــە لـــەودا گـــۆڕینی سنوورەکان لـە هـەر ناوچەیـەك لـە جیهانـدا، رێگـە بـۆ رەوایـی (مشـروعیت) گـۆڕینی سـنوورەکان لــە شـوێنگەلێکی دیکــەدا، دەکاتــەوە. زۆربــەی وڵاتــان کــە کوردسـتانیش بەشـێکە لــەوان، بـــە کۆتـــایی هێنـــان بـــە وێناکردنـــە بـــەهێزەکان(انگارەهای نیرومنـــد)و رۆچـــوون بـــەرەو دەورانـــی هاوســـەنگی ناسـەقامگیر، لــە ژێـر کارتێکـەری میکـانیزمی هــەر نەتــەوە ـ دەوڵەتێکدا لە یەکدی هەڵدەوشێنەوە .

لـــە دەورانـــی هاوســـەنگی ناســـەقامگیردا، هەڤبەندییـــەکانی ســـەرچاوەگرتوو لـــە قەیرانـــە بیســـتەمییەکاندا، بـــۆ دەوڵـــەت ـ نەتـــەوەکانی بیســـتو یەکـــەمی بـــە ئـــەنجام دەگـــاو هـــەر نەتەوەیـەك، خـۆی بـە خـاوەن مـاف لـە تـەواوی فاکتـەرەکانی

"زمانی هاوبەش"، "نیشتمانی هاوبەش"، "میراتی نەتەوەیی هاوبەش"و "ئارمانجی هاوبەش" دەزانێ .

شوناسی بەکۆمەڵ لەم دەورانەدا، نە پۆلێنبەندی سنووری یان کونسێرواسیۆنی ئیدئۆلۆژیکییە، بەڵکوو شوناسی نەتەوەییو لەسەر بنەمای رەگەزە ئەتنیکییەکان دەبێ. لە سەدەی بیستو یەکەمدا، شوناسەکان، سنوورەکانیان پێك دێنن نە سنوورەکان، شوناس. بەم هۆیەوە لە دەورانی هاوسەنگی ناسەقامگیر، کوردستان وەك قەیرانی سەدەی بیستو یەکەمی، خاوەنی تەواوی تایبەتمەندییەکانی دەورانی هاوسەنگی ناسەقامگیر دەبێ. لەم روویەوە :

ـ هزری نەتەوەخوازی کورد لە دەقی جیهانبینی کوردیدا دادەنرێ .

ـ هزری کوردیزم ـ لە چوارچێوەی سنوورە دەستکردەکاندا پتر رۆیشتووەو تەشەنە دەکاتە سەر تەواوی نیشتمانی کوردستان .

ـ روانگە ئیدئۆلۆژیکییەکان بە قازانجی نەتەوەخوازی کورد وەلادەنرێن.

ـ چوارچێوەکانی هەمیشە ناسراوی(معتبر) هەڵسەنگێنەری راستییەکان لە روانگەی کوردییەوە دێتە بەرباس .

ـ لەگەڵ راستییەکانی سەرەوەدا هەقیەقەتی کوردی، نەتەوەی کورد بەرەو هەمان رەوگە هاندەدا کە لە ناخیدا شاردراوەتەوە .

شوناس بریتییە لە هەستی جیاوازی تاکەکەسی، هەستی بەردەوامیو هەستی سەربەخۆیی تاکەکەسی. شوناس لە تێرامانو هەستی تاکەکاندا گەشە دەکا، بەڵام بیچمگرتنی لە ژیانی بەکۆمەڵدایە. شوناس لە سێ توخمی سەرەکی پێکدێ :

ـ توخمی ناسیاری(عنصرشناختی) (ئاگایی تاك لەوەی كە سەربە گروپێكە).

ـ توخمی بایەخدانەری (عنصر ارزشی)(گریمانەگەلێك لەمەڕ دواهاتی بایەخدانانە ئەرێنی یان نەرێنییەكانی ئەندامەتی گروپی)

ـ توخمی هەستوەری (عنصر احساسی)(هەستیاربوون لە هەمبەر گروپو لە هەمبەر تاكەكانی دی كە لە پێوەندییەكی تایبەتییان لەگەڵ گروپدا هەیە)

شوناس لە راستییدا گرێدراو بە ناسینەوەی(بازشناسی) سنووری نێوان "خۆ"و "ئەوەی دی"یە كە پتر لە رێگەی "هاوهەڵسەنگاندن (هەمسنجی)"و دەرەتانی لێك جیاكردنەوەی خۆی لەوانی دی دەبێ. شوناسیش هەروا بە واتای چۆنیەتی یەكسانبوون لە ناخدا، ئاوێتەكردن، چییەتیو یەكسانبوونیش لە هەر ساتو دۆخێكیشدایە.

لە روانگەی كوردیزمەوە، شوناس واتایەو، چەمكەكان بەرلەوەی خاوەن پێناسەیەك بن، خاوەن مێژوویيەكن بەم واتایە كە هەر چەمكێك لە ململانێی نێوان واقعییەتو هزرەكاندا دروست دەبێو پێناسەی ئەو چەمكە، هەمان مێژوویی ململانێی نێوان هزری دەورووبەریو واقعییەتی دەرەكییە. شوناسی من مێژوویی منە، بەو واتایە لەوەی كە لە رابردوو تا ئێستا لە خۆم وێنا كردووە "هزر"و لەوەی لە مێژووەوە تا ئێستا لەخۆم دەنوێنم "واقعییەت."

لــە روانگــە نەتــەوەخوازی کــوردەوە، دەســت پــێڕاگەیشــتن، دەربــڕینو پشــتســوربوون بــە شوناســێکی دیــاریکراو، دوو ئاکامی هەیە :

یەکــەم: جیاکردنــەوە(تفکیك): واتــە کاتێــك مــن لەهەمبــەر کەســانی دی خــۆم وەك تاکێــك یــان شوناســێکی دیــاریکراو دەدۆزمــەوەو لــە بەرانبــەر کەســانی دیکــەدا دەری دەبــڕمو بــە چــۆنو چۆنایــەتی ئــەو شوناســە هەڵســوکەوت دەکــەم، دەروەســت (متعهــد) دەمێنمــەوە. خــۆم لــە کەســانی دی جیادەکەمــەوەو ئەگــەر هاوشــانیان نــەبم، لانیکــەم وەك رابردوو لەگەڵیاندا هاوهەنگاو(همگام) نیم .

دوهــەم: ئــاپۆڕا(تجمیع): واتــە کاتێــك کــە لەبەرانبــەر کەســانی دی خــۆت وەك تاکێــك بــە شوناســێکی دیــاریکراو دەدۆزیتــەوەو لــە بەرانبــەریاندا دەردەبــڕیو بــە چــۆنو چۆنایــەتی هەڵسوکەوت لەگــەڵ شــوناس، دەروەســت دەمێنــین. لــە بنــەڕەتدا شــێوازی ژیــانی مــن (ئێمــە) تایبەتمەندییــەکی دیــاریکراو لــەخۆگرتووە کــە دەتــوانێ لەگــەڵ کەســانی دیکەشــدا هاوبەشییەکی هەبێ .

لــە روانگــەی کوردیزمــەوە، شــوناس، پێوەندییــەکی لێکدانــەبڕاوی جیــاوازی هەیــەو جیاوازییــەکان هــەردەم لەپێشــگرتنی دەســەڵاتێکن کــە لــە لایــەن کۆمــەڵگا، حکومــەتو هێماکــان پێکهــاتووەو لــە لایــەن ئەوانــەوە پــارێزراوو بــەهێز دەبــن. لــەم رویــەوە، خــاوەنشــوناس بــوون بــە واتــای تایبــەتو جیــاوازبوون، ســەقامگیربوونو ســەربە کۆمــەڵ بوونــە. هــەر تاکێــك کاتێــك خــۆی بــە خــاوەنی شــوناس دەزانــێ کــە لــە جیــاوازبوون (تمــایزبودن)دا، مانــەوەو لــە نێــو کۆمــەڵبوونی خۆی دڵنیــایی بەدەســت بهێنــێ. شــوێنو فــەزا یــان بــە واتایــەکی باشــتر جوغرافیــا گرینگتــرین هۆکــارێکن کــە ئــەم پێویســتییە

شوناسییەی مرۆڤ دابین دەکا. بە دەربڕینێکی روونتر، سنووردارکردنو شیاوی دیاریکردنی شوێن (جوگرافیا)، ئەم رێگەیەی بۆ رێکخستنی مرۆڤەکان لەگەڵ هەستی جیاوازبوون، مانەوەو سەربەگروپ، تەناهیو ئاسایشی پێویست بۆ ژیان دابین دەکەن. نیشتمان نەتەنیا دەرەتانی سنووردارکردنی سنووره بەرهەست(عینی)ەکان بە هۆی تایبەتمەندییە جغرافییاییەکانی وەك: چۆم، زەنجیرەچیا، زەریاو لەم چەشنە، پێویستی جیادانەری دابین دەکا بەڵکوو لەگەڵ بەهێزکردنی سنووره سروشتییەکان، کۆمەڵایەتیو کولتووری، بەشوناسکردن (هویت سازی) ساناتر دەکا .

نیشتمان بەشێوەیك دەبێتە بەستێنێکی لەبار بۆ شوناسکردنو بەردەوام بەخشین بە شوناس. هەروەها پێوەندیدار بە سنووردارکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان، چڕکردنەوەی ناپێوەندیدارەکانو رواڵەت بە رواڵەت، چەشنێك لە هەڤبەندی (همبستگی)و یەکییەتی بەهێزی کۆمەڵایەتیش پێك دێنێ .

لە روانگەی نەتەوەخوازی کوردەوە، هەستی بەردەوامو هەرمانبوون لە درێژخایەنی زەمەنی پێناسەی شوناس، رۆڵی توخمی مێژوویی لە شوناسدەرو جیاخوڵقێنی (تمایزیٚفرین) تاك لەوانی دی گەشە پیٚدەدا. لەم رویەوە شوناس لە هۆگری بە رابردووی مێژوویشدا واتا پەیدا دەکا.

بە باوەڕی "کوردیزم"، هەستی جیاکەرەوەیی "خۆ" لەوانی "دی" وەك بەشێکی جیاییهەڵنەگری شوناس، خۆی دەنوێنیو بە چەشنێك پێوستی بە دابینکردنی یەکانگیریو هەڤبەندی کە لە ئاکامی بەریان (تمایل) بەرەو

گەلێك]نەتـــەوە[ کـــە ئارمـــانجێکی هاوبـــەش‌و پاراستنیشـــی لـــە "خۆ"ە جیاکەرەوەکان، لەوانی دیکەدا پێك‌دێنێ.
کـورديزم لـەم باوەڕەدایـە کـە هـەر گروپێـك بـۆ بـەردەوامی "خـۆ"ی لـە سـەر بنـەمای مێـژوو دادەنـێ‌و بـەم هۆیەوەیـە دەتـوانین بڵێـین کـە نەتـەوە، بـێ مێـژوو مـەحکوم بـە نەمانـە. مـرۆڤ بـەردەوام بـۆ پاراسـتنی جیاکردنـەوەی خـۆی لـەوی دیکـە، دیرۆکێکـی لـە خـۆی دروسـت دەکـا تـا لـەو چوارچێـوەدا، یەکـە شوناسـێك هەسـت پـێبکـا. شـوناس لـە هێڵێکـی زەمـانی "خۆ"کـان پێوەنـد دەدرێتـە رابـردووەو ئەزمونـەکانی نەتـەوە لـــە چوارچێـــوەی مێـــژوودا، یـــەکانگیری‌و شـــیاوبوون دەبەخشێ.
بـەڵام تـاوتوێکردنی رۆڵ‌و گرینگـی کولتـوور لـە پێناسـەی شـــوناس‌و بەتایبـــەت لـــە نەتـــەوەخوازی کـــوردیش‌دا زۆر بایـــەخی پـــێدەدرێ. کولتـــوور لـــە کـــوردیزم‌دا یـــەکێك لـــە گرینگتـــرین‌و دەوڵەمەنـــدترین ســـەرچاوەکانی شوناســـە. تاکـەکان‌و گروپـەکان بـۆ دۆزینـەوەی شـوناس پشتبەسـتو بـە توخمگـــەلێکی فرەچەشـــنی کولتـــوورین، چوونکـــە ئـــەم توخمگەلـــە، هێزێکـــی بـــەرچاویان لـــە دابینکردنـــی پێداویسـتییەکان بـۆ جیاوانـەری‌و ئاوێتـەبوون لـە کۆمەڵـدا هەیـە. بـە واتایـەکی دی کولتـوور هـەم جیـاوازخوڵقێن‌و هـەم یەکانگیربەخشـە. لـەم نێـوەدا، یـەکێك لـە گرینگتـرین بایەخـەکانی کولتـوور، زمانـە کـە لەپێشـدا دەبـێ تـا ئاسـتی زمـــانی نقیســـیاری(مكتوب) بەرزبکرێتـــەوە، ئـــەو بـــە راگواسـتنەوەی کولتـووری کـوردو ئارمانجـە نەتەوەییـەکان لەسـەر ئـەو بنەمایـە، هەسـتی رێزگـرتن لـە تـاك لـە نێـوان تـەواوی نەتەوەکانـدا بەرزدەکاتـەوە تـا بتـوانێ لـە جیهـانی شارسـتانییەت‌دا پێگەیـەکی شـیاوتر بدۆزێتـەوە. لـە روانگـەی

کوردیزمـــەوە، نەتـــەوەی کـــورد لـــە چوارچێـــوەی تیـــۆریی "رەهـــایی دەرهەســـت (ژهنـــی)" لـــە ژێردەســـتەیی، ئارمـــانجکردنـــی یەکســـانیی، دادپـــەروەریی‌و ســـەربەخۆیی، گەیشـــتۆتە خودئاگـــاییو بەرهـــەمی کـــۆی بایەخـــە کولتوورییـــەکانی خـــۆی (حاصـــل جمـــع ارزشـــهای فرهنگـــی خود) لە سەربەخۆیی رامیاری پێناسە دەکا .

کـــوردیزم لـــە هەلوێســـتی شـــوناس‌دا، جیـــاوازیی بنـــەماو شـــوناس‌تـــەوەرەیی(هویت مداری)یـــە و پاراســـتنی رەواییکردنـــی (مشـــروعیت‌ســـازی) خـــۆی، شوناســـێکی راســـتەقینە" دەردەبـــڕێ کـــە چوکـــەترین جیـــاوازی زەق‌دەکاتـــەوەو پـــەرەیپێدەدا. هـــەر ئـــەم جیاوازییـــە چوکانەیـــە کە لە ئاکامدا، سەرکەوتنی نەتەوەیەك بەدیاری دەهێنێ.

لـــە روانگـــەی نەتـــەوەخوازی کـــوردەوە، شوناســـی نەتـــەوەیی لـــە پـــەنای دیـــاریکردنی ســـنوورگەلێك بـــۆ کۆمـــەڵگای رامیـــاری، هەڵکـــەوتنی مێـــژووی ئێمـــە بـــە تایبـــەت لـــە کۆمەڵگاگـــەلێك کـــە لـــە روانگـــەی کۆمەڵایـــەتی و جوغرافیـــاییدا روکار(شـــناور)ن‌و لـــەنێو ســـەرچاوە کۆنـــەکانی دیکـــەی شوناســـدا، لاواز بـــوون، دیـــاری دەکـــا. شوناســـی نەتـــەوەی پێگـــەیی راســـتەقینەی نەتـــەوەکان لـــە جیهانـــدا دیـــاری دەکـــا. نەتـــەوەکان دەکاتـــە یەکەیـــەکی مـــەزن‌و دەرەتـــانی دەداتـــێ کـــە جێهـــانی دەوروبـــەری وەك ئەو شتانەی کە پێکیان هێناوە، ببینن .

لـــە تێگەیشـــتنی نەتـــەوەییدا، ئـــەوەی کـــە گـــەرەنتی وێنـــاکردنی تـــاك وەك ئەنـــدامێك لـــە کۆمـــەڵی نەتـــەوەییـــە، لەچەنـــد رەهەندەوە شیاوی سەرنج پێدانە، بەرچاو دەکەوێ :

1- کۆمـــەڵگای نەتـــەوەیی لەســـەربنەمای باوەڕهێنانـــە، واتـــە نەتـــەوەکان کاتێـــك ســـەرهەڵدەدەن کـــە ئەندامـــەکانی یـــەکتری پێکـــەوە گـــرێ دەداو ویســـتی هاوبەشـــی بـــۆ بـــەردەوامبوونی

ژیـانی هاوبەشــە. لــەم رویــەوە، کاتێـك تاکێـك خـۆی سـەر بـە نەتەوەیـــەکی تایبـــەت دەزانـــێ، بـــاوەڕ دەهێنـــێ کـــە لەگـــەڵ هاونەتـــەوەکانی خـــۆی، بـــاوەڕە هاوبەشـــەکانو دەروەســـتە بەرامبەرەکانی هەیە .

2- شوناسـێك کـە بـەردەوامبوونی مێـژوو وێنـا دەکـا، دەبێـە هـۆی ئــەوە کــە نەتــەوەکان ئەرکگــەلێك وەئەســتۆ بگــرنو هــەوڵێکی هاوبــەش بــۆ قبــوڵکردنی، دواکــاری بکــەن. لــەم رویـــەوە کۆمـــەڵگای مێژوویـــی نەتـــەوەیی، کۆمـــەڵێك لـــە دەروەسـتو ئەرکەکانــە. جێکــەوتنی ئــەم مەســەلەیە کــە ئێمــە لـــەدایکبوی نەتەوەیـــەکین، دەروەســـتی بـــۆ بـــەردەوامبوونی جمان(حرکــت) بــەرەو داهــاتوو بــە ئــەزمون وەرگــرتن لــە رابردوو پێك دێنێ .

3- مەســەلەی شوناسـێکی هەڵسـوڕ لــە شوناســی نەتــەوەییو بڕیاراتێــك کــە لــە چوارچێــوەی واتــای نەتەوەیــەك بیــری لێکردۆتــەوەو بــەڕێوەدەچێ شوناســی نەتەوەیــەك لــە شوناســی نەتەوەیەکی دیکە جیادەکاتەوە .

4- پێوەنـددانی کۆمـەڵێك لــە خـەڵك لــە شـوێنێکی جوغرافیـایی تایبەتدا، رەهەندێکی دێکە لە شوناسی نەتەوەیی‌یە .

بــە بـاوەڕی کـوردیزم، ئــەم توخمــە نیشـتمانییە کــە پێوەنـدی نێـــوان نەتـــەوەو دەوڵەتـــەکان پێـــك دێنـــێ. لـــەو روانگـــەوە، دەوڵـــەت، دەتـــوانێ سیســـتمێکی دەســـەڵاتیی رەوا لـــە ســـەر ناوچەیەکی جوغرافیایی بێ.

5- بەشـــداریی کۆمـــەڵی نەتـــەوەیی لـــە دیـــاریکردنی چارەنووسـی خـۆی لـە چوارچێـوەی شوناسـێکی نەتـەوەیی، بـە پێناســەی "پێگــەی نەتــەوەیی(منش ملــی)" دەگــاو دەبێتــە هــۆی پێکهێنـانی "کولتـوورێکی هاوبەشـیی گشـتی (فرهنـگ عمـومی مشترك)" یەکێکی دی لەو رەهەندانەیە .

6- بواری دەروونی لە واتای شوناسی نەتەوەییش جێگای گرینگی پێدانە. کۆمەڵگەی نەتەوەیی کە لەگەڵ یەکدی لە شوێنێکی جوغرافیاییدا کۆبوونەتەوە، خاوەن چارەنووسێکی هاوبەشن، کە بەهۆیی تایبەتمەندیگەلێکی کە تێدا بەشدارن گرێدراوی یەکدین، خاوەنی توخمگەلێکی شوناسی تایبەتین کە لەیەکدی جیایان دەکاتەوە، کردەوەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان هەیەو، فەرهەنگی هاوبەشی گشتییان پێك هێناوە. یەك دەستو گشتگرینو بەگشتی لە ئاستە نێونجییو گشتییەکاندا، هەڵسەنگاندگەلێکی یەکسانیان هەیەو نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیان وەك یەکە، بوارێکی دەروونی هاوبەش پێکدێ کە دەڕژێنێتە چوارچێوەی نەتەوەیەکەوەو باوەڕێکی هاوبەشو دەروەستێکی بەرامبەر، مێژینەی مێژوویی، "پێگەیەکی هەڵسوڕ(منش فعال)"، هاوپێوەندی بە چوارچێوەیەکی تایبەتو جیاوازبوون لە کۆمەڵگەکانی دیکەدا "کردەکاری(کنش) دەروونی" پێك دێنێ. کە دەبێ هۆی هەستو تێگەیشتنی جیاوازی یەکەکانی نەتەوە لە سەرچاوە گشتییەکانی دیکەو لە ئاکامدا دەگاتە"شوناسی نەتەوەیی."

7- کولتووری هاوبەشیی نەتەوەیی لە دابینکردنی بەستێنێکی لەبار بۆ یەکیەتییدان، ناخباوڕی(ژاتباوری)و دەروونگەرایی(دروونگرایی) شوناسی نەتەوەییە. کولتووری نەتەوەیی خۆی بە باڵاترین قۆناغی زەنجیرەپلە(سلسله مراتب)ی کولتوورەکان دادەنێو لە هەنگاوی یەکەمدا تەواوی تایبەتمەندییەکانی، بۆ خۆی رێكو دیاری دەکا. هەڵبەت ئەمە بە واتای ناڕەوابوونی لە هەمبەر کولتوورەکانی دیو پێکەوەنەژیانیان نییە. کولتووری نەتەوەیی نەتەنیا خەریکی سەرکوتو

سـنووردارکردنی کولتـووری نەتـەوەکان نـابێ بـەڵکوو کولتـووورە بێسـنوورەکانیش کـە یەکیـەتیی‌و هەڤبەندی(همبستگی) نەتـەوەیی لـە چواچێـوەی ئاسـتەوە بـۆ چوارچێـوەی رەهەنـد دەگوازێتـەوە، رۆگـەی بـەهێزکردنی کولتـووری نەتـەوەیی بـۆ خـۆی قبـوڵ دەکـا. ئامـانجی "کـوردیزم"، بـەرگری لـە ئاوێتـەبوون‌و تێکـەڵاوبوونی کولتووری لـە رێگـەی سڕینەوەی کولتـووری نەتـەوەیی نیـە، بـەڵکوو گرینگتـرین ئامـانجی پترکردنـی هەنبانـەی سـەرچاوەکانی ئـەم کولتـوورە لـە رێگـەی رێکخسـتنی راسـتییە کولتوورییـەکان‌و لـە ئاکامـدا، وزەبەخشـین بـە کولتـووری نەتـەوەیی لـە روانگـەی چەندایـەتی‌و چۆنایەتی‌یـە. "کـوردیزم" لەسـەر ئـەم باوەڕەیـە کـە کارتێکـەری فرەهێنـەر(تکپریۆر)ی کولتوورەکـان لـەم قۆناغـە لـە مێـژوودا، چەشـنێك لـە دەرفـەت‌و هەلـە نوێیەکانـدا دەخـوڵقێنی کـە دەتـوانێ شوناسـی نەتـەوەیی پڕبەرهـەمتر، فرەتـر، فرەچەشـنتـرو پێگەیشـتوتر بکـا. لـە چوارچێـوەی قبـوڵکردنی ئـەم مـژارەو هەڵکەوتـە نوێیـەکانی بەرهـەمهاتوو لـە کردەکـارو دژکردەوە(متعامـل)ی کولتوورەکانـە، کـە بـۆ شوناسـە خـۆجێی‌یـەکان دەرەتـانی هـاوژینی‌و ئاوێتـەبوون لـە پـەنای یەکدی‌دا دەدۆزێتەوە.

لـە روانگـەی نەتـەوەخوازی کـوردەوە، شوناسـی نەتـەوەیی "کـورد" بـۆ شـارۆڤەندێکی کـورد، شوناسـە دەگمـەن‌و رەسـەنەکەیەتی کـە لەبەرانبـەر شوناسـە دەسـتکردو داسـەپاوەدا، رێنـوێنی مانـەوەو دینـامیکی ناسـراوی بـۆ هـەموو پێویسـتییەکانی نەتـەوەی کـورد، کێشـەو چەڵەمـەکان‌و ئـەوەی کـە کۆمـەڵگای کـورد لـە نـاوەو دەرەوە بـەرەوڕوی دەبێتـەوە. ژیـانی ئاوەزمەندانـە (عقلانـی) نەتـەوەیی کـورد، بەرهـەمی

هزرێکــی دەگمــەن(ناب)ی کــوردی، رەســەن‌و کارامەیــە کــە رێگــەی راســتەقینەی دادپــەروەری لــە سیســتمێکی هــزری پیشــانی نەتــەوەیی کــورد دەدا. ئــەم سیســتمە بــە بەخشــینی هزرێکــی نــوێ‌و کردەوەیــەکی نــوێ بــۆ نەتــەوەیی کــورد، رێنــوێنی ئــەو بــۆ گۆڕەپانــە نوێییــەکان‌و تــەواوی تایبەتمەندییــەکانی ژیانیــەتی. "کــوردیزم" هزرێکــی بەدیهێنــەری شوناســی ســەربەخۆی کــورد بــۆ گەیشــتن بــە هاوســەنگییەك لــە رۆژهــەڵاتی نــاقین‌و وێنــەی لــە جیهانیش‌دایە .

خــاڵێکی دی کــە پیویســت بــە شــرۆڤەکردنە، لادانــە دەروونییــەکان (انحرافــات روانــی)و دەرهەســتەکان لــە مەســەلەی شوناســی نەتــەوەیی‌یــە. لــە روانگــەی "کــوردیزم"ەوە، تەنانــەت کەســانێك پێیــان وایــە کــە لــە بــارودۆخی ئاسـاییدا لەهەمبــەر نەتــەوە بێ‌لایــەنن، لــە کــاتێکی هەســتیاردا کــە پێوەندیــدار بــە چارەنووســی تــەواوی نەتەوەکەیانــەوە هــەبێ زۆر بــە سـانایی تێدەگــەن، پێناسـەیان لــە شــوناس بــە شــێوەیەك دەبــێ کــە بەختــەوەربیان بەتــەواوی گرێدراو بە کۆمەڵەکەیانەوەیە .

زۆربــــەی تاکــــەکانی دیکــــە، ئاگایانــــە هەســــتە پێوەندیــدارەکانیان بــە شوناســی نەتــەوەیی ســەرکوت دەکــەن. ئەوانــە ئەمــە بــە بیرکردنــەوەی دروســتی هۆکارەکــانی خۆیــان ئــەنجام دەدەن. شـێوە دزێـو یـان لادانـەکانی نەتـەوەخوازیی لـە هەنــدێك لــە وڵاتانــدا لــە چوارچێوەگــەلێك وەك "شــۆڤێنیزم"، "پــــاتریۆتیزم( نیشــــتمانپەروەری (مــــیهن‌پرســــتی)" و "چــائۆڤینیزم (نیشــتمانپەروەری دەمارگرژانــە)" هۆکــاری بنــەڕەتی ئــەم شــێوە تێگەیشــتنە دەتــوانێ ببــێ. لــە روانگــە "کــوردیزم"ەوە، لــە شــوێنێکدا کــە شوناســی گروپێکــی

ئـــەتنیکی(قومی) لـــە مەترســـی هەڕەشـــەدا بـــن یـــان ئامانجـــە سیاســـییە رەواکـــانی کەوتۆتـــە مەترســـییەوە، ئەگـــەر خـــۆی لـــە چوارچێـــوەی نەتەوەیـــەك وێنـــا نـــەکاو ئامانجـــەکانی لـــە روانگـــەی نەتەوەخوازییـــەوە نەهێنێتـــە بەرباســـەوە، وادیـــارە رێگەی بە هەڵە چووە .

***

## فەلسەفەی کوردیزم

لـــە فەلسـفەی کوردیزمـدا، دەوڵـــەتی نەتـــەوەیی راســـتەقینە، دەبـــێ دامەزراوەیـــەکی مـــرۆڤخوازانـــەو پێکهاتەیـــەکی شارسـتانییانە بـێ کـە سیسـتمێکی یاسـایی پێـك دێنـێو پاراسـتنی مافـەکانی مـرۆڤ بەگشـتیو مافـە شـارۆڤەندییەکان بەتایبـەتی دەســـتەبەر دەکـــا. ئـــەم خەڵکـــە مرۆڤخوازانـــە، پێکهاتەیـــەکی دەســتکاری مــرۆڤ (یــك ســاختار انســان ســاختە) (man made)ە کـە لـەودا خـەڵکی دەتـوانێ هەسـت بـە تـەناهی بکـاو بەرپرسیارانە لە تەواوی بوارەکاندا بەشداریی هەبێ .

لـــەم فەلســـەفەیەدا، سیاســـەت چەشـــنێك چـــالاکیی تایبـــەتی مرۆڤـــە کـــە لـــەودا، چوارچێـــوەی تایبـــەت بـــۆ کـــردەوەی ئازادانـــەی مـــرۆڤ هەیـــەو شوناســـی نەتـــەوەیی وەك پێکهێنـــەری تـــاك لـــە رێگـــەی کـــردەوەی بەرانبەرانـــە لەگـــەڵ کەســـانی دیکـــەدا لـــە چوارچێوەیـــەك زەوینـــی(ارزی)و کولتووریـدا، واتـای تایبـەت لـە خـۆیو جوغرافیـایی تایبـەت بـە خۆیـــەوە، پێکـــدێنێ. هـــەروەها دەرەتـــانی بەدەســـتهێنانی "خۆیبوون(خودبـــودگی)"و شوناســـی نەتـــەوەیی لەســـەر

بنـــەمایی ئەندامـــەتی لـــە کۆمەڵگایـــەکی مرۆییـــە کـــە لـــەودا مافـــەکانی مـــرۆڤ و یەکســـانی تاکـــەکان دەتـــوانێ لـــە مەیـــدانی سیاسەتدا دەستەبەر ببێ .

لـــە فەلســـەفەی "کـــوردیزم"دا، هەســـتی شوناســـی هاوبـــەش لـــە ڕێگـــەی زمـــانی هاوبـــەش‌و کولتـــووری هاوبـــەش دەبێتـــە هـــۆی ســـەرهەڵدانی شوناســـی کولتـــووری نەتـــەوەیی‌و شوناســـی زمـــانی نەتـــەوەیی. بنیـــاتی نەتـــەوەیی‌و هۆکـــاری پێکهێنـــانی هەســـتی بـــەهێزی شـــوناس نێـــوان هـــەموو نەتـــەوەکان بەشـــێوەیەکی گشـــتی‌و نەتـــەوەی کـــورد بـــە تایبـــەتی‌و ژێرخـــانی بەشکۆی خەونی سەربەخۆییە.

کـــوردیزم لـــەو باوەڕەدایـــە کـــە هـــەر شـــارۆڤەندێك بـــە هـــەر بـــاوەڕێکی سیاســـییەوە کـــە هەیـــەتی، شـــارۆڤەندی نەتـــەوەیی کـــوردەو نـــە ئەنـــدامی وڵاتـــانی گرووپـــی باڵادەست(ســـلگە ]لێـــرەدا مەبەســـت لـــە باڵادەســـتی نەتـــەوەی داگیرکـــەرەو لـــە بەرانبـــــەر وشـــــەی ژێردەستەیی(زیرســـــلگە) دانـــــراوە. وەرگێـــڕ[])، مافـــە سیاســـی، کولتـــووری‌و ئابوورییـــەکانی خـــۆی لەســـەر بنـــەمای پێویســـتییەکانی ســـەرەوەدا خـــۆی پێناســـە دەکـــاو لەســـەر ئـــەم بنەمایـــەوە، بەربەســـتی مافـــە یەکســـانییەکان بـــۆ جـــەماوەری نەتـــەوەیی لـــە بەرامبـــەر نەتـــەوەکانی دیکـــەی جیهاندایە، لە هەمان کاتدا، ڕێزگرتن لە مافەکانیانە .

نەتـــەوەخوازی کـــورد هـــەوڵ دەدا لەگـــەڵ "ســـڕینەوەی فرەبایەخی(چنـــــدارزش زدایـــــی)"و "ســـــڕینەوەی فرەلایەنەیی(چنـــد گـــانگی زدایـــی)"دا شوناســـی یەکپارچـــەیی نەتـــەوەیی بگەڕێننـــەوە بـــۆ نەتـــەوەی کـــوردو لـــە تێپـــەڕین لـــە قۆنـــاغی "یەکپارچـــەیی"ەوە، خـــەڵکی کوردســـتان لەگـــەڵ ئـــەم تیۆرییـــەی کـــە نەتـــەوەی کـــورد دەبـــێ وڵاتـــی خـــۆی هـــەبێ‌و لەســـەر بنـــەمای مێـــژوو و میراتـــی هاوبـــەش، نەریتـــەکان‌و

زمانی هاوبەشو ئارمانجو باری دەروونی هاوبەشدا، ڕێنوێنی بکرێ .

"کوردیزم" پشتیوانی لە هزری سەر بە نەتەوەیەك، بوونی کوردەکان، لەگەڵ پێناسەی شوناسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی جوغرافیایەکی دیاریکراودا، تەواوی قۆناغە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد، لە هێڵێکی هاوبەشدا پێکەوە گرێ دەدەنو لە خەبات بۆ پێناسە، گەشەسەندنو سەقامگیری "کورد کێیە؟"و "کورد چییە؟" هەوڵ دەداو لەگەڵ ئەوەی کە واتای بەشێك لەوەی کە واتا دەداتە "کوردبوون". لێکدابڕانەکانی سەرچاوەگرتوو لە دابەشبوونی کوردستان لەگەڵ پێکهێنانی سیستمێکی ئاوێتەکراو لە دەوڵەتی ناوەندیو دامەزراوە سەقامگرتووەکانی ئیداری، یاسادانەریو دادپەروەریدا، داپۆشراوەو ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەتی یەکپارچەی نەتەوەیی لەگەڵ پێناسەی وڵاتی سەربەخۆی کوردستاندا، هێنایە کۆتاییەوە. لەم حاڵەتەدا، "کوردیزم" وەك ڕاڤەوانێك لە نەتەوەیی کورد، لە نێو دەوڵەتی نەتەوەیی کورددا، واتا پەیدا دەکا .

"کوردیزم"، هێزی غروور لەگەڵ هەستی ڕساڵەتدا ئاوێتە دەکاو بە ڕوونی دەستەبەرکردنی هەستی هاوپێوەندیی سۆزداریی شارۆڤەند(شهروند) لەمەڕ دەوڵەتی نەتەوەییە. ئەم هەستە هاوپێوەندییە(حس تعلق)، بە شێوازە جۆراوجۆرەکان، ئامادەبوونی گرووپێك ڕێك دەخا کە "دەوڵەتی نەتەوەیی" زۆر بایەخدار دەژمێرێو بەم شێوەیە، ئەندامەکانی بۆ فیداکاری بێئەملاوئەولا لە پێناویدا، تەیار دەکا. نێوەرۆکی پەیڤێ کە شارۆڤەندان هەستی پێدەکەن بەختەوەرییان لەگەڵ دەوڵەتدا، گرێدراوە.

پێکهێنـــانو پاراســتنی یەکیــەتییو ســـەربەخۆییو دەســـەڵاتی دەوڵــەتی نەتــەوەیی، ئامــانجی بنــەڕەتی نەتــەوەخوازی کــوردە کــە بــە ســەپاندنی هێماکــانی نەتــەوە "ئــاڵا، ســرودی نەتــەوەیی، قارەمانــــەکانو ..." بــــە داهێنــــانی چەشــــنێك گوتــــار لــــە نەتــــەوەخوازی گەیشــتوەو لەگــەڵ پێکهێنــانی بیرێکــی "ئێمــە لــەوان جیــاین (مــا متمــایز از ێنهــا)" دەبێتــە هــۆی فرەبــوونی "نەتــــەوەخوازی سیاســــی". پێکهێنــــانی بیرێکی"ئێمــــە لــــەوان جیــــاین" پتــــر لەســــەر بنــــەمای چەشــــنێك نەتــــەوەخوازی جێکــــەوتووی شــــارۆڤەندییە کــــە بنەڕەتەکــــەی بنەواشــــە سیاســــــییەکانی وەك: واتــــــا یاســــــاییو ئاوەزمەندییــــــە شــــارۆڤەندییەکانو بــــە هــــۆی میراتــــی هــــزریو کولتــــووری هاوبــــەش، مافــــە تایبەتــــە چەقبەســــتوو(غیرقابل انتقال)ەکــــانو مــافی ژیــان، ئــازادیو گــەڕان بــە دوای بەختــەوەری لای ئێمــە بــۆ ســەرهەڵدانی ئــەم بیــرە گەیشــتووە. کــورد لــە کــوردیزمدا، خــاوەنی زمــان، پرەنســیپو دابو نەریتەکانــە کــە دەیپــارێزێ، خوازیــــاری تایبەتمەندییــــە دەگمەنــــەکانی کوردییــــەو لــــەو رێگایــەوە هــەموو نەتــەوەکانی جیهــان بــە قەناعــەت دەگەیــەنێ کــە "خــۆی" بــۆ خــۆی هــەنگاو هــەڵدەگرێ نــە بــۆ "کەســانی دی ."

لــــە کــــوردیزمدا، ئەگــــەرچی تــــاك وەك بکــــەر(فاعل)ێکی ئاوەزمەنــد (عاقــل)، ســەربەخۆو ئــازادە، بــەڵام لــە راســتیدا، ســــەر بــــە کۆمەڵگایەکــــەو لەگــــەڵ ئامانجــــەکانی کۆمــــەڵگای کوردســـتان پێناســـە دەکـــرێ. لـــەم روانگەیـــەوە، ســـەربەخۆیی ئاکــاری راســتەقینەو بایەخــدار، تــەنیا لەگــەڵ هاوپێونــدی بــە کۆمــــەڵگای کوردســــتانەوە ســــەقامگیری دەبــــێو ئەمەیــــە فاکتــــەری جیــــاوازی جــــەماوەری نەتــــەوەیی کــــورد لــــە نەتــەوەکانی دیکــە. بــاوەڕی کــوردیزم ئەوەیــە کــە "خــۆ" دەبــێ

کۆمەڵگای خۆیی بپارێزێ، چوونکە لەنێوچوونی کۆمەڵگا، سەربەخۆییو گەشەکردویی دەخاتە مەترسییەوە. بە دنەدانی تاکەکان بۆ پاراستنی کۆمەڵگای خۆی، هەر ئەو ئەرکەی شارۆڤەندی بۆ بەرگریکردن لە نەتەوەیی خۆییەو بەم شێوەیە، "هەڤبەندی بەکۆمەڵ (همبستگی جمعی)" دەبێتە "هەڤبەندی نەتەوەیی(همبستگی ملی) ."

لە نەتەوەخوازیی کورددا، تەواوی بیاڤەکان بۆ راگرتنی رۆحی نەتەوەیی، وێناکردنی تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی نەتەوەی کوردن. لەم روانگەوە نەتەوەکان پێکهاتەو دەستکردی کردەوەی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتیو ئابووری خەڵکێکی تایبەتە کە لە چالاکییە دیارەکاندا، بەشدارییان کردووە. نەتەوەی کوردو بەرزراگرتنی لە بیاڤە فرەچەشنەکاندا، ژێرخانو یەکگرتوویی پێکهاتەی سیاسی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردەو مانایی پێدەبەخشێ. بیاڤە جۆراوجۆرەکانیش لە بەرانبەردا، لە رێگەی بانگهێشتنو لە راستیدا، خوڵقاندنی وێنەی یەکیەتیی خوڵقێنی نەتەوەو شوناسی نەتەوایەتیی، یاریدەری پاراستنی نەتەوەییە. کوردیزم لەم راستییەوە سەرچاوە دەگری کە هەر شارۆڤەندێك، وێنەیەکی هەمەکی(کلی) هاوبەش لە خۆیدا هەیە. هەروەها خوڵقاندنی وێنەیەك لە نەتەوەو شوناسی نەتەوەی هاوکات لەگەڵ ئەودا، جیا لە پێکهێنانی وەفاداری، بەرپرسایەتیو دەروەستی شارۆڤەندان بە خوڵقاندنی شوناسێکی گشتگیر دەگا کە جیاوازییە لاوەکییەکانو وەفادارییەکان وەك پێوەندییە ئەتنیکی (قوم)ی یان ئایینی لە کێبەرکێی یەکتر دادەنێو رەنگە حەشیمەتی نەتەوەیی توشی لێکدابڕانو دژایەتی بکا، دادەسپۆشێنێ .

شارۆڤەندێکی راستەقینەی نەتەوەخوازی کورد دەستەبەرکردنی شتێك پتر لە بەکارهێنانی مافەکانو چارەنووسی دیاریکراوی تاکەکانە. لە واتایەکی هەرواتردا، شارۆڤەند کەسێکە کە وەفاداریو دەروەستی ئاکاری لەهەمبەر نیشتمانو نەتەوەیی خۆیدا هەست پێدەکاو ئامادەیە لە هەندێك بوارەوە بەرژەوەندیی تاکەکەسی بۆ کۆمەڵگایەکی بەرینتر دابنێ. کوردیزم، شارۆڤەندگەلێکی دەوێ کە وەفادارییان لە پلەی یەکەمدا بۆ کوردستانو کەسانێك کە شوناسی کوردی بناسنو قبوڵ بکەنو پێی دەروەست بن .

کوردیزم لە بەرزکردنەوەی خۆئاگایی مێژوویی کاریگەر (Effective historical consciousne) لە بەرانبەر خۆئاگایی مێژوویی (historical consciousness)، گەرەنتی بەرزکردنەوەوی ئاستی ئاگایی نەتەوەیی کورد، هەبوونو بەردەوامبوونی لە تەواوی چارەنووسیدا دابین دەکا. بەم شێوەیە، نەتەوەی کورد دەبێ ماوەیەك پێش لەوەی کە خۆی لە رێگەی هەڵسەنگاندنەوە خۆی بناسێ، خۆی لە بنەماڵە، کۆمەڵگاو نیشتمانێك کە تێدا ژیابێ بە شێوەیکی رون، تێگەیاندوە .

لە روانگەی نەتەوەخوازی کوردەوە، کوردستان، گشتییەکی یەکانگیر(cohensive A whole)ە کە هەموو توخمەکانی وەك: نیشتمان، نەتەوە، کولتوورو زمان، پێوەندی ئۆرگانیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. لەم روویەوە هەرکات روانین بۆ کوردستان روانین بۆ یەکەیەکی هەمەکی پێك دێت. ئەوکات هەر هەڵوێستێك بگیردرێ، هەر حوکمێك دەرببڕیو هەر ئامانجێك بێتە بەرباس لە چوارچێوەی جیهانبینییەکی دیاریکراوداو تێڕوانینێکی

تاییــەت لەهەمبــەر ژیــاندا، هــەموو بایەخــەکانو میتۆدەکــان پاســاو دەداتــەوە، دۆخو پرســەکان هەڵســەنگێنێو یــەکانگیری لە کردەوەو دژکردەوەکان دیاری دەکاو تەتەڵەی دەکا.

"کــوردیزم" لــە روانگــەی فەلسـەفەی سیاسیشــەوە نــە بــە واتــای ســەروەریخوازی نەتــەوەی کــوردو هەوڵــدان بــۆ پــاوانکردنی مــافی نەتــەوەکانی دیکــە لــە گــەڕان بــەدوای بەرژەوەنـدیی ژیــانی خۆیــەوە بــێ، بــەڵکوو پشتســوربوون بــە مــافی بەرانبــەری بــۆ تــەواوی نەتــەوەکان لــە رەوتــی پشــتیوانی لــە کولتــوورو گــەڕان بــە دوای بەرژەوەندییــەکانی هــەرکام لەوانە .

نەتــەوەخوازی کــورد هــزری دەســەڵاتداریی خــەڵك، مــافی ئــازادی سیاســی، ئــازادی رۆحــیو دەروونــی، دەستڕاگەیشــتن بـــــە راســــتییەکانو ئـــــازادی دەرهەســــت(معنوی)ییەکان، وەرگرتنــی دادپــەروەری راســتەقینەو پــارێزەری لــە بــاوەڕی نەتــەوەیی نەتــەوەی کــوردە. "کــوردیزم" هزرێکــە بــۆ واتــا بەخشین بە هەبوونو چیبوونی نەتەوەی کوردە.

***

"کــوردیزم" ســەلماندنی شوناســی نەتــەوەی لــە چوارچێــوەی "دەوڵـــــەت ـ نەتەوە"دایـــــەو وەك تیۆرییـــــەك "ســـــیمایی سیاســی"یە کــە دەربــڕی سیماسروشــتییەکانەو پێوەنــدیی تــاك لەگــەڵ کۆمەڵەکەیــەتی. "ئیــزم "(ism)لــە "کــوردیزم"دا "کــردەوە"(Practice) یەکــە، رەوتێــك لــە گەشەســەندن، کردەکــار، میکــانیزمی گونجــاو و قەرەبوکردنــەوەو گێڕانــی رۆڵـــی کاراکتەرانـــە لـــە لایـــەن "جـــەماوەرەکان"و "بژاردە(نخبــە)کان"ەوە لــە پروســـەی "نەتــەوەخوازی"ی دایە .

ناســــــيوناليزم وەك "زاراوەيــــــەكی مـــــــودێڕن"، "خۆناســيار(خود شــناخت)"ی كۆمەڵايــەتی مرۆڤەكانــە، كــە خــۆی بــە وێنــەی شوناســێكی جيادانــەرو لــە چوارچێــوەی يەكەيــەكی سياســی، شــوێنێكی جوغرافيــايیو كولتــوورێكی جيادانــەردا پێناســە دەكــەن. ئەمــە بــەواتای "هاوڕەگــەزبوون" لــە يەكەيــەكی سياســیو فەرهــەنگیو "چەندايــەتی تايبــەت"و هاوتەريبيدايــە كــە مــەرجی پێويســت بــۆ پێكهێنــانی "دەوڵــت ـ نەتەوە" دێتە ئەژماردن .

***

"كــــوردیزم" بنياتنانــــەوە (بازســــازی)ی راســــتييەكانی ســـەرەوەی كـــورد لـــە بيـــرو واقێعييـــەتبەخشـــين بەودايـــە. "كـــوردیزم" واتـــە هاوبەشـــيبوون لـــە نێـــوان بەرژەوەنـــدی، هـــزر، ســـۆز، بيـــرەورەی، تـــرسو هيواكانـــدا، لـــەوەی كـــە دڵ، هەستو مێشك هەستی پێدەكەن .

لــە "كــوردیزم"وە فێــر دەبــين كــە كۆمــەڵگای كوردســتان، پێويســـتی بـــە گۆڕانگاريیـــەكی هەمەكیيـــەو يـــەكێك لــــە پێشمەرجەكانی ئەم گۆڕانە، بە گشتی چەمكی هزرە.

"كـــــــوردیزم"، بـــــــزاوت لــــــــە دەرهەســــــــتە پەردەوازە(پراكنــدە)كان بــۆ واقعييەتــە چڕبەســتەكان، بــزاوت بـــــەرەو هاوســـــەنگی ناســـــەقامگيری "نۆرمخـــــوازی (هنجــارگرایی)"بۆ هاوســەنگی ســەقامگيری نەتــەوەخوازی كـــوردو هـــەوڵ بـــۆ يـــەكانگيری واقعييەتـــە سياســـی، كۆمەڵايـــەتیو فەرهەنگييـــەكانی نەتـــەوەی كـــورد دەدا. دەرەتــانی ئامــانجدۆزی(هــدفيــابی) لــە "كــوردیزم"دا، بــە واتـــای گـــەڕان بـــە دوای ئامـــانجی نەتـــەوەی كـــوردو چـالاككردنــی هێــزو ســەرچاوە كوردســتانييەكان بــۆ گەيشــتن پێيـــان بـــە شـــێوەك كـــە رێگـــەی ناچـــاركردنی هۆكارەكـــانی

کۆمەڵگایـەك بـۆ بـەڕێوەبردنی کردەوەیـەك لـە چوارچێـوەی ئامانجـە گشـتییەکانیدا بـە شـێوەیەك دابـین بکـا کـە بتـوانێ سـەرچاوە تاکەکەسـیو گشـتییەکانی کۆمـەڵگا لـە رووگـەی (جهـت) ئامانجـە گەلاڵـە دارێژراوەکانـەوە بـەکار بهێنـرێو لەگـەڵ دیـاریکردنی روانگەگـەلێکی پێناسـە کـراوو دروسـتو ئامـادە کـراودا، دەگەینـە تێگەیشـتنە هاوشـێوەو پێناسـە هاوبەشـەکان تـا جـەماوەریی نەتـەوە تێبگـەن، کـە لـە بارودۆخـە جۆراوجۆرەکانـدا چـۆن دەبـێ کـار بکـرێ. بـەم شـێوەیە، بـە بـاوەڕی "کـوردیزم"، دەسـەڵات لـە کۆمـەڵگای کوردسـتاندا چڕبۆتـەوەو جگـە لـە پێکهـاتنی تۆڕێـك لـە سـنووربەندییەکان، لەگـەڵ "یـونیفێرمیزە"کردنی بـاوەڕ، هـزرو ئـایین، کوردسـتانو کـورد لـە سیسـتمەکانی دەوروبـەردا جیادەکاتـەوە. ئەمـە بـەو واتایەیـە کـە تەنانـەت کاروبارەکـان بەرواڵـەت یـەکانگیرن وەك هەسـتەکان، شـێوەکانی بـوونو تەنانـەت شـێوەکانی مـردنیش دەچنـە چوارچێـوەی "خۆ"یـەوەو بـە پێکهێنـانی ئاوێتەبوونـە گومـانهەڵنەگرە(تردیدناپـژیر)کان دەگـا. بـە هێنانـە ئـارای ئـەم بایەخـە هاوبەشـانە کـە ژیـانی تاکەکانـدا لـە رەوگـەی هاوئاهـەنگیو تەکوزییـەوە دەگـۆڕێ، کەمییـەکان لـە نێودەچێو کۆمەڵگایەکی تاكو یەکگرتوو پێكدێ.

"کـوردیزم" بەرهـەمی خۆئاگـاییو بەشـی پێویسـتی هـزری کـوردەو وەك تیۆرییـەك کـە مەبەسـتە تایبەتـەکانی خۆئاگـایی سیاسـی، کۆمەڵایـەتی، کولتـووریو ئـابووریی نەتـەوەیی کـورد دەبـێ. "بـەریانی دەروونـی (گـرایش دروونـی)" نەتـەوە بـەرەو پێگەیشـتن بـە وێنـەی ئۆرگانیزمێـك رەنگدەداتـەوە. لـەم روویـەوە دەتـوانین بڵێـین کـوردیزم، "لێکدانـەوەی خـۆی لـە زمـانی خۆی"یەوەیـە، تـەنیا کەرەسـتەیەکە کـە دەتـوانین

تــەواویی‌و راســتییەکانی کوردســتان دیــاری، وەســفــو شــرۆڤە بکــا. "خــۆ" لــەم تیۆرییــەدا، رەنگدانــەوەی(تبلور) بایەخــەکان، نۆرمـــەو ئەخلاقیـــەکانی کۆمەڵگایـــە کـــە قبـــوڵ کـــراوەو روونکـــەرەوەی ســـەردێڕی چەشـــنێك هـــزرە بـــەرەو بەختــەوەری نەتــەوەی کــورد. "خــۆ" لــە "کــوردیزم "هــەروەها لـــە ســـێ رەهەنـــدی "خۆپەســـند(خودپنداره)"، "بـــەراوردی خۆ(ارزیــابی خــود)"و "خۆنواندن(ارایــەی خــود)"، لەگـــەڵ بەڕێوبــەری بەشــێك لــە شوناســی کــوردی، جیــاواز (لــە)و هاوشێوە (بە) خۆی لە (لەگەڵ) ئەوانی دیکەدا، پێناسە دەکا.

لـــــــەم تیۆرییـــــــەدا، تەواوییـــــــەتی کـــــــورد، جیـــاییهەڵنەگر(تمایزناپـــژیر) لـــە بەشـــەکان‌و شـــیاوی گونجانــدنی لەگــەڵ تــەواوی نیشــتمانی کوردســتانداو لــە هــەموو زەمەنەکاندایە .

لـــە جیهـــانبینی "کـــوردیزم"دا، دیـــاریکردنی رێگـــە، دیـــاریکردنی مەبەســـت‌و دیـــاریکردنی کەرەســـتەکان، دەستڕاگەیشــتن بــە جیهــانی راســتەقینەی نەتــەوەیی کــوردو واتاهەڵگر(معناپـــژیر) بـــوونی لـــە "مارپێچییـــەکی بەرەوژورانــە(مارپیچی صــعودی)"و پێکهێنــانی واتــاو پێناســە یەکســـانەکان لـــە راســـتییەکی واتـــایی لـــە چوارچێـــوەی واقعییـــەت، واتـــا، پێکهاتـــە، بەرهەمســـتکردن، زانســـت‌و مەعریفــە بــە نــاوی "نەتــەوەیی کورد"دایــە. بــەم شــێوەیە، هــەموو کــەس‌و هــەموو شــتێك بــەرەو ئامــانجێکی تــاك‌و دیــار پێش دەچن‌و تان‌وپۆی پتەوی کۆمەڵگا پێك دێنن .

لەگـــەڵ تـــەواوی ئـــەم شـــرۆڤەکردنەدا، مەبەســـت لـــە "کـــوردیزم"، پەرســـتنی مرۆڤـــی کـــورد نیـــە بـــەڵکوو چــاودێریکردنی تــا گەیشــتن بــە بەختــەوەری‌و بــەو واتایــە کــە "کــورد"، شــایانی قبوڵکردنــە، نــە بپەرســترێ. بــەم هۆیــەوە

دەتـــوانین بڵێـــین کـــە "کـــوردیزم" لـــە چوارچێـــوەی سیاســـیدا، بـــەرگریکردن لـــە ئـــازادی نەتـــەوەیی کـــوردەو لـــە چوارچێـــوەی کولتـــوور، راهێنـــانی یەکســـانییە. "کـــوردیزم" تـــەنیا تیۆرییـــەکی کوردستانی بۆ نەتەوەی کورد دەبێ .

***

"کـــوردیزم"، پێکهێنـــانی دەزگایـــەکی هـــزری واتـــاییـیە کـــە لـــەو رێگەیـــەوە دەتـــوانین هەقیقـــەتی بـــوونی نەتـــەوەی کـــورد بـــۆ "خـــــۆ"و جیهـــــانی دەوروبـــــەری ئاوەڵابکـــــەین. شـــــعوورو هاوپێوەندییـــەك لەگـــەڵ کەســـانی دیکـــەدا کـــە لـــە چوارچێـــوەی نەتـــــەوەی کـــــوردەوە پێگەیشـــــتووەو جیهـــــانێکی نەخۆشـــــی خەونــــەکان بــــۆ پــــەردەوازەیی ئیرادەکــــان لــــە خــــەونێ پــــــەردەوازیی ویســــــتەکان بــــــۆ جیهــــــانێکی یــــــەکگرتوو و پێگەیشـــتوو دەگـــۆڕێو بـــەریانی پێـــداگری پتـــەو قـــایم کردنـــی تـــاکی خـــۆی یـــان پـــەروەردەی بێبەرهـــەمی نزیکبوونـــەوە لـــە شەپۆلەکانی "شوناسی نەتەوەیی"دا دەکەوێتە روو .

"کــــــوردیزم"، ژیــــــانی هاوخــــــەباتو وەکــــــی یــــــەك لــــــە شوناســـێکدا، ســـەلمێنەریی رەســـەنایەتی نەتـــەوەیی کـــورد، فێرکردنــــی راســــتییەکانی کــــورد، هاپێوەنــــدیی نەتــــەوەیی بەخشـــین بـــە هـــزری کـــوردی، قبـــوڵکردنی دەســـەڵاتی خۆئاگـــایی بەکۆمـــەڵی نەتـــەوەی کـــورد، بـــەراوردی نەتـــەوەی کـــورد لەگــــەڵ نموونــــە باشــــەکانو گەڕاندنــــەوەی بــــۆ بازنــــەی "شـــوناس"و تۆڕێـــك لـــە نـــەریتو میتۆدگـــەلێك کـــە "خۆراســـتی" ئـــەو پێـــك دێنـــێ. ئـــەم نـــەریتو میتۆدانـــە، دەبێتـــە هـــۆی ئـــەوە کـــە لەســــەر بنــــەمای بیچمێکــــی تایبــــەت، هزرێکــــی تایبــــەت، ســـۆزدارییە تایبەتـــەکان، ژیـــانی تایبـــەت، هەســـتە تایبەتـــەکانو تەنانــــەت مــــەرگی تایبەتــــە کــــە جیاکــــەرەوەی بــــە تــــەواوی

"کورد" لەوی دیکەیە. بەم شێوەیە، بەڕێوەبردنی تێکچنراو لە ریزێك لە "باری دەروونی هاوبەشیی جڤاکی(روح مشترك اجتماعی)"و "هزری دەروونیی نەتەوەیی(اندیشە روحی روانی)"، پێکەوە ئاراستەکراوەو، "شوناسێکی تایبەت (هویت خاص)" پەیدا دەکەن .

لەم نێوەدا، پرەنسیپێ کە دەتوانی واتادان بە بەشە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای کوردستانی هەبێ، پرەنسیپێکە کە تەواوی یەکەکانو توخمە پێکهێنەرەکانو بەشەجیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا پێکەوەهەڵکردنیان هەیەو یەکپارچەن، بێجگە لە تێڕوانینێکی گشتی بۆ کوردستان، وەك یەکەیەکی کارکردی چاوی لێدەکەن .

لە "کوردیزم"دا، ویستەکانی تاك بە شێوەیەکی ئارمانجی لەگەڵ بایەخەکانی بوونی سیستمی کۆمەڵایەتی یەکدەگرنەوە، خۆراستی کورد لە رۆڵی کۆمەڵایەتیدا یەکدەگرێتەوەو لە هاتنەبەرباسی بایەخە هاوبەشەکان کە بواری نۆرمییان هەیە، کردەکاری سیاسی، کولتووریو کۆمەڵایەتی پێوەندیدار بە بایەخەکان پێكدێو نەتەوەی کورد بەوەی "خۆی" دروستی کردووە وەڵام دەداتەوە. ئەوەش هەروەها بە پێناسەی رێکخراوەییبوون لە تۆڕێکی رۆڵو بەرپرسایەتی توخمەکان، بێجگە لە دابینبوونو گەرەنتی مانەوەی بایەخەکانو یەکانگیریو یەکگرتوویی تایبەتمەندیگەلێكو دیاریکردنی سنووره سیستماتیکەکان، هەوڵ دەدا نموونە کولتوورییە بنەماییەکان بپارێزێ، یەکیەتییو یەکڕیزی بداتە ئەندامەکانی، بە ئامانجەکانی کۆمەڵگای کوردی بگاو لەگەڵ دەوروبەریدا پێکەوە هەڵبکاتو یەك بگرێتەوە .

"کــــوردیزم" پەیامهێنـــەری راســـتییەکی رەهـــا بـــە نـــاو "کـورد"ەو، هێـزی بیرکردنـەوەی لـە جیهـان بـە کەرەسـتەکانی زمـــانو هـــزری کـــوردی، دۆزینـــەوە "خود"ەکـــان، نیشـــتمان، نـــەریت، ژیـــانو هـــزری لێکـــدابڕاوی نەتـــەوەی کـــورد، بەربـــەرەکانێ لەگـــەڵ دابەشـــبوونی مرۆڤایـــەتی لـــە لایـــەن ســـنووره دەســـتکردەکانی مرۆیـــیـیـــەوەو رەتکردنـــەوەی وێنەگـەلێ کـە بـە نـاوی نەتـەوەی کـوردەوە، لـە لایـەن "ئـەوی دی"یــــەوە کێشــــراوە، دەمامکگەلێکــــە لەگــــەڵ نــــاوە جۆراوجۆرەکـــانو واتاگـــەلێکی لێـــوڕێژ لـــە هێمـــا رقهـــەڵگرتووەکان، "شوناسـی راسـتەقینەی کـورد" لـە بـــەرچاوگرتووەو لـــە راوەدوکـــەوتنی(تعقیب) "شوناســـی دەستکرد" لە لایەن "ئەوی دیکەوە" بۆ "خۆ"یە.

"کــوردیزم"،"دەربڕی شوناسـی نەتـەوەیی" لەسـەر بنـەمای یەکـەم کەسـی کۆ"یـەو تـەنیا لـۆژیکێکی بـۆ قبـوڵکردنی رەوایـی کورد(بـە هـەمان شێوە کـە هەیـە)ە، رێزگـرتن لـە رەسـەنایەتییە دەرهەســـــتەکانو رێزگـــــرتن لـــــە تایبەتمەندییـــــە کولتوورییەکانیەتی؟

"کــــوردیزم"، قوتابخانـــەی یەکســـانی دەرفەتـــەکان بـــۆ نەتـــەوەی کـــورد لـــە بەرانبـــەر مرۆڤەکانـــداو تاقـــە رێگایـــەکی تێپـــەڕین لـــە قۆنـــاغی ســـاوایی، بێـــزاری رقو هەوەســـکردنی بێدەســـکەوت بـــەرەوە هزرڤەنـــدی، دادپـــەروەریخوازی، گەڕان بە دوای هەقیقەتو ئازادیخوازیدایە.

***

"کــــوردیزم"، هـــزری کـــورد لـــە رەوشـــی تایبـــەتی خـــۆی دادەنـــێ، بەزانـــدنی ئـــەم هـــزرە لـــە چوارچێـــوی ســـنوورە دەســـتکردەکانو هەڵســـەنگاندنی هـــزری کـــوردی لەســـەر

بنـــەمای چوارچێـــوە هەمیشـــەییە ناســـراوەکانی هەقیقـــەت هەڵســـەنگاندنە. ئەوەیـــە، واقعییـــەتی کـــوردی گەڕاندۆتـــەوە شـوێنی خـۆی، چەمکـە بەڕواڵـەت کـەتوارەکان دەخاتـە ژێـرو کۆمـەڵگا بـەرەو ئـەو رەوگەیـە ئاراسـتە دەکـا کـە لـە ناخیـدا شاردراوەتەوە.

"کـوردیزم"، زایەڵـەی (انعکـاس) غـروری نەتـەوەیی کـورد، ئەسـتاندنەوەی غـروری نەتـەوەیی بـۆ نەتەوەیـە، گەڕاندنـــەوەی غـــروری هـــەبوونی بێوێنـــەی کـــوردو رەســـەنایەتی خـــۆی بـــۆ "خـــۆی"، دۆزینـــەوەی هەســـتی یـــەکبوون، رەتکردنـــەوەی "ئـــەودی هـــەڵبژێـــری" وەك ئامرازێـك بـۆ بزاوتـی سیاسـیو کۆمەڵایـەتی لـە پررۆسـەی بەروڕوبوونـەوە لەگـەڵ "ئـەوی دیکـە" ئـەوی دی(نـاخود) - نەتـەوە، بـە پشـتیوانی لـە رۆحـی نەتـەوەیی لـە بەرانبـەر هێرشـی "ئـەوی دی" هەسـتاوەو چارەسـەری یەکلاکـەرەوەی ژێردەسـتەیی نەتـەوەی کـورد لـە بەرانبـەر چارەسـەرییە ئیدئۆلۆژیکییەکانـە کـە بـۆ هـەر بـوارێ تـەیار(تجویز) دەبـن. ئیدئۆلۆژیگـەلێك کـە بـە هێنانـە ئـارای تیۆرییگـەلێکی بـە واتـا هزرڤەندانـە بـۆ نەتـەوە، کـوردی لـە فەرهـەنگی خـۆی دوور کردۆتـەوەو بـەم کردەوەیـەش، هـەم هێـزی داهێنـەرو هـەم تایبەتمەندییـــەکانی کۆمـــەڵگای کوردســـتانی تواندوەتـــەوەو تـەواوی هێـزی دەخاتەگـەڕ تـا رۆحـی گەنـدەڵ بکـاو بـەرەو هزرێکـی سەرلـێشێواو و تەواویـەتێکی تـەواو بۆشـایی لـە "شوناسـی نەتـەوەی کـورد"دا، بـە لارێـدا ببـەن. بـەم هۆیـەوە، "کـــوردیزم" لەبەرامبـــەر شـــێوە بیرکردنـــەوە تایبەتـــە تێپەڕبووەکاندایـە کـە هـەوڵ دەدا بـە نـاوی کـوردەوە، خـۆی تـا رادەی هەرمانبوون(ابدیت) پەرە پێبدا :

"وەك مرۆڤـەكان بـە گـرووپ يـان تاقميّكـەوە پێوەنـد بـدرێن بــە جێگـــەی ئـــەوە كـــە بەرژەوندييـــەكانيان لەگـــەڵ تـــەواوی كۆمەڵگايەكـدا كـە گرووپـەكانو تاقمــەكان بەشـێكن لــەوانو وەك يـــەك بزانـــێ، ئەوانـــە لەگـــەڵ بەرژەوەندييـــەكانيانو هـەبوونی گـرووپ يـان تاقمێـك كـە خـۆی لەگەڵـدا پێوەنـد داوە، يەكسـان دەژمێـرن، بـارودۆخی فەرانسـە لـە سـاڵانی پێشـودا پـێش لـــە سـاڵی 1940دا كـــە دەبـــێ بـــە دەروانـــی روخـــانی فەڕانسـە نـاودێر بكـەين نموونەيـەكی باشـە. فەرانسـەوييەكان لـــە پلـــەی يەكەمـــدا خۆييـــان بـــە سوسياليســـتو كمۆنيســـتو كۆمـــاريخواز دەزانـــیو فەرانســـەوی بوونيـــان لـــە پلـــەی دووهــەمی گرينگــی دادەنــا. بــەم شـێوەيە يەكيـەتيی نەتــەوەييان لە نێو چوو. (و.ت.جونز)

"كــوردیزم"، تەواوبێژييــەكی مرۆڤخوازانەيــەو لێــوڕێژە لــە دروشـمە جۆراوجۆرەكـان، بـەڵام بـێ گۆشـتو بێڕەنـگو بێكـــەڵك بـــە فەلســـەفەی "كـــورد بـــە تـــەواوی تايبەتمەندييەكانيـــەوە" تيـــۆريزە دەكـــا. "كـــوردیزم"، تێگەيشتنە ئازادەكان لە كوردبوونيان وەلاناوە .

***

هەنووكـــە ديرۆكـــی نەتـــەوەی كـــورد لـــە پانتـــای پەردەوازەييـەكان بـەرين بۆتـەوەو بـە شـێوەيەك پارچـە پارچـە بــووە كــە نــاتوانين وێنــەی خــۆی لــە مێژينــەكانی خــۆی بدۆزێتـــەوە، "كـــوردیزم" ، كارتێنـــەكردنی ئـــەم هێڵگەلـــە لـــە پێوەنديـــدان رابـــردوو بـــە ئێســـتاو داهـــاتوودا دەدۆزرێتـــەوە. "كـوردیزم"، دەربـازبوونی نەتـەوەی كـورد لـە بێرێكـاری لـە مێـــژوو و دانـــانی لـــە رابـــردوو، ئێســـتاو داهـــاتوودا لـــە رەوگەيـــەك يـــان بـــە واتايـــەكی ديكـــە، ســـەقامگيريی نەتـــەوەی

کـــورد لـــە شـــوێن‌و زەمـــەن‌دایـــە. ئـــەو، هـــەروەها زەنجیـــرە بیرکردنەوەیـــەکی لـــە دێرینەکان(اســـلاف)و نـــەوەکان(اخلاف) لـــە خۆخواردنـــەوەی بیرێکـــی کـــوردی، ســـەدەو دەورانـــەکانی نەتـــەوەی کـــورد لـــە چوارچێـــوە راســـتەقینەکانی خۆیـــدا دەڕێـــژێ‌و لـــە گونجانـــدنی روانگەگـــەلێك، کـــە میراتـــی نەتـــەوەیی هەڕاجی دەکا .

"کـــوردیزم"، تـــەنیا ئەســـتاندنەوەی مێـــژوو نیـــە بـــەڵکوو رۆچـــوونی بـــۆ نێـــو داهاتووشـــە. بـــەم هۆیـــەوە، لـــەم تیۆرییـــەدا، زەمەن "واتادار" دەبێ .

***

خـــەڵکێ کـــە لـــە ئیقیانووســـەکانی ئـــەم جیهانـــەدا لـــە دووی شوناسـێکن، یەکـەمین شـتێك کـە نزیـكتـرین‌و کـەم وێنـەترین‌و لـــە هـــەمان کاتـــدا دەســـت پێڕاگەشـــیتن‌ترینیشـــە، هـــەمان "نەتەوە"یانە .

"کـوردیزم" بـە رەسـەنایەتی بەخشـین بـە وشـەی نەتـەوە، ئـەم وشـەیە وەك ئـەوەی لـە ریشـەی لاتینـی وەرگیـراوەو، لـە روانگـە (nascor). لـە چاوگـەی لەدایکبوویـەوە دەزانـێ. "کـــوردیزم"ەوە، "نەتـــەوە، کۆڵەکـــەی هـــزرو ژێرخانـــە کـــە ویژدانـــی تاکـــەکان پێـــك دێنـــێ‌و ئیـــرادەی تـــەواوی ئەنـــدامانی نەتەوەیـــە. لـــەم روویـــەوە گەشـــەپێدەری هـــزری بەکۆمـــەڵ بووەو لە پێناسەی:

"هەڤبەنـــدیی بـــەربڵاو دەبـــێ بـــە هەســـتکردن بـــە لەخۆبردوویـــەی کـــە تاکـــەکان کردوویانـــە یـــان ئامـــادەی ئەنجامدانییـــەتی، پێـــك دێ. پێویســـتی بـــە رابردوویەکەوەیـــە، بـەڵام لـە واقێعییـەتی ئێسـتادا هەسـتپێکراو و کـورت دەبێتـەوە، ئـــەم راســـتییانە، بریتییـــە لـــە دەربڕینـــی روونـــی ویســـتو

ڕەزامەنـــدبوون بـــە درێژەدانـــی ژیـــانی هاوبـــەش. بـــوونی نەتەوەیـــەك لەســـەر بنـــەمای ڕێككـــەوتنێكی ڕۆژانـــەو دەنگـــی هـــەر ڕۆژە بـــۆ هـــەمووان پێكـــەوە مانەوەیە".(ئێرنێســـت ڕێنـــان 1880)

لــە "كــوردیزم"، مــرۆڤ كاتێــك لــە بــوونی "خــۆی" تێــدەگا كــە بزانـــێ ســـەر بـــە "نەتەوە"یەكـــەو ئـــەم لایەنگرییـــە، لـــە كردەكـار، هەسـتو سـۆزە بـۆ بـە واتـاییكردنـی ئاوەزمەنـدێتی تاكییـەتی بــە بایەخــە هاوبەشــەكان لــە چوارچێــوەی گرووپێكــی مرۆڤایەتیدا كە بە "نەتەوە" ناودێر كراوە .

"كـــوردیزم"، هێمـــای یەكســـانی دانـــان نێـــوان نەتـــەوەی كـــوردو نەتـــەوەكانیتـــرەو پێكهێنـــانی زانـــاییو توانـــایی لـــە چوارچێـــوەی شوناســـێكی بەكۆمەڵـــدا بـــە نـــاو "نەتەوە"یـــە؟ "كــوردیزم" لـــە ڕەوتـــی ئەزمونـــەكانی "نەتـــەوەی كــورد"ەوە پێكهاتووەوە، گەشەدەكاو دەوڵەمەند دەبێ .

لـــە ڕوانگـــە "كـــوردیزم"ەوە، باڵادەســـتیو پـــاوانكردن، ســەپاندنی ڕێبــازێكی یەكلایەنــە لــە پێوەنــدی مرۆڤەكاندایــە. بــە پێـــی ئـــەم تیۆرییـــە، چوونكـــە تـــەواوی شـــێوەی پێكهاتـــە فەرهەنگییـــەكانو كۆمـــەڵگا پێكـــەوە شـــیاون، دەســـەڵاتداریی، مـــافی هـــیچ چەشـــنە ســـەروەرییەكی نیـــە بۆخـــۆی دابنـــێو شـــێوازو هەڵســـوكەوتی خـــۆی وەك چوارچێوەیـــەكی گشـــتی بێنێتە ئاراوە .

"كــــــوردیزم"، ڕەتكردنــــــەوە ڕەهــــــای فەلســــــەفەی "براگـــەورەیی (Big Brother)" لـــە سیاســـەتو ئیدئۆلۆژیدایـــە، ڕەتكردنـــــەوەی بەزانـــــدنو ڕۆچـــــوونی نەتـــەوەیی كـــوردە، تێكشـــكاندنی وێنـــەی پێشـــتر دروســـتكراو باڵادەســـت لـــەوە، هەســـتانەوە دژ بـــە بەكـــەمزانینی "خـــۆی" وەك كوردێـــكو پێدانـــەوەی شوناســـیكی بـــە فیڕۆچـــووی

"نەتەوەیی کورد"ییە. هەروەها بە بەزاندنی ئیدئۆلۆژیخوازی کە شتێکی جیا لە ئاڵوێڕکردنی زەنجیرەکان نیە، لە بەرەبەرەی پچڕاندنی تەواوی زەنجیرەکان بۆ ئامادەکاری خولقاندنی بەرچاوترین بەرهەمە مێژووییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بۆ رزگاری "خۆی" لە بەندی ستەمی "ئەوی دیکە"و بەرگریی رەوای لەخۆ لە هەمبەر بوونی داگیرکەردایە.

"کوردیزم"، پشتیوانی لە هزرێکە کە لەبەرانبەر کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵات، بێبایەخکردنی هەر ژیانێك کە شیاوی نەتەوەی کورد نیەو تێپەڕین لەسەرەڕۆیی باڵادەست بەسەر ئیختیاراتەکانی "خۆی"یەوەیە. هەروەها قبوڵکردنی خۆی بە جێگەی لاسایکردنەوەی روخێنەری "باڵادەسەڵات"و هەبوونیکردنی رواڵەتی خۆی بە هۆی فاکتەری غرورەوە .

لە روانگەی "کوردیزم"وە، کورد راستییەکی وێناکراوی ستەمێکە کە قوربانیی بووەو "نەتەوەخوازی کورد"، وێنەی بەرهەستی رزگاری لەم شێوە وێناکراوەیە. لەگەڵ قبوڵ نەکردنی پارچەپارچەبوونی نەتەوەی کورد، رێککەوتننامەیەك (قرارداد) کە بێ رەزامەندی ئەو بەستراوە هەڵوەشاوەو لەگەڵ سەپاندنی سیاسەتەکان، خەونەکان، خۆپەسندییەکانو تیۆرییە تایبەتەکانی باڵادەست، دژایەتی دەکا .

لە "کوردیزم"دا، نەتەوەی کورد، ئیدی چوکەو نەزان نیە کە باڵادەست، مەزنو رێبینی ئەو بێ. لەم روانگەوە، ئامانج، دەربازبوونی نەتەوەی کورد لە رەوشێك لە کەرەمی داگیرکەر، خاوەنی باوباپیرانێ لە رەگەزێکیتر بووە. "کوردیزم"، ستەمی "دڕندەچاکەکان(وحشیان

خـــوب)" ســڕینەوەو مــافی لەبەرداكەنــدنی بــەرگی كۆیللــەتی. ئــەو، بــە "باڵادەســت" رادەگەیــەنێ: "ئەگــەرچی كوردســتانیان خســتۆتە ژێردەســەڵاتییانەوە بــەڵام هــەرگیز دڵــی نەتــەوەیی كوردییان بۆ پاوان ناكرێ."

"كــــوردیزم"، بانگـــــەوازی رەنـــــجو رقـــــەخۆخواردوی دەورانگــەلێكی درێژخایــەنو مێــژووی ســتەم بەســەر نەتــەوەی كوردو هەوڵ بۆ "رەهایی نەتەوە"یی‌یە.

***

كولتـــوور لـــە "كـــوردیزم"دا، چوارچێوەیەكـــە كـــە تێـــدا هــەوڵێكی دەرهەســتو داهێنــەر رەوانــە. ئــەم تیۆرییــە هــەوڵ دەدا لەگـــــەڵ تێكشـــــكاندنی پێكهاتـــــە دەرهەســـــتەكانی خۆئاگانەبوونــــدا، مرۆڤــــی كــــورد لــــە رەوتــــی زاڵبــــوونی بـــەردەوام بەســـــەر هەڵســـوكەوتو بـــاوەڕە گشـــتییەكاندا، دانـــاوەو، بـــەرەو چوارچێوەیـــەكی دەرهەســـتی "هـــەوڵێكی داهێنەر" ئاراستە دەكا.

لــــە روانگــــەی "كـــوردیزم"ەوە، كولتـــوور، كۆمـــەڵێكی ناســـیارو بایەخەكانـــە یـــان بـــە واتایـــەكی دیكـــە كۆمـــەڵێك هەڵسـوكەوت، تێكنیـك، خـوو و رەوشـتەكانو بایەخگەلێكـە كـە دەربــڕی شوناســی گرووپێكــی كۆمەڵایەتییــە. لــەم روانگــەوە، هــەروەها میراتــی كۆمەڵایــەتی كولتــووری هاوبــەش بریتییــە لــە: چەشــنێكی تایبــەت لــە ئاخــاوتن، باوەڕەكــان، بایەخــەكان، نۆرمــەكان، ئیــدئۆلۆژیی، دابو نــەریتو ویــژدانو خۆئاگــایی چینایەتی، شێوازی ژیانە.

لــە "كــوردیزمی كولتــووری"دا، چوونكــە تــەواوی بیچمــە پێكهاتــە كولتوورییــەكان پێكــەوە شــیاون، گرووپــی باڵادەســت مــافی نیــە هــیچ چەشــنە ســەروەرییەك بــۆ خــۆی هــەبێ. لــەم روانگــەوە، باڵادەســـت رێگـــە نـــادا شـــێوازی هەڵســـوكەوتی

خــۆی وەك چوارچێــوەی گشــتی بێنێتــە ئــاراوەو درێــژەی پێبـدا. لــە "كــوردیزمی كولتــووری"دا تــەواوی كولتوورەكـان بــە یــەك رادە رەوانو هــیچ كەســێ نــابێ بــەهۆی كولتــوورێكی تایبــەت بــە خۆیــەوە ســەركوت بكــرێ. بــە ســەرنجدان بــەم روانگەیــە، هــەر نەتەوەیــەك كەســایەتی كولتــووری خــۆی، هــەر كولتوورێــك بایەخگــەلی ئاكــاری خــۆی، نەریتــە كۆمەڵایەتییــەكانی خــۆیو شــێوەی هەڵســوكەوتی خــۆی هەیــەو تــەواوی هــەوڵی بــۆ ئاراســتەكردنی ســەرچاوە كولتوورییــەكان بەرەو گەشەسەندنو گشتگیركردنی كولتووری كوردییە .
لــە "كــوردیزمی كولتــووری"دا، هــەرچی كــە بێگانەیــەو هــەرچی كــە بــێ هۆكــارێكی بنــەڕەتی هاتۆتــە نێــو ژیــانی نەتــەوەییو دەبێتــە هــۆی نەخۆشــی نەتــەوەییو ئــەو نەتەوەیــە، ئەگــەر بیهــەوێ ســاغ بمێنێتــەوە، دەبــێ ئەوانــە فڕەییــان بــدا. روانگــەی "جوانیناســانە"ی "كــوردیزم"یش بــەم مانایەیــە كــە هــەرچی لــە جیهانــدا بەرهــەم دێ جوانــە، بــەڵام وەكــو خــودی كــورد نیــە. كوردێــك لــە تــەواوی بەرهەمــەكانی هونــەری، هــزریو ... چێــژ دەبــا، بــەڵام نــاتوانێ لەگەڵیانــدا بــژی، چوونكــە بەهــەمان رادە خــۆراكی رۆحــی نەتەوەیــەك لــە گۆشــتو خــوێنی خۆیــەتی، بەهــەمان رادەش لــە خــۆی تێگەیشــتووەو بەســەرخۆیدا زاڵ دەبــێ. لــەم روانگــەوە، هــەر شــاكارێكی نیشــتمانێكی هەیــەو هونــەری كــوردی لەگــەڵ هــیچ شتێك دی ناتوانرێ بەراورد بكرێ :
"بــۆ دۆزینــەوەی هەســتی یــەكگرتوویو دەركــەوتنی شــادیو خۆشــی شوناســی بەكۆمــەڵ، لــە ئەســتۆی یاســازانانە كــە رێــز بــۆ رێگــەو شــێوازی نــەریتی، دابو نــەریت، قســەی نەســتەقو پەنــدە پێشــنییانەكان، بەرهــەمی كــاری بەكۆمــەڵو بەرهــەمی هــەوڵی خۆرســكو بــێ هــاواروداوی رۆحــی

نەتــەوەیی، دابنێـین. لــە ئەسـتۆی شـێعربێژانە کــە لــە رۆحــی نەتــەوەیی بـۆ بــەرگریکردن لــە بەرانبــەر هێرشــی هــزری بیگانــەدا هەسـتنەوە، زمــان بــە دانــانی وشــەگەلی رەســەن بــە جێگــەی وشــەگەلێك کــە بنەچــەیی نەتــەوەیی‌یــان نیــە پــاكو بێگــەرد بکەنــەوەو، بازنــەی فەرامۆشــکراو لــە هەمانــەی گۆرانییـــــە خۆماڵییـــــەکان بســــڕنەوەو تەنانــــەت لــــە بەرهەمەکانیانــدا لــە وێــژەی بەکۆمــەڵ لەگــەڵ رەوانــیو کــزو لاوازیو بەختەوەرییــەك کــە دیاریکــەرو کەسـایەتی نەتــەوە هێشـتا پــارێزراوەو هاوئاهــەنگو یەکــدەنگ بــەرزدەنرخێنن، ئەزموون وەربگرن."هێردێر 1803 -1774)

"کـوردیزم"، جیـا لــە هاوئاهــەنگ کردنــی تاکــەکان لەگــەڵ کۆمــــەڵگادا، پتــــەوکردنو یەکیــــەتیی نەتەوەیــــە، گــــەرەنتی تەواوییــەتو فرەیــی هــەراوی کۆمەڵگــەو بەگشــتی کردنــی رۆحییەی تاك، ناسێنەری "شوناسی کولتووری"یشە :

"شوناســـــی کولتــــووری، نــــاوکی ژیــــانی کەســــایەتیی تاکەکەســــــیو کۆمەڵایەتییــــــە. شوناســــــی کولتــــــووری بنەواشــەیەکی گرینگــە کــە بڕیارەکــان، هەڵســوکەوتەکانو کردەوەگــەلێکی "رەســەنتــر" ناسـێنراون کــە لــەوێوە ئیلهــام وەردەگرن". (بڕیارنامەی یۆنسکۆ 1982) .

لــــە "کــــوردیزم"دا، کولتــــوور، بــــە واتــــای "رۆحــــی نەتەوەیی"یە کە گرێدراوی ئەوینەیە .

***

"کـوردیزم" بـەم ئاکامـەی کـە هـەر پرەنسیپێکی گەیشـتوو بـە هــــەڵاواردن، بــــێ بنــــەماو خۆســــەرانەیە، دادپــــەروەری سـەرچاوە لــە یاسـایەکی نەتــەوەیی لــە بەرانبــەر سـەرەڕۆییو نادادپەروەریدا، دادەنێ .

"کـوردیزم" لـەو باوەڕەدایـە کـە چ لـە قوتابخانـەی "مافـە سروشـتییەکان(حقووق گبیعـی)"، چ لـە قوتابخانـەی مافـە مێژووییـەکان(حقووق تـاریخ)" و چ لـە قوتابخانـەی "مافـە بەرهـەمهاتووەکـان(حقووق اکتسـابی)"دا ، هـەموو خـەڵك، مرۆڤـەکان لـە مـافـو چارەنووسـدا، یەکسـانن. لـەم روویـەوە، رەسـەنایەتی کـوردی جێگـری هـەر چەشـنە تایبەتمەندییـەك بـە نێـو "تایبەتمەندییـە دیارەکـان"، جیاکردنـەوەی جیادانـەری کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی دیکەیە .

لـە "کـوردیزم"دا، یاسـای بنـەڕەتی کۆمەڵـە یاسـایەکە کـە بـە سـەرنجدان بـە خـەڵك، دابو نـەریت، ئـایین، رەوشـی جوغرافیـایی، پێوەندییـە سیاسـییەکان، سـامانو تایبەتمەندییـە چـاكو خراپـەکانی نەتـەوەی کـورد، شـیاوی ئـەو نەتەوەیـە. لـەم روانگەوە :

"یاسـا بـە مانـای راسـتەقینەو هـەراویی، کۆمـەڵێك نیـە کـە لـە ئاسـمانەوە بـۆ نەتـەوە هاتبێتـە خـوارەوە، بـەڵکوو دەبـێ بـە کۆمـەڵێك پێوەنـدیی چڕوپـڕو ئاوێتـەبوو بـزانین کـە پێـك دێـن، پێدەگـەن، گۆڕانیـان بەسـەردادێو لـە بـەرەکتیان تاکـەکانی کۆمەڵگایـەك لـە پـەنای یەکدیـدا، دادەنـرێن. یاسـا بـە گشـتی شـتێکە کـە بـە کۆمـەڵێك نێـوەرۆکی تایبـەتو یەکلایەنـە دەبەخشـێو دەبێتـە هـۆی ئـەوە کـە کۆمـەڵێك لـە کۆمـەڵانی دیکـە جیا بکاتەوە". (مۆنتیسکیۆ 1775 - 1689)

***

لـە روانگـەی "کـوردیزم"ەوە، نیشـتمانپەروەری بـەو واتایەیـە کـە شـارۆڤەند، لـەم راسـتییە ئاگـادرا دەکاتـەوە کـە پێداویسـتییەکان هـەمان پێداویسـتییە گشـتییەکانەو ئیـدی ئـەوەی

کــه خــۆی لەگــەڵ دەوڵەتــدا وەك پــارێزەری مــەزنی ئــەم پێداویستییانە وەکو یەك هەست پێبکا:

"رۆح لـە کاتێکـدا چالاکـە کـە بـەو شـێوەیە خـۆی دەناسـێو دەوڵـەت بـە وێنـەی رۆحـی نەتـەوەیی هـەردووکیان هـەمان یاسـایە کـە لەسـەر هـەموو پێوەندییـە دەروونییـەکانی دەوڵـەتو هـەروەها لـە هـەمان کاتـدا لەسـەر هـەڵسوکـەوتو ئاگـایی شـارۆڤەندانی رەوانو بێگـەرد دەبـێ. لـە ئاکامـدا، یاسـای بنـەڕەتی هـەر نەتەوەیـەك بـە گشـتی لەسـەر بنـەمای چۆنیـەتیو پەرەسـەندنی خودئاگـایی هـەمان نەتەوەیـە". (هێگێـل 1831 - 1770)

"کـوردیزم" بـۆ دۆزینـەوەی سـەرچاوە پێویسـتییەکانی نۆژەنکردنـەوەی ژیـانی خـۆیی لـە نـاخی خۆیـدا، لـە رێگـەی پاراسـتنی سیسـتمی بایەخـە دەرهەسـتە بنەماڵـەیییـەکانو پاراسـتنی بایـەخی بنەماڵـەیی جڤـاکی، دەسـتڕاگرتن بەسـەر خەونـە ئاڵۆزەکـان، ئاسـتەنگی بەرژەوەندییـە تاکەکەسـییەکانو هزرڤەندکردنی، خەونەکانی "بوون"دا سەربار دەنێ.

"کـوردیزم" بـە دوورەپـەرێزی کردنـی "نەتـەوە" لـە رێگـەی هەڵخلیسـکان بـۆ داوی "ئـاڵۆزی"و "لادان"ی رەوشـتیدا، لەگـەڵ بایەخدانـەری بـۆ بایەخگـەلی سـەقامگرتوو و هـەوڵ بـۆ رۆنـانی نەتـەوەی کـورد لەسـەر هێڵـی "بایـەخێکی تـاك"، دەبێتـە پاڵنـەرێك تـا لـە کۆتوبەنـدی ئـەو بایەخانـەی کـە بـەناوی ئەوانـەوە دەسـتەمۆ کـراوە، رزگـاریی بـێ. ئـەو، هـەروەها بـە ئاراسـتەکردنی ئیـرادەی تاکـەکانو پاراسـتنی کۆمـەڵ لـە چییـەتی دڵـدا، لەگـەڵ دۆزینـەوەی (بازیافـت) تایبەتمەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانی نەتـەوەو قەناعـەت پێهێنـانی تاکـەکان بـە گونجانـدنی شوناسـی گشـتی، کۆمـەڵگا بـە سـەرچاوەی خـۆیو پێکـەوە پێوەنـدیان دەدا. "کـوردیزم"

شـــادی‌و ســـۆزی "شوناســـی گشـــتی هاوبـــەش"و مەزنانـــەترین
هـــزر بـــۆ راکێشـــرانی نەتـــەوەی کـــورد لەســـەر هێڵـــی
ژیاری(تمـــدن) مرۆڤایـــەتی لـــە چوارچێـــوەی "شوناســـی
سەربەخۆ"دایە.

***

ســـلولی نیشانەی(ســـلول هـــدف) "کـــوردیزم"، جوگرافیـــای نیشـتمانێکە کـە کـوردی تێـدا نیشـتەجێن. گرووپێـك کـە هەسـت دەکـــەن ســـەر بـــە کۆمـــەڵێکن، بێجگـــە لـــە ســـنوورە جوگرافیـــاییـیـــەکان، لـــە رێگـــەی یاســـاگەلێك کـــە لـــە لایـــەن خۆیانـــەوە هاتۆتـــە ئـــاراوە، گـــرێ دەدرێـــن. ئاکـــامی ئـــەم گرێدانـــەی تاکـــەکان لـــە چوارچێـــوەی یاســـادا، قبـــوڵکردن‌و ئەندامـــەتی لـــە کۆمـــەڵێك وەك شـــارۆڤەندییە. لـــە راســـتیدا، دۆخـــی کۆمەڵایـــەتی کـــە لـــە لایـــەن یاســـاوە پێـــك دێـــن، شوناســـی تـــاك وەك "شـــارۆڤەندێك" لـــەو کۆمەڵـــەدا بـــە فـــەرمی دەناســـێ، دۆخێـــك کـــە وەك مـــاڵی تـــەواوی شـــارۆڤەندەکان ناســـراوەو تایبەتمەندییـــە زەقـــەکانی، هاوتای(همســـان) کولتوورییـــە. ئەمـــە بـــەو واتایەیـــە کـــە توخمگـــەلی "هاوتـــای کولتـــووری"، "ئـــاپۆرای گرووپێـــك لـــە خـــەڵك"و "یاســـا"، ئـــەم گرێدانـــە پێـــك دێنـــێ کـــە ئـــاپۆڕای گرووپێـــك لـــە خـــەڵکێ بـــە کولتـــوورێکی هاوتـــاوە، پێویســـتی بـــە "هاوگرییـــان بـــە یەکدی"یەوەیـــە کـــە لـــە چوارچێـــوەی "یەکەیـــەکی سیاســـی تـــاکڕەو"دا کۆدەبنـــەوەو کۆبوونـــەوەیان لەســـەر بنـــەمای ئەســـڵی "رەزامەند"ییـــە. لـــەم حاڵەتـــەدا دەتـــوانین بڵێـــین کـــە ئەنـــدامێکی نەتـــەوە، ســـەر بـــە دەوڵـەتێکـــەو کەســـێك، دەرفـــەتی هەیـــە بـــە هـــەڵبژاردنی نەتەوەیـەك کـە حـەز بـە قبـوڵکردنی ئەندامـەتی تێـدا هەیـە، لـە

ئەندامەتی یاسایی خۆیی لەو کۆمەڵەدا پێگەی خۆیان بەدەست بهێنن .

لەوەیڕا کە هەستی مەزنخوازی سەرتاپای جیهانی تەنیەوە، لە رۆژگاری شەڕو خوێنڕێژییەکان کە بەشێکی گەورەیان لە مێژوودا پێك هێناوە، رەزامەندی تاکەکان بۆ پێکهێنانو مانەوەی کۆمەڵگاکان، کەمتر لەبەرچاو گیراوە. لەم روویەوە زۆر کەس، هێزە توندوتیژەکان لەگەڵ "رەزامەندی خەڵکی" بە هەڵە گرتووەو وەها دەنوێنن کە هێژمونیو داگیرکردن یەکێك لە رێگاکانی پێکهێنانی دەوڵەتە. بەڵام دەبێ بزانین کە پێکهێنانی دەوڵەت لە رێگەی هێژونیو داگیرکردنەوە لەگەڵ پێکهاتنی ئوسوڵییەکەیدا، بەڕادەی دارمانی دیوارێك لە بیناکردنی جیاوازی هەیە. لە راستیدا بۆ پێکێهنانی کۆمەڵێك لەسەر ئەم رەوتەوە، دەبێ کۆمەڵێکی دیکە کە پێشتر دامەزراوە بڕوخێنرێ، بەڵام بێ رەزامەندی خەڵکی، دەنا ناتوانی کۆمەڵگایەك پێكبێنی .

داگیرکەرێك کە خۆی لەگەڵ ئەوی دیکە دەخاتە رەوشی شەڕەوە، ستەمکارانە مافی لێەوت دەکاو هیچکات ناتوانێ لەم رێگەوە بۆ خۆی لەهەمبەر تاکی داسەپاودا، مافێك پێك بێنێو لەسەر ئەم کردەوەیەوە تەواوی ئەو کەسانەی کە لەوباوەڕەدان دزو جەردەکان بەسەر خەڵکێك دەتوانن زۆری خۆیان بنوێننو تاکەکانیش کە بە زۆرەملێ بە پەیماننامەیەك ناچارکراون مافی دەسەڵاتدارەتیان نیە، هاودەنگن. ئاخۆ دزێك بێتە ماڵەکەمو بە دانانی خنجێرێك لە سەرملم، ناچارم بکا بۆ واژۆی (امچای) بەڵگەیەك کە بەو هۆیەوە، تەواوی سامانو موڵکەکەمی پێبدرێ، دەبێ لەم رێگەوە مافو ناوێکی بۆ دادەنرێ؟ روونو ئاشکرایە کە وەها کەسێك دەتوانێ داگیرکەرێکی ستەمکار ناودێر

بکــەین‌و کــە بــەهۆی زۆرو تێغــی خــۆی، منــی ناچــار بــە تەســـلیمبوون کـــردووە. ئازارگەیانـــدن‌و جەنایـــەتکـــردن، کردەوەیـــەکی یەکســـانن ئەگـــەر تاجـــدارێك (پاشـــایەك) یـــان کەســـێکی ئاســـایی بـــێ. نـــاوی کەســـێکی هێرشـــبەر(مهاجم)و ژمـــارەی نۆکـــەرە پێشـــەنگەکانی لـــە پاســـاو هێنانەوەی کردەوەکـــەی جیـــاوازی‌و شـــوێندانەری نیـــە جیـــا لـــەوەی کـــە تـــەوژمی کردەوەکـــەی بـــەزرتر دەکاتـــەوە. تـــەنیا جیاوازییـــان لەمەدایـــە کـــە دزانـــیَ زلهێـــز، کەمدەســـەڵاتان ئـــازار دەدەن‌و رامیـــان دەکـــەن، بـــەڵام خۆیـــان بـــە وەرگرتنـــی نیشـــانە ســـەرکەوتنەکان دەگـــەن چوونکـــە بـــەهێزترن لـــەوەی کـــە دەســـتی بێ‌هێـــزی دادپـــەروەری بتـــوانێ چارەنووســـی راســـتەقینەیان دیار بکا.

ئـــەم کردەوەیـــە راســـتە کـــە تـــاکی ســـەرەڕۆ بـــە هـــۆی زۆرەملێـــی خـــۆی‌و شمشـــێرێك کـــە لەســـەر ســـینگی ژێردەســـتەکان دانـــاوەو ناچاریـــان دەکـــا کـــە لـــە بەرانبەریانـــدا کڕنـــۆش بـــەرن‌و تەســـلیمی حکومـــەتێك بـــن کـــە بـــە دڵخـــوازی خۆیـــان نیـــە. پرســـیار لێرەدایـــە کـــە ئـــەو لەســـەر بنـــەمای چ مافێـــك دەتـــوانێ کـــارێکی وەهـــا بکـــا؟ ئەگـــەر بڵێـــین کـــە ژێردەســـتەکان بـــە رەزامەنـــدی خۆیـــان تەســـلیم دەبـــن‌و ئـــەم کردەوەشـــە بـــۆ داواکـــاری مافەکەیانـــە، کـــەوابوو دەبـــێ قبـــوڵ بکـــەین وەهـــا کەســـێك بـــۆ بەدەســـتهێنانی دەســـەڵاتدارێتی خـــۆی، بەتایبـــەتی پێویســـتی بـــە رەزامەنـــدبوونی تاکـــە ژێردەســـتەکان هەیـــە. بـــەڵام تێڕامـــان ئەوەیـــە کـــە ئـــاخۆ بەڵێنیگـــەلێك کـــە تـــاکی ســـەرەڕۆ بـــێ‌هیچ مافێـــك، بـــە زۆرەملـــێ لـــە خـــەڵکی دەســـتێنن دەتـــوانێ وەك رەزامەنـــدی خـــەڵکی بێتـــە ئـــەژمارو وەهـــا بەڵێنیگـــەلێك تـــا چەنـــد چـــارەنووس ســـازە. مـــن لـــە وەڵامـــدا دەڵـــێم وەهـــا بەڵێنیگەلـــێ بـــە هـــیچ شـــێوەیەك چارەنووســـازییان نـــابێ چوونکـــە ئـــەوەی کـــە بـــە

زۆر لـە مـن وەربگیـرێ، مـن مـافم هەیـە کـە لـە کـاتی پێویسـتدا لێــــی وەردەگرمــــەوەو ئــــەویش بەرپرســــیارە کــــە شــــتی ئەســـتێندراو بداتـــەوە ... چوونکـــە یاســـا سروشـــتییەکان لـــە ڕێگــەی چوارچێوەکــانی مــن بــەکارهێناوە نــاتوانێ لــە ڕێگــەی پێشــــێلکردنی چوارچێوەکــــان بــــۆ مــــنو پێکهێنــــانی چارەدۆزی(چارەیــــابی) بــــێو یــــەکێ لــــە نموونــــەکانی پێشـێلکردنی ئـەم چوارچێوانـە، زۆرەملێیانەیـە. لـەم ڕوویـەوە حکومـەتی باڵادەسـت کـە بـە زۆر بەسـەر ژێردەسـتەکان کـە لـە هەمبـــەریاندا خـــاوەنی هـــیچ مافێـــك نیـــەو دادەســـەپێ ... چارەدۆزییـــەك بۆیـــان ناهێنێتەبـــەر". (جـــان لاك، 1704 - 1632) .

بەم شێوەیە دەتوانین لەسەر ئەو باوەڕە پێداگرین کە :
هـــەرکات نەتەوەیـــەك بتـــوانێ بەنـــدی دیلبـــوون لـــە مـــل دەربێنــێو وەهــا دەکــا، دروســت لەگــەڵ هــەمان مــافی ئــازادی خـــۆی وەربگرێتـــەوە کـــە لـــەو ڕێگـــەوە، ئازادییەکـــەیان لـــێئەســـتاندبوو.. ئەگـــەر کردەوەکـــەیان لـــە ســـەرەتاوە خـــەڵکیان لــە ئــازادی خۆیــان بێبــەش کــردووە ڕەواو پاســاوهەڵگر بــێ، کــــەوابوو کــــردەوەی کەســــێکیش کــــە ئــــازادی خــــۆی وەردەگرێتــەو پاســاوهەڵگر دەبــێ .. چوونکــە وەك زۆرەملــێ، هــیچ چەشــنە مافێــك پێــك نــاهێنێ، لــە کاتێکــدا دەتخاتــە ژێــر ڕکێفـی خۆیـەوە هـیچ هۆکارێـك بـوونی نیـە... هـەر نەتەوەیـەك مــافی هێرشــبردن دژ بــە ســەرەرۆیی هەیــە. (ڕۆســۆ 1778 - 1712)
لـە پێنـاو گەیشـتن بـە ڕەوشـی گەشەسـەندن، کوردەکـان دەبـێ لــــە یەکیەتییەکــــدا بــــە وێنــــەی گرووپێــــك پێــــك بێــــنو کەسـایەتییەکی سیاســی وەك هۆکــاری یەکیــەتیی لــە دەوڵــەت -

نەتـــەوە پێناســـە بكـــەن. لـــە نـــەبوونی دامـــەزراوە يـــان كەرەستەگەلێكی دیكـە رەنگـە ئـەم فۆرماسـيۆنە پێـك بێـنن كـە، كوردەكـان "شـوناس" وەك هۆكـاری جیاكـەرەوە لـەوی دیكـە هـەڵدەبژێـرێ. شـوناس لـەم روانگـەوە، تايبەتمەندييـەكانی "دایـنگـــەی زێـــد (زادبـــوم)"و "دایـنگـــەی كولتـــوور(زاد فرهنـگ)" لـە چوارچێوەیـەكی دیـاریكراو كـە تايبەتمەندييـە هاوبەشەكانی "كوردبوون" ی داهێناوە .

***

"كـــوردیزم"، بزاوتێكـــە بـــۆ پێكهێنـــانی "گرووپێكـــی هاوتـــا(گروە همســـان)"یە كـــە پـــێش لەمـــە، جوغرافيايـــەكی سياسـی تايبـەتيان هەيـە. خـاڵی دەسـتپێكی "كـوردیزم"، هـەوڵی ئـەم گرووپـە يەكسـانە بـە شـێوەی تـاك يـان كۆمەڵـە بـۆ پێكهێنـــانی "دەوڵـــەت"و پەرەئەســـتاندنی وەك يەكەيـــەكی ئۆرگانيـــگ بـــۆ تـــەواوی بيـــاڤی "جوغرافيـــايی سياســـی" نيشـتمانی كوردسـتانە. لـە "كـوردیزم"دا، تـەواوی توخمـە كۆمەڵايەتييـەكان لەگـەڵ پەرەسـەندنی دەوڵەتـدا، لـە پـەنای يەكـدی دادەنـرێن. لـە بزاوتـە دژبەرەكانـدا كـە هۆكـاری پەسـيڤ كـردن‌و كـاولكردنی يەكـدی دەبـن هـيچ ديـار نيـەو هـزری هاوئاهـەنگ، دەبێتـە هـۆی ئـەوە كـە سـەليقەكان، سـەرگەرمیی‌و چالاكييـە جۆراوجۆرەكـان لـە پـاڵ ناتەباييـە رواڵەتييـەكان، لـە نێوەرۆكـدا گەشـەو گەشەسـەندنی بەكۆمـەڵ دابـين دەكـاو لـە چوارچێوەگـەلی رێكخراوەيـیدا، دەبنـە كردەوەی سياسی :

"كارەكـەمان قەربووكردنـەوەو سـازدان‌و هاوسـەنگی بەخشـينە. رێگـەمان هەيـە كـە بێنۆرمييـە جۆربـەجۆرەكان‌و

بنەمادژبـەرەكان كـە لـە بیـرو كاروبارەكـانی خەڵكیـدا هەیـە، لـە تەواویـەتێكی یەكدەسـتدا یـەكگرتوو بكـەین. لـەم رەوتـەدا، نـە تـەنیا بەچەشـنێك بەختـەوەری لـە ئاسـانایدایە، بـەڵكوو شـتێكی بـەرزترە لەوەیـــە، واتـــە بەچەشـــنێك بەختـــەوەری لـــە چڕوپڕبووندا، سەرهەڵدەدا". (برك 1797 - 1727)

"كـوردیزم"، رۆچوونـە بـۆ نێـو entry to) )، بەشـداریی لـە (participation in)و ناسـانـدنی لـــە رێگـــەی (Identification with)ە كـــە لـــە كولتـــوورێكی پیشـكەوتوویی فەزایـەكی بـەربڵاوی حەشـیمەتێ لـە رێگـەی یەكەیـەكی سیاسـی گـەمارۆ دراوە، پێناسـە دەكـرێ. گرێـدانی جڤـاكی لـــە"كوردیزم"دا، زمـانی هاوبـــەش، ئامـانجی هاوبـەش، یاسـاو راهێنانەكانـە. "كـوردیزم"، هـەروەها لەسـەر بنـەمای مێژوویـی نەتەوەیـەك وەك هۆكارێـك "بیریاری"یـەك كـە وزەی ئـەو لەگـەڵ دەسـەڵاتی پشتئەسـتوور بـە مێـژوو، توخمگـەلێك كـە لـە پـەنای زۆربـەی هۆكارەكـانی دیكـەدا وەك: هۆكـاری نـەگۆڕی "كـوردیزم" لـە قەڵـەم دەدرێـن. مێـژوو، بـەهاو ئوسـتوورەكان هێماگـەلێكن كـە لـە پـەنای یەكدیـدا "نەریتە نەتەوەیی(سنتهای ملی)"یەكان پێكدێنن .

***

"كـوردیزم" پێویسـتییەكی ئیجبـاری (زۆرەكـی) (Compulcive necessity)بـۆ پێكهێنـانی كۆمەڵگایـەكی سیاسـی دیـاریكراوە. هـەم پێكهێنـەرەو هـەمیش دەتـوانێ توخمـە بنەڕەتییـەكانی بزاوتـی كۆمـەڵگا بـەرەو رەوتـی گەشەسـەندنو پێگەیشـتن بـێ. ئـەوەی لـەم نێـوەدا گرینگـە، هەمیشـە بـوونی نەتـەوەخوازی كـوردی لـە ژیـانی سیاسـی كۆمـەڵگاو بانـدۆری

راستەوخۆیی لە سەر رەوتی بزاوتی کۆمەڵگادایە. ئەم بوونی هەمیشەییەی باندۆری راستەوخۆیە کە بە ناوی "شوناسی نەتەوەیی" دەناسرێ. شوناسی نەتەوەیی، هەستێکی دەروونناسانەی (psychologic) ئاوەزمەند (عقلانی) لە چوارچێوەیەکی "سیاسی"دایە. "کوردیزم" گەڕانەوەی پێداویستییە نێوخۆییەکانو دیاریکراوی کۆمەڵگایەكو لە راستیدا، وەڵامدانەوە بەوە کە پێویستییەکی دەروونناسانە(روان شناختی)یەو، لەو نێوەدا، شوناس، هۆکاری لەدەوری یەکتری کۆکردنەوەی خەڵکی لە چوارچێوەی "کۆمەڵگا"یەکدایە .

"کوردیزم"، گرینگییەکی "بزاوتی جەماوەری (تحرك تودەایی)"(Mass Movement) ، نەرمو نیان (لگیف) "(Volatile)چالاكو بەردەوام (پویا)"(dynamic) ە کە لە کۆمەڵگادا کەڵەکەکراو و لە حکومەتدا دەردەکەوێ. پردی نێوان کۆمەڵگا ـ حکومەت لە کەڵەکەکردنو رەنگدانەوەی "کوردیزم"یشدا، چینی بژاردە (نخبە)ی کۆمەڵگایە کە هەڵسوکەوتو پێوەندی لە هەردو بیاڤی ناوبراودا دیاری دەکا. بەڵام تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی "کوردیزم" وەك بوونی ویستێکی سەرەتایی کە لە پرۆسەی بزاوتی سروشتی کۆمەڵگا بەرەو شارستانییەتو گەشەسەندن پێك دێ. تەنانەت دەتوانین بڵێین "کوردیزم"، بەرەنجامی ئەزموونی سروشتی پێگەیشتنی هزر لە کۆمەڵگای کوردستاندایە. لەم نێوەدا، شوناس وەك ژێرخانی وشیاری نەتەوەیش سنووری سیاسی چوارچێوەیەکی بە شێوەیەکی سروشتی نیشانەدانەری دەکا. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین "کوردیزم"، تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی نێوان تەواوی تاکەکان لە چوارچێوەیەکی گشتی

دایـە. هـەر ئـەم تایبەتمەندییـە، دەبێتـە هـۆی بیچمگرتنـی بیـاڤی کولتـووری سیاسـیو بیـاڤی پەڕانپـەڕی(محیگ) سیاسـی لـە قەڵەمڕەوێکـــدا بـــووەو هەســـتی خاوەنـــدارێتی دەداتـــە ئەندامـەکانی ئـەو کۆمەڵـەوە. لـەم روویـەوە، کـوردیزم بێجگـە لـە شـوێندانەریی دەروونـی، لـە راپەڕینـە دەرەکییـەکانیش لـە فۆرمـە کولتوورییـە سیاسـییـەکانو، قەڵـەمڕەوێکی سیاسـیو حکومەتیو ... هتد دا، سەردەردێنێ .

***

بیروەریـــی، بـــەها، ئوســـتورەو دامـــەزراوەکان وەك فاکتـــەرێکی جیاکـــەرەوەی کۆمەڵگایـــەك لەهەمبـــەر کۆمەڵگایـــەکی دیکـــە کارکـــەنو گـــۆڕینی هـــەرکامیان یـــان گـــۆڕینی شـــرۆڤەی هـــەرکامیان دەتـــوانێ ببێتـــە هـــۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا .

لـە لایـەکی دیکـەوە هـەر ئـەم توخمگەلـە دەتـوانن رۆڵێکـی بنـەڕەتی لـە بەرزکردنـەوەی نەتـەوەخوازی، ئامانجدانـەری لـە پرۆسـەو خـۆجێیکردنی(بـومی کـردن)دا، بگێـڕێ. بـەم شـێوەیە، ئـەم هۆکـارە لـە لایـەن بژاردەکـان لـە کۆمـەڵگادا بـە شـێوەیەکی دڵخـواز (ایـدەال) گەلاڵـە دەکـرێ، لایـەنی لـۆژیکی لـــەخۆدەگرێو شـــێوازێکی ئۆرگـــانیکی دەداتـــە چـــەمکی "نەتـەوە" تـا پرۆسـەی دەستڕاگەیشـتن بـە چـەمکی "نەتـەوە" لـە خێراتـــرین کاتـــدا ســـامان بـــدا. "ئـــەتنیك " لـــە کـــوردیزمدا رەوتێکی خۆتێگەیشتنSelf relization))ییە .

***

مێـژوو لــە کـوردیزمدا رۆڵێکـی کاریگـەر دەگێـڕێ. کـەوابوو دەبـێ لــە رێگــەی میتـۆدێکی راڤــەیی‌و بــە هـۆی رەوگەیــەکی تایبــەتی دوبارەخولْقێنــەوە، چوونکــە مێـژوو، رووکــەش‌و تاقــە یادگە(حافڤە)یـە کـە خـەڵك لـە نەتەوەیەکـەدا دەبـێ بـۆ ئاگاییـەکی تــاك بگــۆڕدرێ. کــەوابوو، مێــژوو تــوخمێکی گرینگــی لــە "کـــوردیزم"و ئـــامرازێکی کاریگـــەر بـــۆ لایەنگرانییـــەتی. مێــژوو لـــە "کــوردیزم"دا، شــوێنێك بــۆ دۆزینــەوەی میراتــی دێرینـــەکان‌و کەرەســـتەیەك بـــۆ هەڵســـەنگاندنی نەتـــەوەو کولتوورەکانە .

مێـژوو بـۆ ئەندامــەکانی نەتــەوە، کەرەسـتەیەك پێناســە دەکــا کـە لـەو رێگەیـەوە، "یەکـە یادگە(حافڤـە واحد)"یـەك بـۆ نەتـەوە پێناســە دەکــا. یەکــە یادگــە یــان یادگــەی مێژوویـــی، رۆڵێکـــی گرینگـــی لــــە پێکهـــاتنی پێناســـەی "شوناســـی نەتـــەوەیی"دا دەگێـــڕێ‌و هۆکـــاری گرینگـــی لــــە گرێـــدانی کولتـــوور بـــە رابردووەوەیــە. ئەگـــەر یادگـــەی مێژوویـــی نـــەبێ، شوناســـێك بـــوونی نـــەبوو (و نیــە)و ئەگـــەر شوناســـێك بـــوونی نـــەبێ نەتــەوەش بــوونی نــابێ. یادگــەی مێژوویی(حافڤــە تــاریخی)، لەگـــەڵ پێناســـەی "شـــوناس"، "کۆمـــەڵ"و "نەتـــەوە" بـــۆ کۆمەڵگــە، پێویسـتییەکی حاشـاهەڵنــەگرە کــە بانـدۆری لەسـەر تـــەواوی بیاڤـــەکان وەك بەرزکردنەوەیـــەکی پێویســـت لــــە نەتەوەخوازیدا، چاوپۆشی لـێ‌ناکرێ .

یادگــەی مێژوویـــی، "شــوناس" ئاراسـتە دەکــاو بــە نۆبــەی خۆیشــیەوە، وێنەســازی لـــە نەتـــەوە ســامان دەداو بـــەردەوامی ئــەم رەوشــە، بــە پێکهێنــانی یەکــە سیاسـییەکان‌و لــە ئاکامـدا بـە نەتـــەوە ـ دەوڵەتـــەکان دەگـــا. یادگـــەی مێژوویـــی بـــە ئاراسـتەکردنی شـوناس، مێـژوو بـەرەو "ئێسـتا" دەگوێزێتـەوە. ئــەم مێــژووە هــاوردە بــۆ ئێســتا، "مێــژووی ئــەرێنی(تاریخ

مپیــت)" یــان مێژوویــەکی هــەڵبژاردەیی لــە رابــردووە کــە دەگاتــە پێکهێنــانی دەوڵــەتو پێکهێنــەرەکانی ئــەم پێکهاتەیــە، "بژاردە (نخبە)"کانو "جەماوەرەکان" دەبن .

"کــوردیزم"، رابــردوو گــرێ دەداتــە بــان ســنووربییەوەو، زەمــەن دێنێتــە "ئێســتا"و ئێســتاش گــرێ دەداتــە داهــاتووەوە. "کــوردیزم" بــە واتــای گــۆڕانی روپــەڕێکی زەمــەنێك لــە "رابــردوو" بــۆ "ئێســتا"و لــە "ئێســتا"وە بــۆ "داهــاتوویی (Futurity)"یــە. نەتــەوە بــە هــەرمانبوونی بەکۆمــەڵو مێژووش بەخاڵی ناوەندیی ئەم هەتاهەتایی بوونە، دەزانێ .

لــە روانگــەی "کــوردیزم"ەوە، مێــژوو، یادگــەی بەکۆمــەڵو سروشــتی کۆمەڵگایــە کــە وەك وزەی بزاوتــی ئــەو کۆمەڵگەیــە کار دەکا .

لــەم نێــوەدا، ئەگــەرچی "شــوناس"، خــۆی دەردەخــا، بــەڵام ئــەم "یادگــە مێژووییــە" کــە بــە هــۆی دەروونناســییەوە، یــەکانگیر دەکــا. یادگــەی مێژوویــی کــە بــەم شــێوەیە، شــوناس دەرەخســێنێ، ئامرازێــك بــۆ یەکپارچــەیی هــەر کۆمەڵگایەکــەو، یەکپارچــەیی کۆمــەڵگاش پێویســتی بــە رابردوویــەکی هاوبــەش هەیــە. یادگــەی مێژوویــی تــوخمێکی "بەرهەســت (ســوبژکتیڤ)" لــە پێناســەی چــەمکی نەتەوەیشدایە .

***

کــەڵکوەرگرتن لــە زمــانی زگمــاکی وەك زمــانی فــەرمی، قۆناخێکی گرینگی یەکیەتیی هێنەر بوونە:

"نەتــەوەکان رۆحێکــی هاوبــەشو یەکیەتیــەکیی رەوشــتییان هەیە، وەهــا پێکیــان دێنــێ کــە بوونیــان هــەبێو ئــەم یەکیەتییــە بــە تایبەت لە زماندا دەردەکەوێ. "دۆمێستر"

زمــــانی زگمــــاکی وەك زمــــانی فــــەرمی، بــــە واتــــای شــــارۆڤەندیو ئەنــــدامبوون لــــە چوارچێــــوەی نەتەوەیەکدایــــە. رۆنــانی زمــانی زگمــاکیو زمــانی فــەرمی لەســەر یەکــدی بــە واتــای "بیرکردنــەوەی کــوردیزم" دەبــێ. ئەمــەش کــە بــە واتــای هــــەوڵ بــــۆ یەکپارچــــەکردنو گەڵاڵــــەکردنی یەکیــــەتیی نەتــەوەییــە. پەرەپێــدانی زمــانی فــەرمیو ســەقامگیرکردنی، بــە واتــای هەوڵــدان بــۆ بــە سیاســی کردنــی جــەماوەرە. زمــانی فــــەرمی لــــە جیهــــانی ئەورۆکــــەدا، ئاوێنــــەی بــــاڵانوێنی نەتــــەوەخوازی وڵاتانــــەو بــــە واتایــــەکی دیکــــە دەوڵــــەت ـ نەتــەوەکانی جیهــان، نــە بــە هــۆی پلــەی گەشەســەندنی ئــابووری ـ کۆمەڵایــەتیو سیاســی، بــەڵکوو بــە هــۆی "زمــانی فــەرمی"و "مــافی دیــاریکردنی چارەنووســی نەتــەوەیی" وەك ناســنامە لــە رێکخراوەو دامەزراوە نێونەتەوەییەکاندا دەناسرێن .

***

"مــــافی دیــــاریکردنی چارەنووســــی نەتــــەوەیی" لــــە "کــــوردیزم"دا، وەك بنەمایــــەك پێناســــەدەکرێ کــــە هــــەرکات "مــافی دیــاریکردنی چارەنووســی نەتــەوەیی" وەك فورمولێــك قبــــوڵ بکــــەین، ئــــەوکات رێگــــەی بــــزاوت بــــەرەو نەتــــەوە دەســــتەبەرو بۆشــــایی بەشــــداریی تیۆرییــــەکی روون لــــە "کوردیزم"دا، پڕ دەبێتەوە .

نەتــــەوەکانی جیهــــان لەگــــەڵ مــــەزن نرخانــــدی بەشــــێکی سیاســــی بــــە شوناســــەوە، دەوڵــــەت ـ نەتــــەوەکان خۆیــــان دادەمــــەزرێننو داواکــــاری خۆیــــان بــــۆ "مــــافی دیــــاریکردنی چارەنووس"یــــان دەکەنــــە شوناســــێکی نێونەتــــەوەیی. "کــــوردیزم"یش "مــــافی دیــــاریکردنی چــــارەنووس" وەك کولتــــوورێکی ســــەروەر، لــــە چوارچێــــوەی ســــنوورە

نیشتمانییەکانی خۆیدا لە ریزی کارەکانیدا داناوەو لەو باوەڕەدایە کە رادەی چڕوپڕی گۆڕانکارییەکان لەسەر کۆمەڵگاوە، پێگەی ئەو کۆمەڵگایە دیاری دەکات. لەم نێوەدا پێوەندیی کولتوورو سیاسەت، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی چڕوپڕبوونی پێگەی کۆمەڵگا. خاڵی پێکدادانی کولتوورو سیاسەت لە "کوردیزم"دا، "مافی دیاریکردنی چارەنووس"ە کە بەرەنجامی تێکچڕژاویی گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگایەکدا کە بە ئامانجی نەتەوەخوازی لە ئەژماردێت.

بەڵام "مافی دیاریکردنی چارەنووس" چیە؟

ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسی وەك "مافی دیاریکردنی چارەنووس" ناسراوە، مافی بەشداری لە رەوتی خەڵکباوەڕی حکومەتو باندۆڕی لەسەر داهاتووی سیاسی، کولتووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودایە. "مافی دیاریکردنی چارەنووس" بۆ تەواوی مرۆڤەکان، مافی گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووریو سیاسییە .
"مافی دیاریکردنی چارەنووس"، هەروەها لەگەڵ چەمکی دادپەروەری لە مافە نێونەتەوەییەکاندا هاوواتایە: "هەڵبژاردنی ئازادانەی شێوەی ژیان لەسەر بنەمای رەزامەندی تاك یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا ."
"مافی دیاریکردنی چارەنووس"، ئەسڵێکی بنەڕەتی نێونەتەوەییەو لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤیشدا هاتووەو وەك مافێکی مەدەنی لە بیاڤە جۆراجۆرەکانی زانستی مرۆڤایەتیدا بەفەرمی ناسراوە.

## تیۆری "مافی دیاریکردنی چارەنووس"

ئەم تیۆرییە، تیۆرییەکی گشتگیری نموونەی بەرزکردنەوەی مرۆییو کەسایەتییە کە لە بەستێنی کۆمەڵگاوە، دەردەکەوێ. چڕبوونەوەی ئەم تیۆرییە لەسەر پلەکانی هەڵسوکەوتی مرۆیی بریتییە لە کردەکارو دژکردەوە بۆ گەیشتن بە رادەی دەرفەتی هەڵبژاردنەکان. بەڵام "مافی دیاریکردنی چارەنووس" سەرەتا لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیەدا پێداگرە کە، مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی چالاك بە بەریانی گەشەکردنو دەروونناسانەو بەریان بۆ زەقبوونەوەی لە کۆمەڵگادا دەناسێنێ، کە تەواوی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ هەستی خۆی (self) دەگونجێنێ. ئەم مرۆڤە سروشتییانە، ئەگەرچی بە شێوەی خودکار کار ناکەنو چوارچێوەی کۆمەڵ لە سەر هەڵسوکەوتیان وەك کردەکارو دژکردەوە کاریگەری دادەنێ، بەڵام تایبەتمەندی دەروونناسانە، وەك گرینگترین هۆکاری بزاوتی ئەوان دێتە ئەژمار. لە تیۆری "مافی دیاریکردنی چارەنووس"داو لە روانگەی دەروونناسی جڤاکییەوە، مرۆڤ بە هەڵکەوتنی نێوان دوو سنووری "بوونی چالاکانەی تاك"و "باندۆرهەڵگری چالاکی جڤاکی(تأپیرپژیری فعال اجتماعی)"، هەڵسوکەوتو روانگەو هزرەکانی خۆی رێك دەخاو رەوتی روو لە گەشەی خۆی درێژەدەدا. "مافی دیاریکردنی چارەنووس" وەك پێداویستییەکی دەروونی، سەربەخۆ لە رەگەز، گرووپ یان کولتوورەو تەنیا لە چوارچێوەیەکی تایبەتی هۆکارە ئەتنیکییەکاندا، شوێن

هەڵدەگرن. تیۆری "مافی دیاریکردنی چارەنووس" لە روانگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتییەوە، بە واتای پێویستییەکی پێگەو ناسێنەری ساخڵەمەیی(سلامت) دەروونی لە مرۆڤەو رەچاونەکردنی وەك خەسارێکی دەروونی ناسراوەو وەك نەخۆشی هەڵسوکەوتی لە مرۆڤدا پێناسە دەکرێ. ئەم تیۆرییە، شرۆڤەی هەڵچوونە مرۆییەکان بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییە دەروونییەکان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کەسایەتییە. دەروونناسی کۆمەڵایەتی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" پێی وایە هەڵسوکەوتە مرۆییەکان، سەرچاوە لە رەگی دەروونناسانە کە لەدووی گەیشتن بە ئامانج یان ئامانجگەلێکن. تیۆرییە هەڵچوونەکان، لەم هەڵسوکەوتگەلێکە کە وەك "بایەخە دەروونناسانەکانی ئامانجدۆز(ارزشهای دروونشناختی هدفیاب)" ناودێر دەکرێ. لە تیۆری "مافی دیاریکردنی چارەنووس"دا، گرینگی بەم خاڵە دەردەکەوێ کە مرۆڤ لەگەڵ تەوەری کردنی سەربەخۆیی کەسایەتی سەرچاوەگرتوو لە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی تاك لە حاڵەتی هاوسەنگیدا چۆن لە نێوان ئامانجە جۆراجۆرەکاندا، بەردەوام سەرنجی خۆی لە پێوەندیدار بە ئامانجێکەوەیە کە لە رووی چۆنایەتییەوە، سەربەخۆیی ئەو دابیندەکەن و دەپارێزن. روانگەی ئەم مژارە لەسەر بنەمای پێداویستییەکی دەروونییە. لەگەڵ ئەم وەسفکردنانەدا "مافی دیاریکردنی چارەنووس"، گەشەسەندووترین ئاستەکانی دەروونناسانەی مرۆڤ لە ئاراستەکردن بەرەو "سەربەخۆیی تاك"دا دەبێ.

## نێواخنی پێداویستییەکان لە مافی دیاریکردنی چارەنووسدا

نێواخنی پێداویستییەکان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەگەڵ تێڕوانینی دەروونناسانەدا، زەقبوونەوەی پێداویستییەکان بە ئامانجی گەشەئەستاندنو جیابوونو هەرمانبوونە کە لە فازی جڤاکی خۆیدا، سێ ئامانجی "پەیڕەوبوون(اهلیت)"، "پێوەندیی(ارتباگ)"و "سەربەخۆیی(استقلال)" رەنگدەداتەوە. لەم روویەوە "گەشەسەندن"، "جیاوازی"و "هەرمانبوون" کە لە ئاستێکی چۆنایەتیدا، ئاکامی ئاخێزگەی ویستو مەبەستەکەی لە تیۆریی پێداویستییە سەرەتاییەکانەوە (پێداویستییەکانی هۆکاری بەردەوامبوونی ژیان لە چوارچێوەی سروشتیدا) دێنە ئەژمار، کە بزاوتێکی ئەستوونی بەرەو پەیڕەوبوون، پێوەندییو سەربەخۆیی لە تیۆریی پێداویستییە دووهەمییەکاندا (پێداویستییە تەواوکراوەکان لە رێگەی هێزی ئاوەزمەندانەوە)، پێگە بەهێزەکانی تاك بۆ رۆچوونە نێو گرووپی کۆمەڵایەتی، ئامادەی چالاکی کردن دەبن. بنەماییترین ئاکامی پێویستی دووهەم "سەربەخۆیی"یە، هۆکاری بەریان بەرەو "مافی دیاریکردنی چارەنووس" لە مرۆڤێکی سروشتی دایە .

## مافی دیاریکردنی چارەنووس وەك واتایەکی سیاسیو حقووقی

"مافی دیاریکردنی چارەنووس"، وەك واتایەکی بنەمایی لە جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤدا، هاتووەو وەك

نموونەیـــەك لـــە پێنـــاو دەستڕاگەیشـــتنی جـــۆری مـــرۆڤ بـــە "ئـــازادی"و "ئاشـــتی" ناســـێنراوە. ســـەبارەت بەمـــەش، بانگەشـــەی داکـــۆکیکردن لـــە مافـــەکانی مـــرۆڤ لـــە ســـەرەتاوە بەفـــەرمی ناســـینی "مـــافی دیـــاریکردنی چارەنووس"ییـــان، واتـــا پەیـــدا دەکـــات. " مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس" زایەڵـــە(بازتاب)ی گرینگـــی کۆمەڵگـــە، گـــرووپ، ئـــەتنیكو نەتـــەوەکانی کۆمەڵگـــەی جیهـــانیو پێـــداگرتن لـــە ســـەر یەکسانبوونیان بە هۆیی مرۆڤبوونیانەوەیە .

هـــەروەها بـــە پاڵپشـــتبوون بـــە پاراســـتنی کولتـــووری کۆمەڵگـــە، گـــرووپ، ئـــەتنیكو نەتـــەوە کـــە ئازادییـــەکان بـــۆ هـــەڵبژادنی سیاســـیو کولتـــووری، دەســـتەبەر دەکـــاتو نـــە گەرەنتیـــدانی. "مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس" هـــەروەك جیـــاوازی نـــەژادی، نەتـــەوەییو ئـــەتنیکی گرووپـــە مرۆییـــەکان بـــۆ بەفـــەرمی ناســـینو داوا لـــە حکومەتـــەکان دەکـــات تـــا بـــە فـــەرمی ناســـینی ئـــەم مافـــە، لایـــەنگری خـــۆی لـــە رەوشـــێکی سیاســـی، جڤـــاکی، ئـــابووریو کولتـــووری خۆیـــدا ئـــازاد کردووەو لەگەڵ هیچ بەربەستێکدا بەرەوڕو نەکات .

"مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس" لەســـەر ئـــەم خاڵـــە پێـــداگرە کـــە هـــیچ مرۆڤێـــك بەهـــەر هـــۆو بیانوویەکـــەوە مـــافی خـــۆ زاڵکردنـــی بەســـەر ئـــەوەی دیکـــەی نـــیـیـــە. هـــەروەها خـــەباتی گرووپـــە نـــەژادیو ئـــەتنیکی یـــان نەتەوەییـــەکان لـــەکاتی بەرەوڕووبوونـــەوە لەگـــەڵ هـــەر چەشـــنە باڵادەســـتی بـــە فـــەرمی ناســـراوداو ئـــازادی هـــەڵبژاردنی "نیشـــتمان"، "دەســـەڵات"و "شـــارۆڤەندبوون"، بـــە راســـتییەکانی "مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس" دەزانـــێ. "مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس" هـــەروەها بـــە تـــەواوی شـــێوازەکانی کۆلۆنیـــالیزم بـــە هـــۆی چییـــەتی دەســـەڵاتی سیاســـی، ئـــابووریو کولتـــووری

گرووپێکـــی "باڵادەســـت" بەســـەر گرووپـــی "بندەســـت"دا بـــە تـــەواوەتی رەت دەکاتـــەوە. لـــەم روویـــەوە چـــەمکی "مـــافی دیـاریکردنی چـارەنووس" لـە پێوەنـدی لەگـەڵ داگیرکـردن‌و بـە واتـــای "پێویســـتی ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیزملێـــدراوی (لـــزوم استعمارزدایی)"دایە .

## پۆلینبەندییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس

"مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس" بـــە "مـــافی دیـــاریکردنی چارەنووســـی دەرەکـــی"و "مـــافی دیـــاریکردنی چارەنووســـی نێوخـــۆیی" پـــۆلین دەکـــرێ. "مـــافی دیـــاریکردنی چارەنووســـی دەرەکـی" لـە کـاتی سـەرهەڵدانی رەوشـێکی کۆلۆنیـالی‌دا دێتـە ئـــاراوە کـــە تێـــدا، نیشـــتمانێك یـــان گرووپێکـــی نەتـــەوەیی راســـتەوخۆ لـــە ژێربانـــدۆری هـــەوڵ بـــۆ دابەشـــکردن، فرەخـوازیی یـان گـۆڕانی شـوناس لـە لایـەن باڵادەسـتەوەیە. لـەم حاڵەتـەدا، "مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـی دەرەکـی" بـە پێـداگری لەسـەر سـەربەخۆیی گرووپـی بندەسـتدایە، تـەواوی کەرەسـتە شـیاوەکان بـۆ بەربـەرەکانێ لەگـەڵ باڵادەسـتدا کـە لـــەپێناو بەدەســـتهێنانەوەی ســـەربەخۆیی‌و بـــەرگری لـــە بەرانبـەر دابەشـکردن، پـاوانخوازی‌و هـەوڵ بـۆ گـۆڕینی شوناسدا، بەڕەوا دەزانێ .

"مـــافی دیـــاریکردنی چارەنووســـی نێوخـــۆی"یش کاتێـــك سـەرهەڵدەدا کـە حکومـەتێك بـە کـەڵکوەرگرتن لـە کەرەسـتەی دەسـەڵات، هـەوڵ دەدا گرووپـە بندەسـتەکانی دەسـەڵاتدارێتی خـــۆی بـــە شـــێوازێکی تایبـــەت، پێناســـەو نێـــوەرۆکی راسـتەقینەیان جیـا بکاتـەوە. گرینگتـرین گرووپـە مەبەسـتەکان لـەم حاڵەتـەدا، رەگـەز، رەنگـە گرووپـی ئیتنیکـی یـان گرووپـی

نەتەوەیی نیشتەجێ لە وڵاتێکدا، لە روانگەی تایبەتمەندییەکانی سەرەوە، لە چینی باڵادەستی ئەو وڵاتە جیادەکاتەوە، لەم حاڵەتەشدا "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆی"، فاکتەرگەلێکی وەك "خودموختاری"، "رێککەڤتن (ائتلاف)"و "سەربەخۆی" بۆ هەرکام لە گرووپە ئامانجدارەکان لە رێگەی هەوڵێکی نارەوای چینی باڵادەستەوە، بەرەوا دەزانێ .

"مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆی" لە بەروروبوونەوە لەگەڵ هەڵاواردنگەلێکدا وەك: هەڵاواردنی فێرکردن، هەڵاواردنی ئایینی، هەڵاواردنی کولتووری‌و هەڵاواردنی ئابووری، سەرەتا مەرجەکانی وەلانانی هەڵاواردن دێنێتە ئاراوەو پاش قبوڵنەکردنیان لە لایەن هەڵاوێر (تبعیچکننده) و هەڵاوارده (تبعیچشونده)، رێگەی بۆ هەڵبژاردنی ئازاد دەدا. "مافی دیاریکردنی چارەنووس"، مافێکی سروشتی، رەوتێکی درێژخایەن‌و دەرفەتێکی هەمیشەیی مرۆڤەکان بۆ هەڵبژرادنی چەشنێك حکومەت‌و سیستمی کۆمەڵایەتی‌و گۆرانی هەرکامیان لە کاتی پێویستدایە .

## مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بیاڤی "خەڵك"دا

"مافی دیاریکردنی چارەنووس" بە گشتی، لەمەر خەڵکییەوە واتا پەیدا دەکات کە بەهەر هۆیەکەوە، لە رەوشی هەنووکەیی خۆی رەزامەندو لە گەیشتن بە رەوشێکی دڵخواز، خوازیاری "مافی دیاریکردنی چارەنووس"ن. بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت، خەڵك رەنگە بە کۆمەڵە کەسێك بە مێژوویەکی هاوبەش، رەگەزێکی

هاوبەش، شوناسی ئەتنیکی هاوبەش، شوناسی کولتووری هاوبەش، شوناسی زمانی هاوبەش، شوناسی ئاینی هاوبەش، شوناسی ئیدئۆلۆژیکی هاوبەش یان نموونەی ژیانی ئابوورییەکی هاوبەش دەگوترێ. گرینگترین هۆکار لەم نێوەدا، کە رەنگە بتوانێ گلێرکەرەوەی تەواوی هۆکارەکانی سەرەوە لە "مافی دیاریکردنی چارەنووس"دابێ، چەمکی "نەتەوە"یە کە لەگەڵ تێکڕایی مێژووی هاوبەش، خاکی هاوبەش، زمانی هاوبەشو ئامانجی هاوبەش نێوان کۆمەڵێك لە مرۆڤەکاندایە، بیاڤی خەڵکی بە شێوەیەك تا ڕادەیەك تەواو جیای کردۆتەوەو بارودۆخی بۆ بەکارهێنانی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" رێك دەخا، بەم هۆیەوەیە کە دەگوترێ گشتیترین بیاڤی خەڵکی بە شێوەیەکی تایبەتی، دەتوانێ واتایەك بە ناو "نەتەوە" بێ. لەم روویەوە بەو ئاکامە دەگەین کە چەمکگەلێکی وەك دەوڵەت، وڵات، دەسەڵاتداریەتی، هێزی کەمتریان بۆ شرۆڤەی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" لە بەرانبەر چەمکی نەتەوەدا هەیە.

## مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بیاڤی "نیشتمان"دا

لە بیاڤی نیشتمانیدا، " مافی دیاریکردنی چارەنووس"، نیشتمانێك بە فەرمی دەناسێ کە تایبەتمەندییەکانی، زیاتر لە سنوورە سیاسییە نێونەتەوەیییەکاندا پێناسە بووبێ .
سەربەخۆیی حقووقی ئەم مژارە، کارتێکەری هێزە کۆلۆنیالیستەکان یان ناهاوکێشە نێونەتەوەییەکان بە سەر چۆنایەتی رەنێوهانین یان رەنێوهانینەوەی هێندێك لە وڵاتان "فەزا ـ شوێن"ی تایبەتیدایە. بەم شێوەیە رەنگە دەسەڵات

بتـوانێ دیاریکـەری چەندایـەتی جێگیرکردنـی گرووپگـەلێ لـە خـەڵك کـە لـە نیشـتمانێکی تایبەتـدا بـێ، بـەڵام ئـەو نیشـتمانە تایبەتـــە، دیاریکـــەریی سروشـــتی چەندایـــەتیو چۆنایـــەتی جێگیرکردنـــی نیشـــتەجێبووەکانیان دەبـــێ. بەڵگەیـــەکی دیکـــە کاریگـــەری دەســـەڵات لەســـەر چۆنیـــەتی ســـنووردانەرکردنی نیشـتمانێكو لـە ژێـر بانـدۆردانانی هێمنـیو تـەناهی(امنیت) بـە بیانوی بیاڤی دەسەڵاتدایە .

بنەماکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس

بــە گــوێرەی ئــەوەی کــە گــوترا، گرینگتــرین بنــەماکانی " مافی دیاریکردنی چارەنووس" بریتیین لە :
- مافی هەڵبژاردنی چۆنییەتی ژیانchoice) )
- توانــــایی دەســــەڵاتی بڕیــــاردان بــــۆ گەلاڵــــەکردنی پێداویستییەکانو دابینکردنیانcontrol) .)
- توانــایی پێکهێنــانی پێوەنــدی بــە مەبەســتی بەشــدارییو یــــەکانگیری تــــەناهی بــــە ئامــــانجی هــــەرمان بــــوون . (Relatlonship)
- وەك کەســــایەتییەك خــــاوەن بایــــەخو رێــــزداری لــــە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا بوون Dignit and) . (Respect
- توانــــایی هــــەڵبژاردنی پاراســــتنی شوناســــی خــــود لــــە کۆمەڵگایەکداCommunity) .)
- کارامــەیی تــاك وەك کەســایەتییەكو دەرەتــانی پێکهێنــانی دیالۆگ لەهەر ئاستێکداFis) جcal conversation)

ـ توانـــایی بـــۆ پێکهێنـــانو قبـــوڵکردنی بەرپرســـایەتی لــــە بڕیارســـــازیو بڕیـــاردەرکردندا (Roles and Responsibilty).
ـ توانـــایی مـــرۆڤ بـــۆ هـــەڵبژاردن لـــە هـــەر ئاســـتێکدا (Freedom).
ـ توانـــایی کاردانـــەوەی لـــە پێنـــاو گەیشـــتن بـــەوەی کـــە هەڵیبژاردوە(Authority).
ڕێکخســـتنی ســـەرچاوە مرۆییـــەکانو نامرۆییـــەکان بـــۆ بەفـەرمی ناسـینو نافـەرمی بـوون بـۆ یارمەتیـدانی مـرۆڤ لـە پێناو گەیشتن بە ئامانجدا(Support).
ـ پێکهێنـــانو قبـــوڵکردنی رۆڵـــی بایـــەخ(ارزش)ەکان لــــە ڕێکخســـتنو بـــەڕێوەبردنی کارەکـــان لـــە پێنـــاو گەیشـــتن بـــە ئامانجێـــك پێکـــدێو گرینگیـــدان بـــە ڕێبەرایـــەتیکردنی لـــەم ڕێگەیەدا(organization).
لـــەوەێ ڕا کـــە "مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس" مـــافێکی سروشـــتیو ڕەوتێکـــی سروشـــتی‌یـــە، گرینگتـــرین فاکتـــەرەکانی پێویســـت بـــەوەوە، هـــەبوونی مرۆڤـــە ئازادەکـــان بـــە توانـــایی هـــــــەڵبژاردنی ئـــــــازادو بەشـــــــداریی سیاســـــــیو کۆمەڵایەتییەکانەوەیـــە. ڕێزلێنـــان لـــە بایەخـــە کولتوورییـــەکانو فـره نەتـــەوەیی، کولتـــووریو ئـــابووریو، قبـوڵکردنی شوناسـی ئـــەتنیکیو نەتـــەوەیی مرۆڤـــەکانو ڕێزلێنـــان لـــە نیشـــتمان، پێوەندییـــەکانو ســـەرچاوەکان وەك ڕەهەندگـــەلێ کـــە لـــە تایبەتمەندییـــە سیاســـی، جڤـاکی، ئـابووریو کولتووریـــەکانیشو لـــە فاکتـــەرەکانی دیکـــەی "مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس"دا دەبـــن. "مـــافی دیـــاریکردنی مـــافی چارەنووســـی نەتـــەوەیی کـــورد" لـــە چوارچێـــوەی "کـــوردیزم" ئاراســـتەی گۆڕەپـــانی ئازادی، ویستی هەراوی نەتەوەیی کوردە دەبێ .

***

"پێگـــەی نەتـــەوەیی (شـــأن ملـــی)" هـــەر تاكێـــك، "مافـــە شارۆڤەند"ییە پێناسە كراوەكانی لە كۆمەڵدایە.

مافـــە شـــارۆڤەندییەكان لـــە "كـــوردیزم"دا، لـــە لایـــەن دەوڵەتـــەوە دەدرێتـــەوە ئەندامـــەكانی كۆمـــەڵگاو سیســـتمی حكومـــەتی لـــە ســـەر بنـــەمای "ناســـیونالیزمی دێموكراتیـــك"دا، دەبـــێ. "كـــوردیزم" لـــەم تێگەیشـــتنە كـــە دێموكراســـی مـــۆدێرن لـــە ســـــەرەتایی بیچمگرتنـــــی واتـــــایی خـــــودەوە، تیۆرییـــــەكی نەتـــەوەخواز بـــووەو لەســـەر ئـــەم بنەمایـــە، ئـــەم روانگەیـــە میتـــۆدی دێموكراتیـــك لـــە دەســـتەواژەی "رەزامەنـــدیی گشـــتیی نەتـــەوەیی(رچایت ملـــی همگـــانی)-general-national)

"(willپـــێدەگـــا، ناســـیونالیزمی دێموكراتیـــك وەك سیســـتمێكی سیاســـیی هەڵـــدەبژێرێ. لـــەم روانگـــەوە نەتـــەوە، پێویســـتی بـــە نیشـــــتمانێكی باوبـــــاپیرانو دێموكراســـــی پێویســـــتی بـــــە كۆمەڵگایەكی مەدەنی هەیە.

لـــە دێموكراســـییەكی ناســـیونالیزەكراودا، لەســـەر بنـــەمای یاســـا تایبەتییـــە ئەبســـتراكت(انتزاعی)ەكان پێناســـە نـــاكرێو پێوەنـــدیی بـــە ژیـــانی تاكەكەســـی (و نـــە تایبـــەتی) تاكـــەكان نیـــە. بـــەڵكوو ئـــەوە بەرهـــەمی پێـــداگری بەشـــدارییەكی مێژوویـــیـــە. جـــەماوەرێك كـــە بێدەســـەڵاتو توانـــایی پێویســـتیان بـــۆ دامـــەزرانی دامـــەزراوەی بەشـــداریی سیاســـی خـــۆی لـــە" نـــەریتی نەتـــەوەیی كەڵەكـــە (ســـنت ملـــی انباشـــتە Accumulated national tradition)"كـــراون، پێـــوەری نەتەوەسازیو قبوڵكردنی دێموكراسییان نابێ.

لـــە روانگـــەی "كـــوردیزم"ەوە، چوارچێـــوەی "ناســـیونالیزمی دێموكراتیـــك"، بـــە وێنـــەی مـــۆدێلێكی حكوومـــەتی، كۆمـــەڵی نەتـــەوەیی، لـــە رێگـــەی بیروبـــاوەڕو راســـپاردە بەرانبـــەرەكان

پێکهـاتووه، دیاردەیـەکی مێژوویـیـە کـە تێـدا، نـەوەی رابـردوو و نـەوەی داهـاتوو، لـە سـەردەمی ئێسـتادا پێکـەوە گـرێ دەخـۆن. پێویسـتی رێکخسـتن‌و راسـپاردنی ئەندامـەکانی خـۆی لـە دامەزراوەکانیدایـەو لـە چوارچێوەیـەکی تایبـەت‌دا گـرێ دەدرێ. لـەم پێناسـەیەدا، نەتـەوە لـە ڕێگـەی کولتـووری نەتەوەییـەوە لـە نەتـەوەکانی دیکـە جیادەکرێتـەوەو لەسـەر بنـەمای تایبەتمەندییـەکانی دەگمـەنی خـۆی پێناسـە دەکـرێ. هـەروەها دەوڵـەت لـەوەها دۆخێکـدا نەتـەوە لـە سـەربنەمای خـۆی لـە کۆمـەڵی نەتەوەییـدا، پێویسـتی تایبەتمەندییـەکانی سیسـتمێکی دێموکراتیـك لـەخۆدەگرێ. "ناسـیونالیزمی دێموکراتیـك" لـە "کـوردیزم"دا، کۆڵەکـەی دامـەزرانی بەشـدارییەکی سیاسـی خـۆی لـە نـەریتێکی نەتـەوەیی کەڵەکـەکراو و لـە چوارچێـوەی رەزامەنـدیی گشـتیی نەتەوەیی‌دایە .

***

## شارۆڤەندی(citizenship)

"شـارۆڤەندی" :"(citizenship) شوناسـێکی رەوا(یـك هویـت مشـروع)"، "مـافێکی رەوا (یـك حـق مشـروع)"و "ناسـنامەیەکی کۆمەڵایـەتی (یـك شناسـەی اجتمـاعی( "یـە. "شـارۆڤەندی نیشـتمانی(تابعیت سـرزمینی)"، بەشـداریی لـە دەسـەڵات (مشـارکت در حاکمیـت)"و "بـەرگری لـە بەرانبـەر بێگانـە"دا، ئاکـامی نەتـەوەخوازی مەدەنییـە کـە هـەموو لەسـەر بنـەمای "رەزامەنـدیی "(willing) لـە کۆمـەڵگادا بەرهەم دێن .

ئەسڵی "رەزامەندیی" یەکێك لە کۆڵەکە هەرە گرینگەکانی "کوردیزم" دێتە ئەژمار. بەم هۆیەوە، شارۆڤەندی هەڵبژاردنو نەتەوە دیاری دەکاتو لەدووی دێت، "قبوڵکردنی قەوارەکان"، "شارۆڤەندی نیشتمانی"، "بەشداریی لە دەسەڵات"داو "بەرگری لە بەرانبەر ئەوی دیکەدا" بە پێویست دەزانن.

ئەگەرچی توخمە پێکهێنەرەکانی "کوردیزم" وەك ئەتنیك، نەتەوەو چوارچێوەیەك لە قۆناخی "پێش مۆدێرنیتە"شدا بوونی هەبووەو بەشێك لە وشیاریی نەتەوەیی بوون، بەڵام "شارۆڤەندی "(citizenship) بە واتایی مودێڕن، کۆڵەکەی چالاكو بنەمایی بەشداریی سیاسییو جڤاکی لە "کوردیزم"دایە. شارۆڤەندی لە واتای نوێیەکەیدا، هاوواتای "نەتەوە"، ژێرخانی بەشداریی لە دەسەڵاتداو دەسەڵاتدارێتی نەتەوەیەكو پێوستی "نەتەوەخوازی"یە .

"کوردیزم" لە روی پێناسەگەلێك وەك یەکپارچەیی، هاوخوێنی، شارۆڤەندیو بەرپرسایەتی هاوبەشەوە، بۆ هەموو نەتەوە، ئەرکی یەکسان هەڵدەبژێرێو لەسەر بنەمای ئەم روانگەیەوەیە "هەم ئەمو هەم ئەو"یش، هەم لەسەر بنەمای "کۆدە رەواکان (کدهای مشروع legal codes)"و دامەزراوەکانەو هەم بە واتای "نەتەوە"و "ئەتنیك"و "قەڵەمڕەو" باوەڕی هەیەو پێبەندە پێی. ژێرخانی بەشداری لە چارەنووسی کۆمەڵێكو گەشەپێدانی "هەستی برایەتی "(brotherhood) نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگاو دانی ئیمتیازە یاساییەکانو بەرژەوەندییەکانی سەرچاوە گرتوو لەوەی کە بۆ ئەندامێکی سیاسی لە کۆمەڵدایە. ئەم بەرژەوەندیو ئێمتیازانە بریتین لە: ئازادی

مـــەدەنی، خـــاوەنی پشـــتگیری یاســـا، مـــافی بەشـــداری لـــە هەڵبژاردن‌و ...هتددایە.

***

"کـــوردیزم" لەگـــەڵ پێناســـەی " نێـــو گـــرووپ-in) "(group‌و "دەرەوەی گـــــرووپ"(out- group) دا سـنووری نێـوان "خـۆ" و "ئـەوی دیکـە" پێناسـە دەکـات‌و "ناسـنامە"ی کۆمەڵگایـەك لـە سـەربنەمای "خـۆ"و "ئـەوی دیکە" بنیات دەنێت.

بەڵام بۆ جیابوون پێویستە؟

"کـوردیزم"، پێونـدیی سروشـتی تاکـەکانی کۆمـەڵگا لەگـەڵ یەکـدی‌و لەگـەڵ فـەزایی دەرەکـی لـە خـۆ شـرۆڤە دەکـات‌و نیشان دەدات ئەم کۆمەڵگایانە، چۆن رۆڵ دەگێڕن .

بـوونی جیـایی هـەمووکات وەك هۆکـارێکی جیاکـەرەوەی یەکـدی سـەرهەڵدەداو وەك بوونـەوەرێکی ئۆرگانیـك، جیـا لـە پێکهاتەیـەکی یەکپارچـە، رەوتێکـی بـەردەوامی بـەرەو یـەکبوون کۆمەڵگایـەك پێکـدێنێ‌و کولتـووری کۆمـەڵگای جیهـانی رەچـاوکراوو ئۆرگـانیزەو "شوناسـی نەتـەوەیی" پێناسە دەکەن .

***

بـە پێـی تێرامـانی "کـوردیزم"، فاکتـەری بکـەر(فاعل)ی کۆمـەڵگای مـەدەنی، پێکهێنـانی کۆمەڵگایـەك کـە بـە هـۆی توانمەندییـە دەروونییـەکان، خەسـارهەڵگری کـەمتری لـە بەرانبـەر گۆڕانکارییەکانـدا هەیـە. هێـزی پشـتبەسـتوو بـە کۆمـەڵ لـە کۆمـەڵگای مەدەنیـدا، بـە واتـایی توانـایی هاوسـەنگی نێـوان کۆمـەڵگاو دەوڵەتـەو بـە واتـایی یەکەیـەکی

خودموختاره. کۆمەڵگا دەبێ خاوەنی وشیاری یان توانایی دەستڕاگەیشتن بەو بۆو خاوەنی هەستکردن بە رەوشی سیاسی کۆمەڵگاش بۆو ئەمە بە واتایی فێرکردنو پەروەردەی گشتییو توانایی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ لە دەوڵەتە.

کۆمەڵگای مەدەنی، "چۆنایەتی گرێدراو"و "پۆلینبەندییەکی نادەوڵەتی"ییەك لەسەر بنەمای دامەزراوەگەلێك بە رادەی پێویست بەهێزن تا هاوسەنگی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا پێکدێنێو لە دەسەڵاتی دەوڵەتیو وردبوونی کۆمەڵگادا پێشگیری بکەن .

***

یەکێك لە گرینگترین ئامانجەکانی "کوردیزم" سیاسی کردنی کولتووره. لە "کوردیزم"دا بەم پێناسەیە کە کولتوور، کەرەستەیەکی خاو شاکەللەی نەتەوەخوازییەو پێشبواری بیچمگرتنی نەتەوە ـ دەوڵەتەکانە. لەسەر ئەم باوەڕە کە کولتوور کاتێك ببێتە سیاسی دەتوانێ پێکهێنەری نەتەوەخوازی بێ. تیۆریی "دەوڵەت ـ پێکهاتە (دولت ـ ساخت)" لە "کوردیزم"دا، فاکتەرێك پێك دێنن کە پەرەپێدانی نەتەوە ـ دەوڵەت لە بیاڤە جڤاکی، سیاسیو کولتووری (بەتایبەت)و ناوەندخوازیی راگوێزەرەوە شرۆڤە دەکات. (ئافراندنی رۆڵی دەوڵەت لە پەرەسەندنی خود لە تەواوی بیاڤەکانو لە "ناوچەیەکی نیشتمانی"دا، سەقامگیری جوغرافیایی سیاسیو پارێزگاری لە هاوتەریبی کولتووریدایە). "سیاسی کردنی کولتوور" بەو واتاییە کە ئەوەی لە رابردوودا بە شێوەی کولتوورێکی پالێوراو وەردەگیراوە، لە سەردەمی ئێستادا، لەگەڵ

سیاسەتو کۆمەڵدا لە پێوەندی دایەو خاوەنی هەرێم، ئابووریو کۆمەڵگایە. سیاسیکردنی کولتوور هەورەها بە واتایی گۆڕانی پێکەوە گریدراوی میتۆدو هەڵسوکەوتی جەماوەری نیشتەجێی کۆمەڵگایە. کولتوورێکی سیاسی، ناوەندی کۆبوونەوەی سیاسییەو هۆکارێکە کە تەواوی گرووپەکانی کۆمەڵ کە ئەندامی نەتەوەیەکن لە ژێر کارتێکەری دادنێو وەك یەکەیەکی هەمەکی (یك كل واحد) لە پەنای یەکدی کۆدەکاتەوە .

***

لە "کوردیزم"دا، هاوپێوەندیی دینامیك بووە، و لە قەوارەی هاوزاد لەگەڵ کولتوورو سیاسەت (کولتووری سیاسی) بەردەوام خاوەن پێناسە بەهێزە دەروونییەکان بۆ سەرهەڵدانە. "کوردیزم" ئاکامی کۆمەڵە دۆخێکی جڤاکیو سیاسییە کە لە ئاکامی تێپەڕین لە "کولتووری پەنگراو (ایستا)"و " کولتووری چالاكو بەردەوام (پویا)" (کولتووری سیاسی)دا پێك دێ. بە هۆی شوێندانەریی ئەم بیرۆکەیە لە کولتووردا، باندۆری نەتەنیا لە سەر "بڕیاردارێژەرانی سیاسی" یان "بژاردەکان (نخبەگان)"، بەڵکوو لەسەرهەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێو بە شێوەیەك هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگا پێکەوە نزیك دەکاتەوە. پێوەندی "شوناس"و "نەتەوەخوازی کورد" بەرەنجامی ئەم کارو کردەوانەیە.

***

"کوردیزم" پێویستییەکی کۆمەڵایەتی سەردەمی ئێستایە لەسەر بنەمای چەشنێك پێکهاتەیی جڤاکیو کولتوورییە. لەم روانگەوە، نەتەوە، ئەتنیك ، رەگەزی ـ کولتووری لەسەر

بنـــەمای هاوبەشـــییە مێژوویـــەکان، رەوشـــتی ژیـــان، ئارمـــانجی هاوبـــەش‌و شـــوێنی جوگرافیـــایی تایبـــەت لـــە چوارچێـــوەی "شـــــوناس"ی نیشـــــتەجێبووەکاندا رەنگدەداتـــــەوە. لـــــە "کـــوردیزم"دا هـــۆگری نەتـــەوەبوون بـــە واتـــایی گەیشـــتن بـــە "ئاوەزمەندییـــەك (عقلیتـــی)" کـــە بەســـەر تـــەواوی ئەندامـــەکانی کۆمـــەڵگا شـــوێندانەرو بـــۆ هـــەموویان گرینگـــی هەیـــە. "رەنێوهێنان(اکتســـاب)" یـــان "گشـــتگیری (acguistion) " شوناســـی نەتـــەوەیی‌و کـــردەوەی فۆرماســـیۆنی نەتـــەوەیی، پتـــر لـــــە هـــــەڵچوونێکی نائاوەزمەنـــــد، پرۆســـــەیە کـــــە تـــــەواو ئاوەزمەندانـــــە بـــــووەو لەســـــەر "پەیماننامەیـــــە(میپاق)"ێك رێنـــــوێنی دەکـــــات. "کـــــوردیزم" بەڵگانـــــدنێکی تـــــەواو ئاوەزمەندانـــە لـــە راســـتییەکانی نەتـــەوەی کـــوردەو نیشـــان دەدا ئـــــەوەی کـــــە لـــــە روانگـــــەی ئـــــاوەزێکی راســـــتەقینەی رەزایەتبەخشەوەیە، دەبێ لە جیهاندا سەقامگیر بێ .

"کـــوردیزم" بـــە هێنانـــە ئـــارای ئـــەم پرســـیارە کـــە "مـــافی نەتـــەوەیی کـــورد چیـــەو شـــایانی چ شـــتێکە؟ بـــە بناخـــە داڕێـــژەری لـــە بنچینـــە شـــیاوەکانی هاوپـــەیمانی‌و رێکخســـتنی سیســـتمێکی زمـــــانی هاوبـــــەش، ویســـــتەکان‌و روانگـــــەو بەرژەوەندییـــــە نەتەوەیی‌یـــەکان لـــە شـــاڕێگەی زمـــان‌و واتـــا هاوبەشـــەکان لـــە هـــەر چوارقۆنـــاخی رێکخســـتن(organization )، رێبـــەریی ((leadership، ئێســـــتراتیژی (شـــــێوازی بـــــزاوت)، تاکتیـــــك (شـێوەی پراکتیـك) ئاراسـتەو بـە کـردەوەی میتـۆدە هزرییـەکان بنیـــات دەنـــێ، بێجگـــە لـــە پێکهێنـــانی هاوتـــایی هـــزر لەگـــەڵ پـــرس‌و هـــاوڕێژەیی بووەکـــان‌و لەگـــەڵ ویســـتەکان‌دا، هـــەوڵی نەتـــــەوەی کـــــورد بـــــۆ بەدەســـــتهێنانی مافـــــەکانی خـــــۆی رێکخســـتووەو بـــواری بـــۆ یەکسانیســـازی رۆحـــی، هـــزری، بیروبـــــاوەڕی دابـــــین دەکـــــات. "کـــــوردیزم" بـــــە داهێنـــــانی

هزرێكو خوڵقاندنی میتۆدۆلۆژی بیركردنەوەیەك، سەرمایەی زانستی، هزریو كولتووری، تەواوی هێزی خۆی بۆ دەربازبوون لە گێژاوی قەیرانی "ئەوی دیكەدا بوون" بەكارهێناوەو لە ئاكامدا، راستییەكی سیاسی، جڤاكیو كولتووری شوناسێكی سەربەخۆی بە نێو "نەتەوەی كورد" دەسەلمێنێ. ئامانجی "كوردیزم" ئێستاندارد كردنی ئەندیشەو هزرەكانو هەستو ئاكارەكانی "نەتەوەی كورد"و تەكوزی، ئەولەویەتبەندیو چڕبەست بوون لەسەر بوونی توانمەندییەكانی "نەتەوەی كورد" بۆ پێكهێنانو سەقامگیری چوارچێوەیەكی تایبەت بەناو "كوردستان"ە .

***

"كوردیزم" بە پێناسەی مافی ئازادییو بەرانبەری لە مافەكانی نەتەوەی كورد، مافی هەڵبژرادنی تیۆرییو پراكتیكی مرۆڤ لە تەواوی بوارەكانەوەو رێكارەكان بەشێوەی پراكتیك بۆ بەرگری لەبەرامبەر ئەوەی كە دەبێتە هۆی پێشێلكردنی مافەكانیانو ئاڵۆزی لە هێمنیو ئاكارەكاندا بە فەرمی دەناسێو ئازادی بیركردنەوە، ئازادی دەربڕین، ئازادی مەزهەبو ئازادی هەڵبژاردن لە تەواوی بیاڤەكاندا بۆ نەتەوەی كوردو جۆری مرۆڤەكان بە رەوا دەزانێ .

"كوردیزم"، لەگەڵ بەفەرمی ناسینی مافە سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتیو كولتووری‌یەكان بۆ تەواوی مرۆڤەكان وەك "مافی گەشەپێدان"، ئەم مافانە وەك "مافی گەشەسەندن"ی نەتەوەی كورد دەزانێو لەم روانگەوە كە "مافی گەشەسەندن"، ئامانج، پێكهێنانی رەوشێك كە

مرۆڤەکان بتوانن توانمەندییە هێزەکییەکانی خۆیان چالاك بکەن‌و بگەیەننە ئاستی بەرزو پێوەرێك کە لە پێناو هەڵسەنگاندنی رێزلێنان لە جۆری مرۆڤ و بە تایبەت، نەتەوەی کوردیش دەزانێ .

***

"کوردیزم" بە رەتکردنەوەی بایەخ‌و ئاکارو هزرەکانی "ئەوی دیکە" دژ بە "خۆ" لەسەر بنەمای دابەشکردن، سنووردارکردن، پشتبەستن بە سەروەری‌و وەلاتانی بە هۆیی "بناژۆخوازی (بنیادگرایی)" کە ئاکامگەلێك وەك: پێکهێنانی دژایەتیکردن، داسەپاندنی رەنج، نادادپەروەری‌و رقی لەخۆگرتووەو بە بیانوگرتنی تایبەتمەندیگەلێکی وەك رەوشی چینایەتی، بیروباوەڕی سیاسی‌و روانگە مەزهەبییەکان هەوڵ دەدا بە شێوەیەکی تاکڕەوانە(خودسرانە)، هەوڵی مەزنایەتی کردنی جیاوازییە گرووپی‌و تاکییەتی بووەو بە ئافراندنی ناهێمنیی نەژادی، مەزهەبی‌و هزرییەکان‌و بەستێنێکی پێویست لەهەمبەر "سڕێنەوەی نەتەوەیی کورد"، تەیار بکا. مافی ژیان، مافی ئازادی‌و مافی تەناهی بۆ نەتەوەی کورد بەرهەق‌و رەوا دەزانێ .

"کوردیزم"، تەواوی ئەو تیۆرییانەی کە لە سەربنەمای سەروەریی‌و هەڵاواردندا، هەم لە روانگەی کردەوەییەوە هەڵوەشاوەو هەم لە روانگەی ئاکارییەوە مەحکوم دەکات. "کوردیزم" قوتابخانەی ئازادیی‌و بەرانبەری نەتەوەی کورد لە هەمبەر نەتەوەکانی دیکەی جیهاندایە.

"کوردیزم" بە قبوڵکردنی ئازادییە مەزهەبییەکان، مافی هەڵبژاردن‌و باوەڕهێنانی مرۆڤ بۆ هەر مەزهەبێك، مافی باوەڕهێنان، ئاشکراکردن‌و دەربڕینی بیروباوەڕە

ئایینییەکان، بەجێهێنانی بیروباوەڕ ئایینی، بەکارهێنانی مەزهەبی، فێرکردنی کاروبارە ئایینییەکان بە فەرمی دەناسێو لەو باوەڕەدایە کە ئازادیی ئایین، کاتێك سەقامگیر دەبێ کە ئایینو مەزهەبی مرۆڤ، هەرچی کە بێ نابێتە هۆی ئەستاندنەوەی مافە تاكو کۆمەڵایەتییەکانی .

"کوردیزم" بە چربەستنەوەی لە سەر توانمەندیی باندۆری سەرچاوەگەلێك وەك چوارچێوەی مێژوویی، ئوستورە هاوبەشەکان، یادوەرییە هاوبەشەکان، کولتووری گشتیی، ئابووری هاوبەشو یاسا گشتییە هاوبەشەکانو لەگەڵ پێکهێنانی بزاڤێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی دەرفەتێکی سیاسی بۆ رەنێوهێنانو بەردەوام کردنو لەگەڵ پێکهێنانی هاوسەنگیی نێوان تەواوی بیاڤەکان، بە فۆرماسیۆنی دەروەستی دەروونیی، بزاوتە سیاسی، کولتووریو کۆمەڵایەتییەکان لە پەنایی یاسا مەدەنییەکانو بەشدارییە ئازادەکاندا، بەرەو جەمسەربوونو پێکهێنانی شوناسێکی سەربەخۆ ئاراستە دەکات .

رەوتی ئاراستەکردنی بەرەو "شوناسێکی سەربەخۆ"، بریتییە لە سێ قۆناخی "پێکهێنانی شوناسێکی کەڵەکەکراو(شناخت هویت انباشته)"، "یەکگرتوویی گرووپی"، "دەروەستبوونی سیاسی"یە کە بە پەرەئەستاندنی بۆ سەر تەواوی توێژەکانی کۆمەڵ، بەستێنێکی پێویست بۆ بەشداریی بەکۆمەڵ لە رێگەی "شوناس ـ پێکهاتە" رێك دەخا. حیزبە سیاسییەکان، خوێندکاران، زانکۆکان، یەکیەتییەکان، ناوەندە مەزهەبییەکان، راگەیەنەکان، تەعاوەنییەکانو .... وەك پاڵپشتی هێڵی سەرەکی ئەم پرۆسەیە دەناسرێن .

بـەم شـێوەیە، رۆڵـی "کـوردیزم" پێکهێنـانی تـەناهی هـزری‌و دەروونـــی بـــۆ کردەکـــار لـــە بەرەوڕووبوونـــەوە لەگـــەڵ وێنـــە بەرهەســـتە(عینی) ئەرێنییـــەکانی "ئـــەوی دی ـ پێکهێنـــەر"و ســـەرنجی تـــەواوی پـــەروەردەکردنی "خـــود ـ پێکهێنـــەر"دا دەبـێ بـە رەنێوهێنـانی هێڵێکـی دەرهەسـتی (ژهنـی) راسـتەقینە نێـــوان "ئـــەوی دی"، بوارەکـــانی بزاوتـــی کۆمەڵایـــەتی‌و سیاســـی‌و لـــە درێـــژەدا، هەســـتان لـــەلای بکـــەری کـــوردەوە، دابین دەکات .

***

"کـوردیزم" چییەتێکـە، کـە بـە کردەکـاری "خـۆ"ی پێناسـە دەکـــرێ. لـــەم روویـــەوە بـــە شـــێوەی رەوتێکـــی رووکـــەش‌و دینامیـك، بیـری بەکۆمـەڵی خـەڵك بـۆ گەیشـتن بـە ئامـانجی هاوبـــەش لەگـــەڵ بەرپرســـایەتی هاوبەشـــی بەکۆمـــەڵ لـــە کـــــردەوەی بەرانبەرانـــــە لەگـــــەڵ بژاردەکـــــان، نـــــەیارو دەســـەڵاتەکان بەرهـــەم دێنـــێ‌و لـــە درێـــژەی پرۆســـەیەکدا، رەنێوهێنانـەوە (بازتولیـد)و پێگەیشـتوو دەکـات. ئـەم فاکتـەرە لـە گەشەسـەندن‌و توانـایی پێویسـت بـۆ شـرۆڤەی گەشەسـەندنی بزاوتـــی سیاســـی‌و کۆمەڵایـــەتی بـــۆ روبەڕوبوونـــەوەو پێکهێنـــانی دیـــالۆگ لەگـــەڵ "ئـــەوی دی"دا ئامـــادە دەکـــات. بڵاوبوونـــەوەی خێـــرای بزاوتـــی تـــوێژە جۆربـــەجۆرەکانی کۆمـــەڵگا بـــە هـــۆیی چییـــەتی ناچەقبەستوویی(نـاایســـتا)و "خۆکردەکـار (خودکنشـگر)" چـالاکی بـەردەوام‌و خێـرا لـە شـێوەی بزاوتـەکان بـۆ نۆژەنبوونـەوەی بـەردەوامی کـردەوەی بەکۆمـەڵ، سـەرهەڵدانی بـەردەوامی ئاوێتـەبوونی بەشـداریی رێکخراوەیـی‌و نـارێکخراوەیی‌و توانـایی کۆکردنـەوەی خـەڵك

لــه بەرانبــەر "ئــەوی دی"دا، لــه تايبەتمەندييــه بنــەڕەتیيــەكانی تيۆری "كوردیزم"ە.

***

لـه روانگـه "كوردیزمـەوه" ئـەوەی كـه لـه مێـژوودا بـه نـاوی "ناسـيوناليزم" سـەری هەڵـداوەو ئاكامگـەلێكی كارەسـاتباری خوڵقانـدوه، نـه ناسـيوناليزم، بـەڵكوو چـائۆڤينيزم (Chauvinism)يـان "نيشـتمانپەروەری دەمارگرژانه"يـه؟ گرينگتـرين تايبەتمەندييـەكانی چـائۆڤينيزم، "دوژمنكـاری"، پێناسـەی "گرووپـه باڵادەسـتەكان"و "گرووپـه بندەسـتەكان" و پێكهێنـانی خـاڵی نيشـانەی كۆمـەڵگا سياسـی بـووه. ئـەم هۆكـاره وەك ناوەنـدێكی راگواسـتنەوەو بـه پێكهێنـانی وشـياری درۆيـين بـه تايبـەت لـه كـاتی نـەبوونی كۆمـەڵگای مەدەنيـدا، زۆرتـرين كاريگـەری لــه پێنــاو بەدەســتهێنانی مەبەســت بەســەر كۆمــەڵگادا بســەپێنێ. بندەسـتكردنی كۆمــەڵگای مــەدەنی لــه وڵاتانـداو "دەسـەڵاتی خـۆ" لـه رێژيمـه جۆربـەجۆرەكانو بـه هـەركام لـەم وڵاتانـەدا، هەمـديس پێكـدادانی جيـا لـه تێڕوانينـی رابـردوو و هـەڵبژاردنی دياردەيـەك بـەناو "نيشـتمانپەروەری دەمارگرژانـــه" نـــەبووه. ئـــەم هۆكـــاره، دەبێتـــه هـــۆی سـەرهەڵدانی كارەسـاتگەلی مەترسـيدار بـەناو ناسـيۆناليزمی دەمارگرژانه بووه .

"گەڕانــەوه بـۆ ئـەوەی بـەرگری لێـوه كـراوه"، گرينگتـرين هۆكاری هەڵچوونی "چائۆڤينيزم" بووه.

لــه نيشــتمانپەروەری دەمارگرژانـــەدا، "ئـــەوی دی" بـەردەوام وەك نـەيار ناسـێنراوه. ئـەم مەسـەلەيه دەبێتـه هـۆی ئـەوه كـه ئەندامـەكانی گـرووپ، تـەواوی نيشـانەكانی مـەدەنی،

سیاسی، ئابووریو زۆربەی مافەكانی مرۆڤی "ئەوی دی" نكولی لێبكا .

روانگەی "چائۆڤینیزم" لە راستیدا نمونەیەكی ئەوڕۆیی "رۆمی شارستانییەت"و "رۆمی بەربەڕییەت" لە روانگەی شارۆڤەندانەوە "رۆم" لە سەردەمی ئێمپراتورییەتدایە .

بژاردەكان لە نەتەوەخوازیدا وەك ئامرازێكی بزاوتی جڤاكی ـ سیاسی كەڵك وەردەگرن. بەڵام ئەمە تەنیا شێوەی ویستێكی كەمخوازانەی سنووردارە. ئەتنیك باوەڕی رەنگە شمشێرێكی دوودەم بێ كە هەم وەك ئامرازی لەبار لە لایەن بژاردەكانەوە كەڵكی لێوەردەگیرێو هەم وەك ئامرازێك بۆ خزمەت بە "دوژمن كوژی" چائۆڤینیزم دادەنرێ. لە راستیدا، بژاردەگەلێك كە لە نەتەوەخوازی وەك ئامرازێك كەڵك وەردەگرن، ناخودئاگا لە نێو نیشتمانپەروەری دەمارگرژانە بەكار دەهێنن .

چائۆڤینیزم زۆرجار "بەشێك لە ئیستراتیژی گەڵالەكراو بۆ بزاوتی بەشێك لە گرووپەكان بووە كە لە لایەن توێژی بژاردەوە فرمولە دەكرێو ئامانجەكەی، پێكهێنانی رەوشێكی دەستكرد (بۆ نمونە ئاگایی بەخشینی درۆیین) بۆ گەیشتن بە مەبەستەو زۆرجار سەرەڕۆییەكانیانە. لە روانگە "كوردیزمەوە، ئەم مژارە ئەگەرچی لە زۆربەی قۆناخەكانی سەدەی بیستەمدا بە ناوی "ناسیونالیزم" سەری هەڵدا، بەڵام نیواخنی راستەقینەی ناسیونالیزم نیەو تەنیا بەشێك لە تیۆری ئەتنیكباوەڕی لە شێوەی لادان لەودایە .

تایبەتمەندییە ئەتنیكی ـ نەتەوەییەكانی چائۆڤینیزم لە سەرەتاوە لە سەر "سەروەری نەتەوەیی"داچڕبەست دەبێت :

- "هەرمان بوونی نەتەوەکان لە بەرانبەر پیلانگێڕی دوژمنان"و "بەریانی بەردەوام بۆ پەرستنی مێژینەی نەتەوەیی"یە .

نەخۆشی گومانکاری(Paranoia )، بەڕێوەبەریی سیاسەتە حکومەتییەکان بەرەو رادیکالیزم، ورەی "ئەوی دی کوژی" لە "خۆی"دا پێك دێنێو بەرهەمهێنانی مێژینەخوزاییەکەی پیرۆز، تووی "ئەوی دی کوژی" لە دڵی "خۆی"دا دەچێنێو دەبێتە هۆی ژینۆسایدکردنی خەڵك لە لایەن رادیکالیزمەوە. ("رقە مێژینەییەکانی ئەتنیکی(قەومی)" لە چوارچێوەی نیشتمانپەروەری دەمارگرژانە (چائۆڤینیزم) سەرهەڵدەداو دەبێتە رادیکالیزمی سیاسی.

چائۆڤینیزم لە تەیارکردنی بەربلاوی وێناسازی نائاوەزمەندانە (ناعقلانی) لە خەریتەی خەیاڵی خۆیدایە. لەم رووییەوە ناتوانین چائۆڤینیزم وەك "ناسیونالیزم" رەچاو بکرێ. "چائۆڤینیزم"، دژکردەوە بە قەیرانی سەرچاوەگرتوو لە ئەزموونەکانی قۆناخی بەستراوەیی، بەهۆی ئامرازێك بە ناو "ئەتنیکە."

"شوناسپەرستی" شەرابێکی سوتێنەرە کە دەگاتە چائۆڤینیزم، لەگەڵ ئەوەی کە بە ناوی نەتەوەخوازی دەناسرێو روی لە پێڕاگەیشتن بە سەقامگیریو هەنگاو هەڵهێنان لە رێگەی "شوناس خوازی"یدایە. ناتەبایيان لە ئاسمان تا زەوییە. (رەنگە بتوانێ بانگەشە بکرێ نەتەوەی کورد پتر لە نەتەوەکانی دی لە مێژوودا، قوربانی چائۆڤینیزمو نیشتمانپەروەری سەروەرییخوازی گرووپی باڵادەست بووە).

***

مـرۆڤ لــه كـوردیزم دا، تــاكێكی هــەمان نەتــەوەو نیشـتمانە. نەتەوەیـەك كـە یاسـای ئاكارییـەو تاكـەكانو نـەوەكانی لـە نێـو نــەریتو رەســاڵەتەكەیدا پێكــەوە گــرێ دراون كــە لــە رادەی وارســــكەی ژیـــــان لـــــە چوارچێـــــوەی ســــــنووورداری چێژخوزاییەكـــدا دەبـــەزێنی تـــا ژیــانێكی بـــەرزتری بـــێ ســنوورەكانی شــوێن و زەمــەن لــە چوارچێــوەی كارەكــانیدا بـەڕێوە بـەرێ. ژیـانی سـەربەرزانە كـە لـەودا، تـاك بـەهۆی بــــەختكردنی بەرژەوەندییـــــە تاكەكەســــییەكانی خـــــۆیو قوربــانیكردنی خۆیــەوە ئــەم هەبوونـــە تــەواو كــراوە دابــین دەكـــاتو مســـۆگەری بـــەهای خـــۆی بـــە وێنـــەی مرۆڤێكـــە. مـــرۆڤ لـــە "كـــوردیزم"دا بـــەردەوام لـــە ســـێ بنچینـــەی ئارمــانجی وەك مــەرجی پێكهێنــانی ئازادییــە تاكەكەسـییەكانو پەیڕەوی دابینكردنیان، وەك مەبەست دەزانێ :

"شـــــارۆڤەندبوون" ، "كارامـــــەیی"، "خــــاوەن مـــــافی هـــەڵبژرادن"ە. (بـــەم دەربڕینـــە، پێكهێنـــانی نیشـــتمانێكی نەتـــەوەیی ســـەربەخۆ، گریمـــان تەنانـــەت بـــە چوارچێـــوەی دەوڵـــەتێكی ســـەربەخۆ بـــە واتاگـــەلی دوهێنـــدەتر، مـــەرجی پێكهێنــانی ئازادییــە تاكەكانــە. تــا كاتێــك هــەڵاواردنی نەتــەوەیی نێـوان نەتەوەیـەك كـە تـاك پێوەنـدە بـەو و گـرووپ باڵادەسـتەوە هەیـە، بـە شـێوەیەكی راسـتەوخۆ درێـژەی هەیـە، تـاك هەسـت بـە ئـازادی ناكـا، ئەگـەرچی لەسـەر بنـەمای یاسـاكانی باسكراو تــاك دەبــێ ئــەم هەســتەی هــەبێو تاكاتێــك دەوڵــەتێ كــە وەك شــارۆڤەندێكی ئــەو نــاژمێرێو لــە خۆیــان نــازانن، رێگــەی رۆچوونــە نێـو ئازادییــەكی ئــەرێنی بەشــداری سیاســی نــابن. ئەگـــەر ئـــازادی ـ بەشـــداری لـــە ســـەردەمی ئێمـــەدا، بەشـــێكی هــەراو لــە كــە ئازادییــە كــە ئێمــە وێنــای دەكــەین، ئــازادی

نەتـــەوەیی دەبـــێ یـــەکێ لـــە هۆکارەکـــان یـــان قۆنـــاخێکی حاشاهەڵنەگریدا پێك بێنن) .

## کوردیزم لە پراکتیکدا

لـــە روانگـــەی "کـــوردیزم"وە، دەوڵـــەت پێداویســـتییەك تایبـــەتی لـــە چوارچێـــوەی شـــارۆڤەندی هەیـــەو ئەگـــەر ئـــەم پێداویستییە بـە شـێوەی رەزامەندانـە بـەڕێوەدەچێ. پـیش‌بینـی درێژەخایـەنی پێکـەوەژیانی هێمنانـەی هـەبێ. لـە بەرانبـەردا، ئەگـەر دەوڵـەتی هـەبوو، لـەم رێگایـەوە کـردەوەی دروسـت نـــەبێو ئەندامـــەکانی گـــرووپ تایبـــەت بـــۆ پـــاوانکردنو سـەرکوت کـار بکـات یـان تێڕامـانی باڵادەسـتیو بـن دەسـتی لـە هاوکێشـــە سیاســـی، کۆمەڵایـــەتی، ئـــابووریو کولتوورییـــەکان زاڵ بکـــاتو ئـــەو گرووپـــە دەتـــوانێ لـــە مافـــەکانی خـــۆی، دەوڵـــەتی تایبـــەتی پشـــتیوانیو بەرپرســـەکانیان لـــە هـــەر رێگەیەکـەوە دەرەتـانی هـەبێ، هەسـتێتەوە، بـەڵام مژارێـك کـە لـە کوردیزمـدا شـایانی گرینگـی پێدانـە، ئـاڵۆزی لـە تێگەیشـتنی "نەتـــەوە"و "دەوڵەت"دایـــە. لـــە تێڕوانینـــی نەتـــەوەخوازی کـوردەوە، بـە کۆمەڵـە تاکێـك، بـە ئامانجێـك لـە روانگـەی سیاســی خودموختارانــە هێمــا دەکــاتو دەوڵــەت کۆمــەڵێك لــە دامــەزراوە سیاسـییەکانە کـە لـە چوارچێوەیـەك بـەناو وڵاتێـك خوازیـــاری پـــاوانکردنی ســـەرکەوتنی زۆرەملێیانـــەی رەوایـــە. ئـــەم ئاڵۆزییـــە لەمـــەڕ نەتـــەوەی کـــورد زۆربـــەیان لـــە چـــوار وڵاتـــدا پـــەردەوازەن، زۆرجـــار ئاکـــامێکی نەشـــیاوی هێناوەتـــە ئـــاراوە کـــە لـــە راســـتیدا، دەوڵـــەت لـــە ئاکامـــدا، نەتـــەوە لـــە روانگەی سیاسییەوە یەکگرتووەوە دەکات .

بــــەم پێشـــەکییەوە دەتـــوانین بچینـــە نێـــو گوتار(گفتمـــان)ی کـــوردیزم لـــە پراکتیکـــدا. لـــە تێڕوانینـــی نەتـــەوەخوازی کـوردەوە، بزاڤـی بـەرگری نەتـەوەیی، بزاڤێکـی مێژووییـە کـە لــە 1639 تــا بــە ئەوڕۆکــە لەگــەڵ هەڵکشــانو داکشــانێکی بـــەرینو بەرخۆدانـــە کاتییـــەکانی جۆراوجـــۆری خـــۆی نوانـدوەو بـە سـەرنجدان بـە بـارودۆخو رەوشـی دیـاریکراوی هـــەر قۆناخێـــك، لەگـــەڵ ئامانجـــەکان، ئیدئۆلۆژییـــەکانو بەرخۆدانــە کاتییــە جۆربەجۆرەکانیــدا ئاوێتــەو رەنــگو بۆیــان بـــەخۆوەگرتووەو ویســـتە مێژووییـــەکانی خـــۆی لەبـــەریانی کـردووە. لـە روانگـەی ئێمـەوە، بزاڤـی بەرگریانـەی نەتـەوەیی کــورد تــا بــە ئەوڕۆکــە هــەوڵێکی بــەرینو شــیاوی ســتایش کـردن، بـەڵام شـێواو، بـۆ گەیشـتن بـە مـافی ئـازادی نەتـەوەیی کــورد بــووە. ئــەم بزاڤــە ئەگــەرچی بــەردەوامو ئامانجمەنــد بــووە، بــەڵام چڕنەبەســتو(نامتمرکز)و پــڕشوبڵاو بــووە. ئــەم بزاڤــە تــا ئێســتا خــاوەنی پێکهاتەیــەکی یــەکانگیرەو نــە خــاوەنی رێبــەرێکی سەرانســەریو رێکخراوێکــی دیــاریکراو بــووە کــە بتـــــوانێ لەهەمبـــــەر هاوکێشـــــە سیاســـــییەکاندا، رێکـــــارە ئێســـتراتیژییەکان دابنــــێ. ئــــەو کۆمــــەڵێك لــــە چالاکییــــە پڕشوبڵاوەکـــــانی گـــــرووپو حیزبەکانـــــدا، پـــــەردەوازەو نایــەکانگیر بــووەو تــا ئێســتا نەیتوانیــەوە لــە چوارچێــوەی میکــانیزمێکی دیــاریکراودا، بەرنامەیــەکی دیــاریکراو و تاقــە ئامانجێـــكو چوارچێوەیـــەکی سیاســـی ســـەربەخۆ بـــە نێـــو "کوردستان" مسۆگەر بکا.

لــە روانگــەی "کــوردیزم"وە، ئــەو مەرجــە گرینگانــەی کــە نەتـەوەی کـورد بـۆ پێکهێنـانی شوناسـێکی نەتـەوەیی سـەربەخۆ ئاراسـتە دەکـات لـە شـوێنێکی پێویسـتو وەك بنـەڕەتیتـرین مـــەرج، مـــافی دیـــاریکرنی چارەنووســـی کـــوردو لـــە رووی

زەوتكرنـــەوە، داگیركردنـــی كوردســـتان لـــە لایـــەن گرووپـــی باڵادەســـتەوە، پیشـــێلكردنی تونـــدی مافـــەكانو تـــەناهیی شـــارۆڤەندان، لاوازی گرووپـــــی باڵادەســـــت لـــــە دەســـەتەبەركردنی بەرژەوەندییـــە سیاســـیو ئابوورییـــە رەواكانـدا، گەڕانـەوە لـە دانووسـتانە پاڵاوتـەو دەروونـی بـۆ بەفەرمی ناسینی مافەكانو بەرژەوەندییە سیاسییەكانە .

"كـــوردیزم" لـــەو باوەڕەدایـــە كـــە بزاڤـــەكانو كـــارو كردەوەكـانی لـە هـەناوی كۆمـەڵگاو لـە پێوەندییـە ئاڵۆزەكـانو دادپەروەرییـــەكانی هـــەراوی كۆمـــەڵگاوە بـــیچم دەگـــرێ، بەسـتێنێكە بـۆ هـەل رەخسـێنیو بـوار رەخسـێنی هـارمۆنیكی بزاڤـە سـێنفییەكان (خوێنـدكاران، مامۆسـتایان، كرێكـاران، ژنـان تـەیار دەكـات تـا بتـوانن جگـە لـە یارمـەتی یەكدی، لـە رێگـای گەیشـتن بـە ئامـانج بجـوولێن. كـوردیزم لەگـەڵ ئـەم بیروبـــاوەڕەدا حیزبـــەكان، بزاڤـــی خوێنـــدكاری، ناڕەزایـــەتی كرێكـاری، ویسـتە رێكخراوەیـیـەكان، بزاڤـی مامۆسـتایانو هـــەموو ئـــەو توێژانـــەی كۆمـــەڵگا لـــە رێگـــەی گەیشـــتن بـــە شوناسێكی سەربەخۆدا، سامان دەدا .

لەسـەر ئـەم بنەمایـەوە، دوای بەرسـڤدانەوەی پرسـیارگەلی وەك رێكخسـتنی(اراێش) هێـزە هـزری ـ سیاسـیـیـەكان چۆنـە؟ كـــێش، هەڵكـــەوتنو شـــوێنمان چیـــە؟ پێداویســـتیو ئاسـتەنگەكانمان كامەیـە؟ لـەدوای چـین؟ رێـژەی دووری و نزیكیمـان لەگـەڵ هێزەكـانو دەسـەڵاتی سـەقامگرتو چیـە؟ لـە چ قۆناخێكـدا دەژیـن؟ قۆنـاخێ لـە پیشـماندایە كامەیـە؟ لـەدوی راڤـەی چ شـتێكین؟ و بـە كـام میتـۆد؟ ئێسـتراتێژی خـۆ لـە گۆڕەپانی كردەوەدا بە شێوەی خوارەوە دەناسێنێ:

1- گێڕانی رۆڵێك لە چوارچێوەی شوناسی بەرگریدا
2- گێڕانی رۆڵێك لە چوارچێوەی شوناسی دەسەڵاتدا

3- ئـــاپۆرا (تجميـــع)و ڕێکخســـتنی هێـــزە جڤـــاکی - سیاسییەکان لە دەوری خاڵی ناوەندی شوناسی نەتەوایەتیدا
4- پێکهێنـــانو بـــەردەوام بـــوونی لـــە گوتار(گفتمان)ەکـــانی دەرروونی گرووپیدا
5- بیرکردنـــەوە میکروپۆلیتیـــك لـــە کـــاتی هـــزری ماکرۆپۆلتیکدا
6- بزاڤ لە تەنیشت ڕێکخراو دا
7- هـــەوڵ بـــۆ پێکهێنـــانی زەنجیـــرەو لـــە دریـــژەدا تـــۆڕێکی هاوبایەخ
8- دامـــەزراوە، پـــرۆژەو بەرنامـــە لـــە چوارچێـــوەی ڕێکخستنی جەمسەرێکدا
9- ناوەندی کردنی "پێکەوەبوون"و "تێکچڕژاویبوون."
10- پەرەپێـــدانی پێوەندییـــە ئاســـۆییەکانو هـــەوڵ بـــۆ بەرزکردنـــەوەی ئەســـتوونی لـــە چوارچێـــوەی دامـــەزراوەو ڕێکخراودا
11- پێوەردانانی شوناسی خاوەن ناسنامەی نەتەوایەتی
12- چالاکیی دامەزراوەیی
13- بەهێزکردنی دەسەڵاتی "خود "
14- پێناســـەی شوناســـی نەتەوایـــەتیی کـــورد لـــە ڕێـــڕەوی بەرژەوەندیی جیهانیدا
15- ڕەنێوهـــانینی نـــوێ، گوێبیســـتی نـــوێ، شـــێوازە نوێیەکان، ڕێکخستنی نوێو ڕێبەری نوێ .
16- نۆژەنکردنـــەوەی ئامانجـــە دەرهەســـتەکان، هـــەوڵ بـــۆ پێکهێنـــانی بەرهەســـتێکی سیاســـی، کۆمەڵایـــەتی نـــوێ لـــە ڕێگەی خەملاندنی بەرهەستو دەرهەستانەوە .
"کـــوردیزم" لـــەو باوەڕەدایـــە کـــە نەتـــەوەی کـــورد هەنووکـــە بـــە خودئاگایـــەکی کاریگـــەر، واتـــە بـــوونی وێنەیـــەکی خـــاوەن

یـــەکگرتوویی دەروونـــــیو تــــەکوزی لـــۆژیکی دەســـــتی راگەیشــتوەو بـۆ دابینکردنــی مافــە نەتەوایەتییــەکانو شوناســی کولتــووری خـۆی، لــە بەربــەرەکانێ لەگــەڵ پێکهاتــەکانو هێـزە سیاســییەکاندا دەرکــەوتووە کــە ئــەم مافانــەیان لــەو درێژخایــەن کردووەو یان بەربەستێك لە پێناو دابینکردنیان بوون.

***

"کـــــوردیزم" بـــۆ پێکهێنـــــانی "وشـــیاری هاوبــــەش"و "شــعورێکی گشــتی" لەمـــەڕ تێگەیشـــتنو واتــایی، سیســـتمی زانســتی (جیهــانبینی)و سیســتمی بایەخدان(ئیــدئۆلۆژی) خــۆی لـــە بیــاڤی ئامــانجدا، "شوناســی ســەربەخۆیی نەتــەوەیی"، لـــە بیــاڤی هــزردا، "نەتــەوەخوازی کــوردی"و لــە بیــاڤی کــردەدا، "پێکهێنــانی توانــاییو توانــایی بـۆ پێناســەی کوردســتانو کــورد لـــە بـــوارە جیهانییەکانـــدا" دادەنـــێو بـــە دوور لـــە هەرچەشـــنە گرتنــــی زمـــان، "شوناســـــی ســــەربەخۆ" لەســـــەر بنـــــەمای یەکپارچـــەیی ناســـێنەری "ناســـینو ناســـێنراو"ی نەتـــەوەی کورد لە تەواوی بوارەکاندا، دەزانێ:

هەڤاڵانی من!

نیشـتمانی خۆتانتــان خـۆش بـوێ. وڵاتــی مــە، مــاڵی مەیــە کــە خــودا پێشکەشـــی کــردوینو تێــدا بنەماڵەیــەکی پــڕ حەشــیمەت جێگیـــر کــــردووە کـــــە ئێمـــــەی زۆر خـــۆش دەوێو ئێمـــــەش خۆشمان دەوێ.
بنەماڵەیــەك کــە ئێمــەی لەگەڵــدا، پتــر لــە هــەر بنەماڵەیــەکی دیکــە هەســتی هــاودەردی دەکــەینو خێراتــر هەســتی پێدەکــەین.

و ئەم بنەماڵە لەوێڕا کە لەسەر خاکێکی تایبەتەوە چربۆتەوەو خاوەن توخمگەلو بەشە ئاوێتە کراوەو لەباری چەشنێکی تایبەت لە چالاکییەکان. نیشتمانی مە شوێنی هەراوی مەیە .

ئێمە کاتێك لە سەربنەمای بنەواشە دەروستەکان بۆ نیشتمانی خۆمان هەوڵ دەیەن، بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەوڵمان داوە. وڵاتی مە خاڵی پشتبەستن و ئەهرۆمێکە کە دەبێ بۆ هەمووان بەکاری بهێنین. ئەگەر ئەم خاڵە پاڵپستۆکە لەدەست بدەین‌و لە بایەخی ئەودا دابنێین. نەتەنیا بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەڵکوو بۆ نیشتمانی خۆمانیش بێ کەڵك دەبین ... مرۆڤەکان بەرلەوەی بتوانن لەگەڵ نەتەوەکاندا پێکهێنەری مرۆڤایەتی یەکبوونی پەیدا بکەن دەبێ خۆیان نەتەوەیان هەبێ. هیچ هەڤبەندییەکی راستەقینە بەشێك لە نێوان نەتەوەو تاکەکان یەکسان بوونی نیە، تەنیا لە رێگەی شوناسی خۆمانەوەیە کە دەتوانین بوونی بەکۆمەڵی ناسراومان هەبێ...

ئاڵایەك کە خوداوەند پێتانی داوە رەهای نەکەن، لە هەر شوێنێك هەن‌و لە دەروونی هەر نەتەوەیەکن کە بارودۆخی ئێرەی تێدا هەڵکەوتووە، بەردەوام ئامادەی بەرخۆدان بۆ دابینکردنی ئازادی ئەو نەتەوە بن، بەڵام وەها خەبات بکەن کە ئەگەر خوێنێك رژاوە دەربڕی گەورەیی نەتەوەکەمان بێ‌و نە خۆتان بە تەنیایی. نەڵێن من، بڵێن ئێمە .

هەر کەس دەبێ لە نێو ئێوەدا هەوڵ بدا تا نیشتمان‌و نەتەوەکەی لە بوونی خۆی یەکانگیر بکا. هەر کەس لە نێوان ئێوەدا دەبێ خۆی زامن‌و بەرپرسیاری هاوچەشنەکانی خۆی بزانێ‌و هەروەها بەسەر کردەوەکانی

خـۆی زاڵ بـێ کـە دەبێتـە هـۆی نیشـتمانو نەتەوەکـەیو بـەو هۆیەوە خۆشیان بوێو ڕێزیان لێبگرن .
نەتـەوەی ئێـوە نیشـانەی مەئمورییەتێکـە بـە ئێـوە دراوەو تـا مەئمورییـەتی خـۆی لـە هەمبـەر مرۆڤایـەتیدا بـەڕێوە دەبـرێ. توانمەندییـەکانو هێـزی هـەموو ڕۆڵـەکانی کـورد دەبـێ بـە کاربـەری گێڕانـی مەئموریەتەکـەی بـێ. نیشـتمانی ڕاسـتەقینە، کۆمـەڵی مرۆڤـی ئـازادیخوازو یەکسـانە کـە بـە هـۆی یەکییـەتی برایانـە یـەکیان گرتـووە تـا گەیشـتن بـە ئامـانجێکی هاوبـەش چـالاکی بکـەن. ئێـوە ئـەرکی وەهاتـان هەیـە و نەتـەوەی خۆتـان لەوەها دۆخێکدا بپارێزن.
نەتــەوە کۆمــەڵێکی چەندایــەتی تاکــەکان نیــە بــەڵکوو هەڤبەنـدیو کۆمەڵەکانـە. لـەو ڕوویـەوە مـافی تـاكو یەکسـانی هـیچ وڵاتێـك ڕاسـتەقینە نیـە. کاتێـك تاقانـەییو یەکسـانی یـان مــافی هــەبوونی چینــەکان، ئیمتیازەکــانو نایەکســانییەکان پێشـێلکرا بـێ، وڵاتـی ڕاسـتەقینە بـوونی نیـە. کـاتێ چـالاکی بەشـێك لـە هێزەکـانو توانمەندییـەکانی تـاك ڕاوەسـتاو یـان نووسـتو و خـامۆش بـێ، کاتێـك بنچینەیـەکی هاوبـەش بـوونی نـەبێ کـە شـایانی ناسینو قبـوڵکردنی هـەموان بـێ، نەتـەوەو جــەماوەری ڕاســتەقینە بــوونی نــابێ، بــەڵکوو تــەنیا جەماوەرێك بـە هەڵکـەوت لـە نێـو مرۆڤـەکان بوونیـان هەیـە کـە بــارودۆخی (یــان زۆرەملــێ) یــان لــە دەوری یەکــدی کۆکردۆتەوەو بارودۆخێکیش ڕەنگە پەردەوازەیان بکا .
هـەر ئیمتیازێـك خوازیـاری دەسـەڵات، میـرات و یـان هـەر مــافێکی تایبــەتی دیکــە بەشــێك لــە مــافی هاوبەشــی نێــوان هــەموان بــێ، ڕق بڕیــارێکی هــەڵچووەو بەرپرســیارن کــە لەبەرانبەریدا بەرگری بکەنو بیڕووخێنن .

نیشـــتمانی ئێـــوه پەرســـتگەی ئێـــوه بـــێ. ئەگـــەر ناتانهـــەوێ نیشـــــتمانو نەتـــــەوەی خۆتـــــان بەکـــــەمتر بزانـــــرێ، هـــــیچ چوارچێوەیـــەکی دیو هـــیچ یاســـایەکی ئاکـــاری هـــەڵناگرێ ... بـــەناوی ئـــەڤینێ کـــە لـــە هەمبـــەر نیشـــتمانو نەتـــەوەی خـــۆی دەردەبـــڕێ دەبـــێ بـــە شـــێوەیەکی ماندوونەناســـانە لەگـــەڵ هەرچەشنە نایەکسانییەك بۆ بەربەرەکانێ هەڵتبستێنێتەوە.

یاســای ئێــوە دەبــێ لەگــەڵ ڕێکخســتنی ژیــان لەســەر بنــەمای کاربــەری هــەمان یاســایی بــاڵا پێوەنــدی هــەبێو بــەم مەبەســتە پێویســـتە کـــە هـــەموو ئێـــوە لـــە ڕێکخســـتنی ئـــەو یاســـاگەلەدا یارمەتیدەر بن .

یاســـاگەلێ کـــــە تـــــەنیا ئـــــامرازی بەشـــــێکی چوکـــــە لـــــە شـــارۆڤەندانداا ئامـــادە کـــرابن، هـــەرگیز نـــاتوان شـــتێك جیـــا لـــە زایەڵـــەی هزرەکـــان، ئـــاواتو ویســـتەکانی هـــەمان بـــەش بـــن ـ واتـــە زایەڵـــەی ویســـتەکانی یـــەك ســـێهەم یـــان یـــەك چـــوارەمی گرووپێك یان ناوچەیەك نە هەمووی وڵات .

یاســاکان دەبــێ دەربــڕی ویســتە هەمــەکیو گشــتییەکان بــن. یاســـاکان دەبـــێ هـــەروەك لێـــدانی دڵـــی نەتـــەوە بـــن، هـــەموو نەتـــەوە دەبـــێ ڕاســـتەوخۆ یـــان بـــە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ یاســـادانەری بکـــا بـــە دانـــی ئـــەم مەئمووریـــەت بـــە گرووپێکـــی کـــــــەم، بەرژەوەونـــــــدی گرووپێکـــــــی تایبـــــــەت جێگـــــــری بەرژەوەندیی هەراوی وڵات دەکات.

وڵات بــە تــەواوی بەشــێك لــە زەوی نیــە، وڵاتــی ڕاســتەڤینە هـــەمان هـــزرە کـــە ژیـــانی پـــێدەدا. وڵاتـــی هـــزری ئـــەڤینو هەســـتی هەڤبەنـــدیو کۆمەڵـــە کـــە هـــەموو ڕۆڵـــەکانی ئـــەو نیشـتمانە پێکـەوە یـەکگرتوو دەکـات تـا کاتێـك تەنانـەت یـەکێ لـە هـەڤاڵانی ئێـوە نـەتوانێ بـە بڕیـارێکی مـافی دەنگـی خـۆی لـە پێشـکەوتنی ژیـانی نەتـەوەییدا ڕۆڵیـان هـەبێ، تـا کاتێـك کـە

تەنانــەت لــە نێـو نــەزانیدا بژیـت، لــە حاڵێکـدا ئــەوانی دیکــە فێرکـــراون، تـــا کـــاتێ جەســـتەیەك بـــێ کـــە بـــەهۆی توانمەندییـــەکانو حـــەز بـــەکارکردن لـــە پێوەنـــدی کـــار لـــە هــەژاریو تەنگدەستیدا بەســەر دەبــا. لــەو کاتــەدا، ئێـوە وڵات بە واتای راستەقینەکەی واتە وڵاتی مە بۆ هەموو نابێ...

هــەرگیز حاشــا لــە بـوونی نەتــەوەکانی دیکــە نەکــەن، خۆتــان بەرپرســیار بــزانن کــە ژیــانی نەتــەوەی خــۆی لــە جــوانیو دەســـەڵاتدا بــەرەوپێش ببــەن، وڵاتــێ کــە هــەر چەشــنە تــرسو دڵەڕاوکێیـــەكو دردۆنگـــی ئـــازاد بـــێو بنـــەمای ئـــەم خەڵکـــە قـــورسو قـــایم بـــنو دەســـەڵاتەکەیان بریتییـــە لـــە دەســـەڵاتی یەکپارچەیی هەمووان بێ ...

"و مــادام ئامــادەن بـۆ نەتــەوەی خـۆت، گیـانی خـۆت بــەخت بکــەی، ژینـــی نیشـــتمانتان هـــەرمان دەبێ".(مـــازینی، 1872-1805)

"کـــوردیزم" بـــەرخۆدانێکی بێکۆتـــایی نەتەوەیەکـــە بـــۆ گەیشــتن بــە "جەوهــەری ئــازادی"، "ئــازادی ژیان"،"ئــازادی بیرکردنەوە"و"ئازاد مانەوە"یە .

"کـــوردیزم" چارەنووســـی مەیـــەو چارەنووســـمان دیـــاری دەکات.